# رەفیق سابیر

# سیمفۆنیای شیعری ئەم سەدەیە

زنجیرە باس و نووسینێك لە بارەی

هۆنراوەکانی

شاعیر رەفیق سابیر

رەخنەی چاودێر

١ -د.موحسین ئەحمەد عومەر، گەڕان بەدوای جیهانێکی تردا ژ. ٦٢

٢ -محەمەد کوردۆ، چەند سەرنجێکی گشتی لەبارەی لاوکی هەڵەبجە، ژ. ٦٣-٦٤

٣ -عەباس سەلیمی ئانگێل، چاوخشاندنێکی گشتی بە چەمکە سەرەکییەکانی شیعری رەفیق سابیردا، ژ. ٦٥

٤ -ئەحمەد رەزا، چڕکردنەوە و رەوانی لە دەقەکانی رەفیق سابیردا، بەشی ١-٣ ژمارە ٦٦- ٦٨

٥ -گوننار دانبۆڵت **Gunnar Danbolt** رەفیق سابیر لە روانینی پرۆفیسۆرێکی نەرویجیدا، ژمارە ٦٩-٧٠

٦ -عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، دەلالەتی بەکارهێنانی ئەفسانە و سومبولی رەمزی لە ئەدەبیاتی حەفتاکاندا (دەقی شیعری دەروێشی رەفیق سابیر بە نموونە،) ژ. ٧٣-٧١

٧ -بو گوستاڤسۆن) **Bo Gustavsson** سوێد) خەونی رۆشنبیری خەباتگێر بە ئازادییەوە، ژ. ٧٤

٨ -نەجات نووری، ژیان لە لای رەفیق سابیر، ژ. ٧٤

٩ -جەبار سابیر، چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر، چاخی رچینی وشە، ژ. ٧٥-٧٩

١٠ -حافز موسەوی، یاداشتێکی کورت لەسەر دوو شیعری رەفیق سابیر، ژ ١١٦ ، ١٨-٥-٢٠٠٨

١١ -ئەفشین شەهروودی، شیعری لاوکی هەڵەبجە لە ئێراندا ناسراوە، ژ.١٩٩، رۆژی ١-٢-٢٠١١






# رەفیق سابیر سیمفۆنیای شیعری ئەم سەدەیە

شاعیرێ هێمنتر لەخەون، ناسکتر لەپەنجەی کەمانچەی باران، ئارامتر لەهەناسەی پیانۆیی، لەپشکۆکانی نیشتماندا، بەهرەیەک لەلەرینەندی: زمان، وێنە، هەست، خەون‌و خولیای شیعری لەدایک دەبێت. ئەم سەرەتای بەشەپۆل بوونە شیعریە، لەملامنێی نێوان ئایدیۆلۆژیاو بەشیعری بوونی هەموو پەنجەرەیەکدا.. نەیدەویست.. خەمەکانی نەتەوەو نیشتمان، خەمەکانی هەمووو چەوساوەکانی دونیا.. خەمەکانی کورد، بەسوتماک بوونی کورد.. لەسایەی دۆگماتیزمی‌ئایدیۆلۆژیدا، بتوێنێتەوە.. لەم دووریانەوە، رەفیق وەک بەهرەیەکی گەورەو وەک بەئاگایەکی شیعری گەورەش. لەهەژمونی ئایدۆلۆژیا، لەجەنگەی تراژیدیای نەتەوەکەیدا، کەڵەکێوی ئاسا یاخیدبێ‌و بەسەر لوتکەی بەرەنگاری لەکوردو کوردستان، لەناو سوتماکی گەرمیان‌و قرچەقرچی هەڵبجەوە، بەرەو لوتکە، لوتکەی تەلاقدانی مێژووی درۆزنە هەڵدەشاخێ. بۆیە رەفیق، هەمیشە ئاوەزو ئامێزی بۆ زمان‌و بۆ خەیاڵە فراوانەکەی شیعر دەکردەوەو بەئایدیۆلۆژیاو درۆکانی مێژووی دەوت: "شوێنی ئێوە، حوکمی ئێوە.. لەپەنجەرەی ژەنگاویەوە دەروانێتە ژیان".

رەفیق سابیر.. لەشەقامە تاریکەکانی نیشتماندا.. ئەو ساتانەی هەتاویش لەهەناسەماندا، نامۆ بوو. ئەو ساتانەی، پەنجەکانمان لەگۆرانی وتن دەترسان.. ئەو دەیوت (بەتەنیا جێی مەهێڵن) هەر بەراستیش (بەتەنیا هەڵەبجەی جێنەهێشت)، شاعیر دەیزانی وێنەیەکی شیعری، دەتوانێت زهنیەتی خواوەندەکانیش بگۆرێت. بۆیە وەک عاشقێ، لەنێو شەوەزەنگی دێوانەیی خاک‌و نەتەوەدا.. هەر بەسپی.. سپی.. سپی دەینووسی.

ئەم دەنگە شیعریە، هێمنتر لەهێمنی باڵابوونی شیعریەتیدا.. سکێچی هەنگاوەکانی شەختەشی دەدوان.. زمانێ، چڕتر لەورتەورتی نێوان دارستان‌و هەتاو، ئامێزی.. زۆر شیعری تر، لەو گەڵایەی لەیەکەم چرۆکردنیدا، بە بەهار دەڵێت: "پڕبەم وەرزە خۆشم دەوێی" واڵاکرد.

رەفیق سابیر- لەرەنگی پیاسەکانی ئێوارەدا، وشە ئارموشیەکان بەرجەستە دەکات، لەهەموو وێنەیەکی شیعریشدا، هێند لیریکیانە گۆرانی دەچرێ، نیشتمان لەگریان‌و.. خەمەکانی مێژوو لەئاوارەبووندا، نامۆیی بەهەموو باڵندەیی خۆیدا.. گوێیان لەو سمفیۆنیایە دەگرت.. کەپێی دەڵێت: "سیمفۆنیایی گەورەبوونی بەهرەو شیعریەت‌و شاعیر بوون".

ئەم گەورەبوونی شیعرە، ئیمڕۆ لەدوو دووتوێی دوو کتێبی قەوارە گەورەدا، بەناوی "بەتەنیا جێی مەهێڵن" رازو گومان.. کۆیی ئەزموونی شیعری خۆی لەساڵانی حەفتاکانەوە تائیمرۆ دەخاتە بەردەم. شاعیران‌و شیعر دۆستان‌و رەخنەگرانی بواری شیعر. بۆیە "چاودێری رەخنە" بەگرنگی دەزانێت بۆ قسەکردن لەئەزمون‌و هەڵچوونی شیعریەتی "رەفیق سابیر"دا لەژمارەکانی داهاتوویدا.. بەچەندین خوێندنەوەو بەپێی میتۆدە رەخنەییە جیاوازەکان، قسە لەئەزموونی شاعیرێک بکرێت، کەبەقوڵی‌و مەنگی شیعری لەهەموان خۆشتر دەوێت، چاوەڕوانی خوێندنەوە جیاوازەکان‌و ئەو قەڵەمانەین، بتوانن جارێکی تر، لەگەورەبوونی شیعریەتی رەفیق بدوێن■

**رەخنەی چاودێر**

تەوەری ڕەفیق سابیر..

# چەند سەرنجێکی گشتیی لەبارەی لاوکی هەڵەبجەوە

محەمەد کوردۆ

بەشی دووەم و کۆتایی

خەیاڵ ئەو هێزە مەزنەیە، کە لەپرۆسەی نووسینی داهێنانکەرادا، دەتوانێت بەشێوەیەکی بەردەوام و بێکۆتایی ڕەهەندی نوێمان لەهەر واقیع و دۆزو مەسەلەیەکدا بۆ بدۆزێتەوەو لەکۆپیکردن و دووبارەکردنەوە بمانپارێزێت.

چونکە وەکو (ئیبن سینا) دەڵێت: ((کاری شیعر خەیاڵکردنە، نەک پێشکەشکردنی بیرورا))(١)

**ئیمە ئەم خەیاڵکردنە لەڕێگای چییەوە بۆ خوێنەر دەگوازینەوە؟**

بێگومان لەڕێگای زمانەوە دەیگوازینەوە.

بۆ گواستنەوەی ئەو ڕەهەندە نوێیانەی کەوتسان خەیاڵ دەتوانێت بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ کۆتا پێمان ببەخشێت، پێویستمان بەزمانێکیش دەبێت، کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێکۆتا لە سکۆزادا بێت.

ئەو زمانەی لەدۆخێکدا دەوەستێت، تەنها توانای گواستنەوەی خەیاڵێکی هەیە کە لەدۆخێکی هاوشێوەی خۆیدا وەستاوە.

لەپرۆسەی نووسینی شیعردا خەیاڵ و زمان ئەو دوو ڕەگەزەن کەشێوەی یەکدی وەرەگرن و مەڵکشان و داکشانیان پەیوەندی قووڵیی بەیەکەوە هەیە.

زمان چۆن دەکەوێتە بەردەمی تەقینەوەو سکۆزای هەمیشەیی و بێکۆتاییەوە؟!

بێگومان ئەوە میتافۆرە (مجاز) کە دەتوانێت هێزێکی جادوویی بەزمان ببەخشێت و بیتەقێنێتەوەو ڕەهەندی دیکەی پێببەخشێت.

((شیعریەتی میتافۆر لەوەدایە کەناچێتەوە سەر هیچ مارجەعیەتێک، لەخوڵقاندنیدایە، کەدەڵێت دەسپێکردنێکی هەمیشەیی و ڕابردووی نیە.

لەو ڕووەشەوە کەهێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی پرسیار، مرۆڤ تازە دەکاتەوە، وەکو چۆن بیرو زمان و پەیوەندی بەشتەکانەوە تازە دەکاتەوە.

بزووتنەوەیەکە هەبووی ئێستا ڕەتدەکاتەوەو بەدوای بوونێکی دیکەدا دەگەڕێت.

کەواتە هەموو میتافۆرێک تێپەڕاندنە، وەک چۆن زمان لەمیتافۆردا خۆی تێدەپەڕێنێت، ئەو واقیعەش کەدەربەبردرێت، دیسان لەڕێگای میتافۆرەوە خۆی تێدەپەڕێنێت.

بەم شێوەیە میتافۆر بەرەهەندی دیکەی شتەکانمان دەگەیەنێت، ڕەهەندی نەبینراویان))(٢).

کاتێک لەبارەی دەقێکەوە دەوترێت زمانێکی شیعریی یان شاعیرانەی هەیە، لەڕاستیدا مەبەست لەوەیە کەمیتافۆر تیایدا لەئاستێکی باڵادایە.

نەک وەک ئەوەی زۆرجار لای ئێمە بەهەڵە تێدەگەین و وا دەزانین زمانێکی شیعریی یان شاعیرانە، واتای زمانێکە کە کێش و سەروا دەوڵەمەندیان کردبێت.

بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە کێش و سەروا هیچ ڕۆڵێکیان لەخەملاندنی زمانی شیعرییدا نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە جەوهەریترین خاڵ لە زمانێکی شیعرییدا، مەسەلەی میتافۆرە نەک کێش و سەروا!

وتمان بۆ ئەوەی لەکۆپیکردن و دووبارەکردنەوە ڕزگار بین، پێویستمان بەخەیاڵێک هەیە بەردەوام ڕەهەندی نوێمان بداتێ.


د. ڕەفیق سابیر - شاعیر

بۆ گواستنەوەی ئەو خەیاڵەش، پێویستمان بەزمانێک هەیە لەسکۆزای بەردەوامدا بێت و توانای لەخۆگرتنی ئەو خەیاڵەی هەبێت.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەیاڵ و زمانەش لەزیهنی خوێنەردا، پێویستمان بەوێنەی شیعریی هەیە.

بێگومان وێنەیەکی شیعرییش کەخەیاڵێکی زیندووو زمانێکی زیندوو دەگوازێتەوە، دەبێت زیندوو بێت.

ئەو ڕەگەزە زیندووانە خۆ ناتوانن لەجەستەیەکی مردوودا بژین و گەشە بکەن.

گومانیش لەوەدا نییە کە (( شیعرێکی مەزن بەبێ وێنە بوونی نییە، وێنە بناغەی هەموو شیعرێکی مەزنە))(٣).

هیچ وێنەیەکیش بەبێ خەیاڵ و میتافۆر ناتوانێت تا ئاستێکی زۆر باڵا شاعیرانە بێت.

بەم جۆرە دەبینین ئەم سێ ڕەگەزە، لەشیعری زیندوودا بەجۆرێک دەڕژێنە نێو یەکو ئاوێزان دەبن، کەجیاکردنەوەیان تاڕادەیەکی زۆر ئەستەم دەبێت.

بۆ نموونە:

کاتێک شاعیر باسی درەختی خۆڵ دەکات، ئەوە خەیاڵێکی شاعیرانەیە کە ئەم درەختەی دروستکردووە.

ئەوەش کە ئەم درەختەی لەئامێزی خۆی گرتووە، ئەو زمانە شیعرییەیە کەوتسان میتافۆر دەیخاتە بەردەمی سکۆزای هەمیشەییەوە.

ئەوەشی ڕەنگو شێوە بەم درەختە دەبەخشێت و دۆخێکی بۆ دەرەخسێنێت، کەئێمە بتوانین لەمسی بکەین، وێنەی شیعرییە.

لقی باران و درەختی گڕو گێلکەی-زوقم و پشکۆ- و چیای گڕو چیای ڕەنگو جۆلانەی گیاندان و تونێلی زریان و زەردەخەنەی تەزیوو زۆر دەستەواژەی دیکەش کە لەدەقەکەدا هەن، هەمان شتن و هەرگیز مومکین نییە بەبێ هەبوونی خەیاڵێکی شاعیرانەی بەپیت و بەبێ زمانێکی پڕ لەمیتافۆرو بەبێ وێنەگەلێکی زیندووی شیعریی، بتوانرێت بەرجەستە بکرێن و خوێنەر لەمسیان بکات.

لێرەوە دەتوانین جارێکی دی جەخت لەوە بکەینەوە کەشیعری زیندوو باوەشکردنی ئەم ڕەگەزانەیە بەیەکدا، زیندوێتیی ئەم سێ ڕەگەزەیە پێکەوە.

بێگومان لاوکی هەڵەبجە نموونەیەکی گەورەی ئەم جۆرە شیعرەیە.

پێموایە وردبوونەوەیەکی هێمن لەم وێنانەی لای خوارەوە، باشتر ئەم ڕاستییەسان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

**تۆ وەرە کەسێک بهێنە پێش چاوی خۆت کە باوەش بۆ خۆشەویستێکی خۆی دەکرێتەوە، کەچی قۆڵەکانی لەدرەختی خۆڵ دەئاڵێن.**

**قۆڵەکانی وەک ئاڵە خوێن بەسەر بنارو ئاسۆدا شۆڕدەبنەوە!**

**کەسێک لەنێوانی سوتان و کوڵەکەمەدا، سرووێک خەریکی نووسینەوەیەتی !**

**خەڵکێک بهێنە پێش چاوی خۆت:**

**ڕووت و قووت، لەترسی فڕۆکە ژیانکوژەکان نازانن چی بکەن، هەوڵدەدەن خۆیان بەگژو گیاو زەردەکەلاو بەئاژاوە دابپۆشن، خۆیان بەئاسمان و بەدارستان و بەلەپی دەستی خۆیان، دادەپۆشن.**

**ئالایەک بهێنە پێش چاوی خۆت لەشەودا، کە بتوانی ئاوی بنێیت لقە باران!**

**بیر لەبێدەنگییەی بکەرەوە کە دەنگدانەوەی هەیە!**

**گژنگو درەختو ڕوباری بریندار بهێنە نێو خەیاڵی خۆتەوە!**

**ئەمەنێک ببینە کە لەنێو خۆڵدا داگیرساوە!**

وێنای خەڵکێک بکە کە خەریکی کێڵانی ئاوێرو ڕووبارن و بەتیازی چاندنی ئەمامی مەحاڵن.

شارێک لە شێوەی چنگێک خۆڵدا ببینە کەخوێن ئاوی دەدات!

بەدڵنیاییەوە جەوهەریترین خاڵ لە زمانێکی شیعرییدا، مەسەلەی میتافۆرە نەک کێش و سەروا

**سەرچاوەو پەراوێز:**

١-ادونیس، الصوفیە و السوریالیە، الكبعە الاولی (دار الساقی، بیروت: ١٩٩٢)ص ٩٣.

٢-هەمان سەرچاوە، لا١٤٤.

٣- عبدالعزیز بومسهولی، الشعر والتاویل: قراە فی شعر ادونیس (افریقیا شرق: ١٩٩٨) ص ١٢٧.■

هەواڵنامەی کتێب



تەوەری ڕەفیق سابیر

# چڕ کردنەوەو ڕوانین لەدەقەکانی ڕەفیق سابیردا

## دەقی "گۆرانییەک بۆ جوانیی" بە نموونە



د. ڕەفیق سابیر - شاعیری کورد

فۆتۆ: سۆران عەبدوڵڵا

ئەحمەد ڕەزا
بەشی یەکەم

هەوڵدان بۆ گەیشتن بەمانایەک بۆ ئەدەب، کارێکی بێسوودەو لەجێیەکدا ئەم مانایە بەرهەم دێ، کەهێشتا ئەدەب بەمانا بەرفراوانەکەی کامڵ نەبووبێ.. بۆرخیس وتەنیی" لەماوەی حەفتا ساڵی تەمەنمو لەئەدەبدا جگە لەگومانکردن، شتێکی ترم دەست نەکەوت". ئەم دیاردەیە بەڕادەیەک تەندروستە کەهەمیشە ڕووبەرەکانی داهێنانمان لا بەرفراوانتر ئەکاو ئەتوانین لەسەر هەر گۆشەیەک، یان مەودایەکی داهێنان بوەستینو بەردەوام خەیاڵو تەکنیکو ستایلی نوێ کەشف بکەین.

لەخوێندنەوەی دەقەکانی د. رفیق سابیری شاعیرەوە، جگە لەوەی بەڕوونیی ئەم گومانو نیگەرانییە ئۆنتۆلۆژییە ئەبینرێتەوە، ئەکرێ لەسەر زۆر لایەنی شیعرییش بوەستین وەک:" کۆڵەکە بنچینەییەکانی شیعرو خەیاڵو تێڕامانو تەکنیکو خوازراوو بیری فەنتازییو وێنای میسۆلۆژیو ئاوێتەو پێکهاتەکانو جوگرافیای دەقو سینۆگرافیاو نزیک بوونەوە لەدەقی کراوەو.. زۆر هونەری تر"، لەسەروو هەموو ئەمانەوە ئاماژە بۆ زمانی شیعریی ئەکەین کە زمانێکی ڕەوانو چڕو فرە دەلالەیە، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکی جۆراوجۆرەوە بونیادی زمانی شیعریی ئەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی تەکنیکی پەخشانەوەو لەپێشکەشکردندا پێکهاتەی پەخشانیی بەسەر دەقەکاندا زاڵ بووە، لەگرنگترینی ئەو فاکتەرانەش ئەمانەن:

١-ئینتیمای شاعیر بۆ نەوەیەکی دیاریکراو، کە لەو سەردەمەدا ڕووبەرێکی بەرفراوان دەرکەوتو تیایدا چەندین هەوڵی نوێگەریی دیار هەبوون لەشیعریی کوردیدا، ئەزموونی شیعریی ڕەفیق سابیریش لەوکاتەدا وەک دەنگێکی درەوشاوە تیشکی خرایە سەر.. ئەم تەکنیکەی ڕەفیق سابیر لەناو ئەو دەنگانەدا تاکرەو بوو، بۆیە لەکۆی دەنگەکاندا سەرجەمی دەنگە جیاوازەکان دەرکەوتن، کەتیایاندا ڕەفیق سابیر هەڵگری ئەم تەکنیکە تایبەتە بوو.

٢-لەبارەی بونیادی پێکهاتەیی دەقەوە، لەم ستایلە تایبەتەدا ئاوێتەبوونی جیاواز بەدی ئەکرێ لەنێوان بونیادی شیعرو بونیادی پەخشاندا، کەجیاوازە لەگەڵ سەرجەم تەکنیکی هاوچەرخەکانی خۆیدا.. هەر ئەمە وایکرد کەڕەفیق سابیر لەڕەوتی نوێگەریی ئەوکاتدا بناسێنێ بەم ستایلەی کە ئاراستەی جیاوازی هەیە.

٣-بەکارهێنانی زۆری سیمبۆڵو مەجازو خواستن کەچڕییەکی زۆری بەخشیوەتە دەقەکان.. ئەمە ڕێگەی هەڵبژێراوی ڕەفیق سابیرە لەگەیاندنی گوتاری خۆیدا، پێم وایە ئەم چڕییەی لەزماندا ئەگەڕێتەوە بۆ:

أ-دوور کەوتنەوە لەڕاستەخۆیی دەربڕین.

ب-تێپەڕاندنی گوتاری فیکریی لەسانسۆرە جیاوازەکان.

ت-بایەخدان بەهونەرسازیی لەشیعردا.. وەک هەوڵێک بۆ نزیک کردنەوە یاخود سوود وەرگرتن لەتەکنیکی شیعرو پەخشان.. کە بەخشینی ئەم چڕییەی وەک ڕووکەشێکی نوێ بۆ دەق بەکار هێناوە.

ئەم هۆ گرنگانە دەقەکانی ئەم شاعیرەیان هاویشتە ڕووبەرێکی ترەوە، واتە بوون بەهۆی ئەوەی دەنگی ڕەفیق سابیریش لەپۆلین کردندا لەڕیزەکانی پێشەوە بێ.

زۆر ئەزموونی تریش بەوجۆرە خۆیان لەڕاستەخۆیی دەربڕین پاراستووەو سوودیان لەتەکنیکی جیاواز وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی کە وا ئەکا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لەئەزموونی شیعریی لای ڕەفیق سابیر زیاتر ببینرێتەوەو بچەسپێ ئەم هۆیانەن:

أ-هاوسەنگیی باری سایکۆلۆژیی لەژیانی ڕۆژانەی شاعیردا، کە ڕەنگدانەوەی زۆر ئاشکرای هەیە لەسەر ژیان لەناو دەقەکانیدا. بەتایبەت لەسەر جموجوڵی پێکهاتەکان، کە هاوسەنگیی تەواوی پێوە دیارە.

ب-بارگاویی بوونی شاعیر بەئەدەبی جیهانیی.

ت-ئینتیمای فیکریی ڕەفیق سابیر بۆ فەلسەفەیەک کە بناغەکەی دیالێکتیکو حاڵیی بوونە.

پ-بەدیهێنانی مەرجەکانی فەلسەفەی زمان لەدەقەکاندا، بەتایبەت لەبارەی گرنگیدانەوە بەنمایش کردنو پەیوەندیی، کە لەگەڵ وەرگردا پەیوەندییەکە بە ئەندازەیەکە گەیاندن زۆر بە ئاسانیی بەدی هاتووە .. ئەو خاڵەی گرنگە بەلای منەوەو مەبەستی باسەکەمە، کە بەردەوام لەپێشنیاز کردنی وێنەکاندا چڕیو ڕەوانیی ئەسەپێنێ.

**زاڵبوونی پێکهاتەی پەخشانیی لەم ئەزموونەدا سەربەستو خۆڕسک نییە بەقەدەر ئەوەی کارێکی هونەرییە، ئەوەی وایلێکردم بیر لەوە بکەمەوە کە جۆرێک دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ هەیە لەشاعیر خۆیەوە**

زاڵبوونی پێکهاتەی پەخشانیی لەم ئەزموونەدا سەربەستو خۆڕسک نییە بەقەدەر ئەوەی کارێکی هونەرییە، ئەوەی وایلێکردم بیر لەوە بکەمەوە کە جۆرێک دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ هەیە لەشاعیر خۆیەوە، دەسەڵات شکانیەتی بەسەر جێگۆڕکێی هەر یەک لەبونیادەکانی شیعرو پەخشاندا.. ئەم خاڵانەی باسی ئەکەم دەلالەت لەو پێکداچوونە ئەکا لەنێوان شیعرو پەخشاندا، هەروەک جاروبار دابڕانێکیش لەنێوانیاندا بەدی ئەکەین، کە سەرنجمان بۆ ئەو دەست تێوەردانە ئاگاییە ڕائەکێشێ:

**٢-لەبارەی خرۆشاندنەوە:**

یەکێک لەدەرەنجامە گرنگەکانی شیعر خرۆشاندنی هەستە، لەکاتێکدا پەخشان لەشێوەی گەیاندنی هەواڵێکدا، ئەرکی لەو شوێنەدا دوایی دێ کە هەواڵەکە یان ڕاگەیەنراوەکەی تیا ئەگا.

بۆ نموونە لەم کۆپلەیەدا ئەو شعورەمان ئەداتێ کە باسمان کرد.. واتە نزیککردنەوەی ڕەگەزەکان لەیەکترەوە:

**هێشتا چاوانی خەواڵووت شوێنەواری**
**خەونێکیان پێوە دیارە**
**پرچی شەوینت وەک قەرسیل بۆنی**
**گڵو نمو هەتاو**
**بەنێو بەیاندا پەخش دەکات**
**پەنجە خەواڵووەکانیشت یاری**
**بەڕووناکی دەکەن،**
**تاریکیی لەبەر دڵم دادەماڵنو**
**ڕووتو سەرسام لەڕووی خۆمدا ڕام**
**دەگرن!**

سەرەتای ئەم کۆپلە شیعرییە تا ئەگاتە دێڕی پێش کۆتایی، گێڕانەوە لەشێوەی ڕاگەیەنراوێکدایە، واتە ئەوەندەی خوێنەر چاوەڕوانی گەیشتنی پەیام یان هەواڵە، ئەوەندە هەستی ناخرۆشێ.. بەڵام لەدوایین دێڕداو بەڕستەیەکی شیعریی کۆپلەکە قفڵ ئەکا.

**ڕووتو سەرسام لەڕووی خۆمدا ڕام دەگرن!**

ئەم گەڕانەوەیە بۆ شیعرییەتو بەو شێوە چڕە، ئاگایی دەرئەخا لەداڕشتنی وێنەکاندا، هەروەک ئەو تێکەڵ بوونەشمان بیر ئەخاتەوە لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا.

گەرچی پەخشان چەند گرنگیی بەخەیاڵو شعور بدا - وەک لەسەرەتاکانی ئەم وێنەیەدا ئەیبینینەوە- هەروەک پەخشان ئەمێنێتەوە، بەڵام لەم وێنەیەدا سوود لەو تەوزیفانە وەرگیراوە کە لەشیعردا ئەکرێ وەک" مەجازو خواستنو سیمبۆڵو خەیاڵو ... تادوایی. ئەم تەوزیفانە هەناسەیەکی شیعرییان خستۆتە بەر دەقەکە بەڵام لەشێوەی پێشنیازکردندا هەر پارێزگاریی لەبنەڕەتی ڕەگەزیی خۆیان ئەکەن کە پەخشانە.

**٢-لەبارەی بابەتەوە:**

بابەتی شیعر کاردانەوەی عاتیفەیە بۆ ڕووداوێک، بەڵام بابەتی پەخشان هەمان ڕووداو بەشێوەیەکی وەزیفیی دائەڕێژێ.. لەو نموونەیەی پێشووداو لەم نموونە نوێیەشدا هەمان گرفتی پەخشانیی ئەبینینەوە کە بەسەر ڕووی دەقەکەوە دەرئەکەوێ:

**شەو لەسەر شەقامە باراناوییەکە**
**ڕاکشاوە**
**تریفە، بۆشاییەکان بەسێبەرو**
**درەوشانەوە پڕ دەکاتەوە**
**منیش هێشتا ڕووتو سەرسام بۆنی**
**گڵو بارانو**
**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**
**دەستەکانم بەر نهێنییەکی دی**
**دەکەون**
**تەزوویەکی سارد بەجەستەمدا دێو**
**لەبەر درەوشانەوەی شەودا**
**هەڵدەلەرزم**
**بەترسەوە بانگت دەکەم**
**تریفەو تاریکی وەک من دادەچڵەکێن**
**تەڕتر دەبم**
**لەنێو زرینگانەوەی شەودا**
**زایەڵەی تۆ دەبیستمەوە.**

وەرگر ئامادەیە بۆ وەرگرتنی دەقێکی شیعریی، بۆیە بەئاسانیی لەئاسۆی چاوەڕوانیی ئەودا کۆدی هەر جۆرە ڕووداوێکی زەینیی یان واقعی ئەکرێتەوە.. بونیادی ئەم دەقە بونیادێکی گێڕانەوەیی- السردی- هەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا کەڕووداوەکە هەستییە، کەچی لەدەقەکەدا داڕشتنەکەی وەزیفییەو ڕووداوەکە لەگێڕانەوەدا شێوەیەکی هارمۆنیی وەرگرتووە، بەپێی ڕیزبەندیی کاتو شوێن.. بەکارهێنانی خواستنو لێکچواندنەکان لەئاستێکی باڵای شیعرییدایە، هەرچەندە ڕستە شیعرییەکانی وەک:

**ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە**
**تەڕتر دەبم**

بوونیان کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاسانیی هەست بە شیعرگەریی- الشعریە- ئەکەین.. وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندێتیی شیعریی ڕەفیق سابیر کە لە نێوان دوو ڕەگەزی ئەدەبیدا، لە ناوەندیدا ڕەگەزێکی هاوبەش بدۆزرێتەوە.. هەرچەندە من لەگەڵ داهێنانو دۆزینەوەی بەردەوامی فۆرمی نوێدام، بەڵام ئەبینین لەئەزموونێکی لەمجۆرەدا شیعرگەریی ئەکەوێتە ژێر کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ڕەگەزێکی ترەوەو هەندێک لەبنچینە گرنگەکانی خۆی لەدەست ئەدا.. لەهەموو کاتێکیشدا ڕەفیق سابیر هەڵگری مانیفێستی ئەمجۆرە بەرهەمەیە، ئەوەی وایکردووە، گەر شیعرێکی ڕەفیق سابیر بە بێ ناو لەسەر هەر لاپەڕەیەک بخوێنینەوە، ڕاستەوخۆ بیناسینەوە.

**ئەم تەکنیکەی ڕەفیق سابیر لەناو ئەو دەنگانەدا تاکرەو بوو، بۆیە لەکۆی دەنگەکاندا سەرجەمی دەنگە جیاوازەکان دەرکەوتن، کەتیایاندا ڕەفیق سابیر هەڵگری ئەم تەکنیکە تایبەتە بوو**

٣-لەڕووی بونیادەوە:

بونیادی شیعر بونیادێکی ئاڵۆزە.. بۆ نموونە گەر بڕوانینە پێکهاتە کیمیاییەکانی دەقێکی شیعرییو دالو هێماو ئاماژەکانی بگێڕینەوە سەر چاوگە ئیبستمۆلۆژیەکانی، ئەبینین پێکداچوونێکی نامیتۆدیی هەیە لەهەر ئاوێتەکردنێکی زمانەوانیدا، بەشێوەیەک گەر پێکهاتەو ئاوێتەی هەر ڕستەیەکی شیعری وەربگرین، ئەوەندە ناکۆکە لەگەڵ ڕستەیەکی دیدا، بەئەندازەیەک کە هەست بکەین لەخولگەی دەقێکی تردایین- دیارە مەبەستم لەدەقێکی جدیە گەر هەڵوەشاندنەوەگەریی بۆبکرێ-. ئەم جۆرە ڕاڤەکارییە تەنها لەگەڵ دەقی شیعرییدا دروستە، واتە هەر بەبینینەوەی ئەم کارکردنە لەبونیادی دەقدا، شیعرو هەر ڕەگەزێکی تر لەیەکتر جیا ئەکرێنەوە.

بەڵام لەبونیادی پەخشاندا، سادەییەک ئەبینرێتەوە کەنزیکی ئەکاتەوە لەئاخاوتنی سروشتییەوە.. لەپەخشاندا ئاوێتەکان زۆر مەئلوفن، چۆنێتی وەرگرتنی خوازراوو هەواڵەکراوەکان یەک بەدوای یەکدا هاتووو نزیکن لەیەکەوە گەر هاوشێوە نەبن، هەر ئەمجۆرە بونیادەش ئەبێتە هۆی ناسینەوەی پەخشان.

لەدەقەکانی ڕەفیق سابیردا بەپێچەوانەی هەردوو بونیادەکەوە، بونیادێکی هاوبەش پێکهێنراوە کە ئەتوانین لەڕێگەی ئەم نموونەیەوە ڕوونی بکەینەوە:

**بە سەرسوڕمانێکی**
**منداڵانەوە دەست لە بەیانم**
**دەدەم**
**بۆنی گزنگو شینایی دەکەم**
**لە گەڵاو خوناوو ڕوبار**
**ڕادەمێنم ئەوکاتانەی**
**ڕووناکی هەڵدەمژن**
**بەهەڵپەوە ڕەنگی پرژاو**
**دەچنمەوە،**
**وەک منداڵێک هاوار دەکەم**
**بدرەوشێوە ئەی جوانیی!**
**بەهەمان سەرسوڕمانەوە**
**زایەڵەی تۆ**
**لەنێو مۆسیقایەکی دووردا**
**دەبیستمەوە.**

بونیادی گشتیی دەقەکە بونیادێکی سادەیەو لەشێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا داڕێژراوە، واتە لە تەواویی وێنەکاندا ڕیزبەندیی ئاوێتەی هەر وێنەیەک نزیکە لەوی ترەوە..

"دەست لە بەیان ئەدەم، بۆنی گزنگ ئەکەم، خوناو کە ڕوناکیی هەڵئەمژێ، ڕەنگ ئەچنمەوە، بدرەوشێوە ئەی جوانیی" ئەم ئاوێتانە ئاوێتەی چوون یەکن، لە فۆرمی وێنەکاندا نامەئلوفیەت بەدی ئەکرێ، بە واتە گەر بڕوانینە فۆرمەکان زیاتر فۆرمی شیعریین وەک لە پەخشان.. بەڵام هەر لەم کۆپلەیەدا چەندین جارو هەر بۆ هەمان مەبەست ئەم ئاوێتە کردنە دووبارە کراوەتەوە، لەگەڵ چەند وێنەیەکی یاریدەدەردا "سەر سوڕمانی منداڵانە، بۆنی شینایی کردن، ڕامان لە گەڵاو ڕوبار کاتێ ڕوناکیی هەڵئەمژن، وەک منالێک هاوار ئەکەم، بەهەمان سەرسوڕمانەوە ...تادوایی" تەواوی کۆپلەکەیان پێک هێناوە.. ئێمە قسەیەکمان لەسەر وێنە یاریدەدەرەکان نییە کە بۆ خۆیان بونیادی پەخشانییان هەیە، قسەمان لەسەر ئەو وێنە سەرەکییانەیە کە لەداڕشتنو پێکهاتەیاندا شیعریین، کەچی لە تەواوی کۆپلەکەدا، ئاوێتەکان بە هەمان ڕیتمی بونیادی پەخشانەوە دووبارە ئەبنەوە■



تەوەری ڕەفیق سابیر

# چڕ کردنەوەو ڕەوانیی لەدەقەکانی ڕەفیق سابیردا

## دەقی "گۆرانییەک بۆ جوانیی" بە نموونە

ئەحمەد ڕەزا

بەشی سێهەم و کۆتایی

**مێژوو:**

منالیی، بەهەموو مەوداکانییەوە لەم دەقەدا ئەدرەوشێتەوە.. گەر بەشی "أ، ب، ت" وەربگرین لەو نموونانەی سەرەوە، زۆر بەڕوونیی ئاماژەکان ڕوون ئەبنەوە:

أ- بەسەرسوڕمانێکی مندالانەوە
دەست لەبەیانم دەدەم

× × ×

ب- بە هەمان سەرسوڕمانی مندالانەوە
لەگەڵ باڵدارە خەواڵووەکاندا
بە پیر بەیانەوە دەچم،
وەک پەپوولە پەلکە گوڵو ئاونگ بۆن
دەکەم ئەو ساتەی ڕووناکی
هەڵدەمژن.

× × ×

ت- بە هەمان لاساریی و شەوقەوە ڕەنگ
دەچنمەوە

× × ×

سەرسوڕمانو سەرکێشیی و بزێویی و لاساریی و شەوق، لەم چەند وێنەیەی سەرەوەدا ئەناسینەوە، کاتێک بەسەرسوڕمانەوە هەست بەداهاتنی بەیان ئەکرێ و بێباکانە لەگەڵ باڵدارە خەواڵووەکاندا، یاخود ڕاستتر بەشەوقو هەڵوەدا بوونەوە بەپیر بەیانەوە چوونو بزێوانە دەست بۆ شت بردنو بۆن کردنو پاشان لاسارانەو بەشەوقەوە، ئەمانە هەموو گێڕانەوەی منالییە لە ئێستەدا.. هەڵگرتنەوەی ئەو سیفاتانەو جارێکی تر، ئاماژە کردنن بۆ تێپەڕینی کاتی منالیی و ئەکتیڤ کردنەوەی ئێستە بەو سیفەتانە.. بۆیە ئەتوانین منالیی بەبیرەوەرییە پیرۆزەکان بناسێنین، ئەو بیرەوەرییانەی کە ئەبنە دەستپێکی ڕاستەقینەی داهاتنی ئایندەیەکی نوێ، هەروەکو ئەوەی کە ئەم هەواڵەکراوە واتە - منال- لەسیفەتە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیدا هەیەتی.. چەند گرنگیی دراوە بەڕووپۆشکردنی دەقەکە بەوێنەی ئیستاتیکیی، ئەوەندەش منال وەک هەواڵە کراوێک گرنگیی پێدراوەو، لەدەقەکەدا لەچەندین شوێنی جیاوازدا تەوزیف کراوەتەوە، ئەم بەکاربردنانەش هیچیان لەخۆوە ڕووی نەداوە، بەکارهێنان لەسەر بنچینەی میکانیزمێکی سایکۆلۆژییە.

ژیان:

ئەو چەقی مەبەستە کوێیە کەپێویستی بەو هەموو ئەکتیڤ بوونەوەیە هەیە؟ لەکاتێکدا ئەزانین منالیی تەنها بەمەبەستی بەرائەت تەوزیف نەکراوە، بەڵکو ئەرکە گرنگەکەی بۆ دەست پێکردنەوەیەکی نوێیە لەژیاندا. چوونەوەیە بەرەو پیری بەیانو دەستپێکردنەوە، کە زۆر بەڕەوانیی ئاماژەی بۆ ئەکاو سەرسامیی خۆی دەرئەبڕێ لەجارێکی تری زیندوو بوونەوەی خەونەکان.. کەواتە پاشەڕۆژ بەکێ بەخشرا؟

ح- هەر بەو دەستانەی پاشەڕۆژی خۆم
وەک گوڵ پێ بەخشیت

کە پاشەڕۆژ بەخشرابێ بەکەسێکی دیاریی کراو، ئەو مافی کار تێداکردن - تصرف- ی لەو شتەدا هەیە کەپێی ئەبەخشرێ.. واتە لەدەستدانی هەموو هیواکانی داهاتوو." گەر وردتر باسی بکەینو بەمانا یاساییەکەی وەری بگرین، بەخشراو هیچ مافێکی خاوەنی لەسەر نامێنێتەوە، گەر لەکەسێکی خاوەن ئەهلیەوە بەخشرا بەکەسێکو بۆ مەبەستێکی نەشیاو بەکاری نەهێنا"

لەتەواوی ئەم دەقەدا ئەو وێنەیەی سەرەوە لەخوێندنەوەکەمدا تیشکی زۆری چووە سەر، هەر ئەو وێنەیەش بوو بەهۆی ئەوەی دەرکی دەقەکە بخاتە سەر پشت.

کاتێک کە پاڵەوانی دوێنراو- دووەم- لەم دەقەدا ئەبینینەوەو بونیادێکی جێگیریی هەیە، ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو پاڵەوانە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی و بێهوودەییە خەملێنراوەکانی کەسێکە، کە لەساتێکدا لەگەڵ تێکشکانو ئومێد بەتاڵییدا ژیاوەو پاشتر وەک کتوپڕییەکی چاوەڕواننەکراو هیوایەکی گەش لەژیانیدا سەری هەڵداوەتەوە.. واتە پاش تێپەڕینی ژیانی چاوەڕوانیی و خەو بینین بەئایندەی ڕۆشنەوە، پاشتر تێکشکانی ئەو هیوا ڕەنگاڵەییانە، ئیتر لەساتێکدا پاشەڕۆژو ئاینده - وەک گوڵ- بەخواستو بەسەربەستیی تەسلیم بەبێهیوایی و ڕەش بینیی کراوە، ڕوونترین گوزارشتی ئەو کتوپڕییەش لەم وێنەیەدا ئەبینینەوە:

ج- تاریکیی لەبەر دڵم دادەماڵن و
ڕووت و سەرسام لەڕووی خۆمدا ڕام
دەگرن!

× × ×

پ- منیش هێشتا ڕووت و سەرسام
بۆنی گڵ و باران و
ڕەنگی ئێوارەم بەرنەداوە
دەستەکانم بەر نهێنییەکی دی دەکەون

× × ×

**واقیع:**

شوناسی دەقەکە سەر بەسەردەمێکی دیاریکراوە لەواقیعی ژیانی شاعیر.. بەڕای من بیرکردنەوەی لەگەڕانەوەی بۆ زێدی منالیی و ژیانەوەی بیرەوەرییە هەمیشە ئامادەکان- کە بە بیرەوەرییە پیرۆزەکانمان ناساند- لەخەیاڵی ئەوداو، داهاتنی ڕۆژێکی نوێ و زیندوو بوونەوەی هیواکان، لەم دەقەوە سەرهەڵئەدا.. بەوشێوەیە ناونیشانی دەقەکە لەگۆرانییەک بۆ جوانییەوە ئەگۆڕێ بۆ گەڕانەوە بۆ جوانیی.. لەڕووی زمانیشەوە لەنێوان گۆرانی و گەڕانەوەدا نزیکایەتییەک هەیە لەفۆنیمەکاندا:

**لەکۆچێکی دیکەدا مندالانە**
**بەیەکەمین ڕێبوار دەڵێم:**
**بەیانیت باش هاوڕێ میهرەبانەکەم!**

پێشتر ئاماژەیەکمان بۆ بەردەوامیی زاراوەی کۆچ کرد، وەک مانەوەو بەردەوامیی لەکۆچدا.. لێرەدا زاراوەکە ئەگۆڕێ بۆ خوازراوو زیاتر ڕوون ئەبێتەوە.. لەکۆچێکی تردا و منالانە بەیانی باش کردن لەیەکەمین ڕێبوار چەند دەلالەتێکی جێگیری هەیە:

أ-کۆچی داهاتوو- بەپێی خوێندنەوەکە- کۆچی گەڕانەوەیە.

ب-منالانە: ئاماژەکردنە بۆ گەڕانەوە بەرەو زێدی منالیی و ژیانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕابردوو. هەروەک دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێیە.

ت-بەیانی باش کردن: دڵنیا بوون لەچوونەوە ناو کۆچێکی تر، بەڵام ئەمجارەیان کۆچێکی شیرین، کۆچ بەرەو ژیاندنەوەو گەشانەوە، نەک ڕەشبینیی و چاوەڕوانیی کردن.

میهرەبانیی پیادەیەکی ئاسایی: لێرەدا خوێندنەوەکەی ئێمە چەندە جێی خۆی ئەکاتەوە، کاتێ ئەو لەگەڕانەوەیەکی دڵنیاییدا- کۆچێکی سەد دەر سەد- ئەگا بەیەکەمین پیادە، یەکەمین ڕێبوارو بەهاوڕێیەکی میهرەبانیشی ئەزانێ.

لەپلەی یەکەمدا خوازراوی گۆرانیی ساغکرایەوە کە دەلالەت لەگەڕانەوە ئەکا، لەم پلەیەشدا کە بەکورتی لەقۆناغی یەکەمی خوێندنەوەکە -واتە لەسروشتیی بوونی جیاوازیی شەو و ڕۆژ - ئەدوێین و، لەخوازراویی جوانیی ئەکۆڵینەوە.

گەر لەشوێنکاتی ساتی بەرهەمهێنانی شیعرییدا، شوێنکات شەو بێ:

لەبەر درەوشانەوەی شەودا
هەڵدەلەرزم
بەترسەوە بانگت
دەکەم
تریفەو تاریکی
وەک من دادەچڵەکێن
ئەم هەموو ترس و
هەڵلەرزینە هەبێ و

لەدوورێکی زۆر دوورەوە زایەڵەی ئەوێکی تر هەبێ- من پێم وایە لەسەر ئاستی ئاخاوتن دوو پاڵەوان هەیە، یەکێکیان نائومێدیی و ئەوی تریشیان ئومێد، کە هەر یەکەیان لەچەند وێنەیەکدا ئەدوێنرێن- کەواتە شەو سیمبۆلێکە لەم دەقەدا بۆ بێهیوایی، ڕۆژیش هەر لەبەیانەوە- واتە لەدەستپێکەوە- کە تەوزیف کراوە بۆ ئاماژە کردنە بەژیانەوە.. ڕوونتر بۆ ئاماژە کردنە بەزێدی منالیی- وڵات-.. کەواتە بە پێی ئەم خوێندنەوەیە ئەتوانین ناونیشانی دەقەکە بگێڕینەوە سەر ڕەوتە هەستییەکەی خۆی کە " گەڕانەوە بۆ وڵات"ە.

مەبەستی من شیکردنەوەی سیمبۆل و خوازراوو مەجازەکان نییە، بەقەدەر ئەوەی کە ئەمەوێ کۆک بوونی نێوان تەکنیکی شیعرو پەخشان لای ڕەفیق سابیر باس بکەم. ئەم بەشەی کە تایبەت بوو بەنمایش کردن، تا ئێستە ئێمە لەخوێندنەوەی ستوونیی دەقەکەمان کۆڵیوەتەوە، کە لەبنەڕەتدا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ دەقی شیعریی داخراو ئەکرێ لای بارت و لای ئیمبرتۆ ئیکۆش تەنها ناوەکەی ئەگۆڕێ بۆ دەقی کراوە.. واتە ئێمە خوێندنەوەمان بۆ دەقێکی شیعریی سیمبۆلیی کردووە کە تەنها لەگەڵ ئەم جۆرە دەقە شیعرییەدا ئەکرێ، لەڕووی بەرهەمهێنانی ماناوە.

**ئەم دەقە - گۆرانییەک بۆ جوانیی - بونیادێکی سەربەخۆی هەیە، جیاواز لەهەموو دەقێکی شیعریی تر، هۆکارە سۆسیۆ- سیاسیەکانو واقیعی ژیانی شاعیر ئەوەی کردووە کە لەڕووی ڕیتمی دەروونیەوە، یەکتربڕیی لەگەڵ ئیحساسی هاوشێوەی خۆیدا بکا**

بۆ دەرخستنی خوێندنەوەی نمایشکاریی دەقەکەش، پێشتر ئاماژەم بۆ کرد کە هەمان دەق ئەتوانین لەڕووی بەرهەمهێنانی ماناوە خوێندنەوەی دەقی پەخشانییشی بۆ بکەین.. ئەم دەقە لەڕووی ئەو وشیارییە ڕووکەشیەوە کە ئەیبەخشێ، بەهەمان شێوە مانایەکی ڕوون ئەبەخشێ کە هەروەک بەناونیشانەکەیەوە دیارە، بەوشێوەیە شیعرێکی ئیستاتیکیی پەتییە.. لەڕووی وێنەکانەوە زنجیرەیەکی هارمۆنیی تەواوە لەوەسفێکی گشتگیریدا بۆ ساتی بەرهەمهێنانی دەق، لەگەیاندنی وێنەیەکی دەمەو بەیانو فلاشباگی شەو.. ئەتوانین بڵێین بەگشتیی چەند وێنەیەکی تەواو ئیستاتیکییە، بەڵام وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە خوێندنەوەی ئەم وێنانە لەڕووکەشدا دەقەکە بەرەو کۆڵەکە بنچینەییەکانی پەخشان ئەباو شیعرییەت تەنها لەوێنە چڕەکانیدا ئەهێڵێتەوە، ئەمەش خوێندنەوەی ئاسۆیی دەقەکەیە.

گەر ئێمە لەباری یەکەمداو خوێندنەوەی ستوونیمان بۆ دەقەکە هەبێ، ئەوا لەبەردەمی دەقێکی شیعرییداین، بەڵام بارگاویی بەتەکنیکی پەخشان، لەوەدا کە لەڕووبەری مانای دەقدا گێڕانەوەی ئیحساسێک زیاتر هەیە وەک لەشیعرییەتی پەتیی، کەچەند بونیادێکی جیاوازی وێنەکان هەبێ و لەمانادا زنجیرەیی نەبێ، واتە بونیادێکی ئاڵۆز بەرهەم نەهاتووە.. - ئەو هۆیەی کەوای لێکردم سیمبۆل و مەجازو خوازراوەکان شیبکەمەوە-.

لەهەمان کاتدا گەر خوێندنەوەی ئاسۆیی بۆ دەقەکە بکەین، ئەوا لەبەردەم دەقێکی پەخشانییداین، بەڵام بارگاویی بەچەندین وێنەی چنراو لەسەر پێکهاتە شیعرییەکان.. کەواتە لەهەردوو بارەکەدا، تەکنیکی شیعریی و پەخشانیی زاڵن بەسەر دەقەکەدا. ئەمەش ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە بوو کەشاعیر پێکەوە کۆکی کردوون.

**١-لەڕووی پەیوەندییەوە:**

بەهۆی ڕاهاتنو خووگرتن، بەکارکردن لەجۆرێکی سنووردار لەئەدەبو هونەرداو کزبوونی هەوڵی ئەزموونگەریی لەرۆشنبیریی ئێمەدا، جگە لەوەی تواناکانی وەرگری سست کردووە بۆ چێژ وەرگرتنێکی یەکسانو لەیەکچوو لەنێوان سەرجەم لکە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لەڕووی پەیوەندیشمانەوە بەلکەکانی هونەرو ئەدەبەوە، جۆرە دیاریکردنێکی ڕەگەزیی لەم ڕۆشنبیرییەدا سەریهەڵداوە بەزەقکردنەوەی چەند ڕەگەزێک لەقاڵبێکی دیاریکراوداو بێبایەخ کردنو فەرامۆشکردنی هەندێکی تر.. ئەم دیاریکردنە چ مەعریفە یان وەرچەرخانێکی ئەوتۆی لەپشتەوە نییە، بەقەدەر ئەوەی سست بوونی دیدی ڕەخنەیی و میزاج و مۆدێلی ناوچەیی و دوای تاک دەنگ کەوتن حوکمی ئەکا.

ئێستا لەڕۆشنبیریی کوردیدا شیعرو درامای تەلەفزیۆنیی تیشکێکی زیاد لەپێویستی لەسەرەو هەموو لقەکانی تری ئەدەبو هونەر - بەڕێژەی جیاواز- کەمتر ئاوری لێ ئەدرێتەوە.. ئەو دوو ڕەگەزەش بەهۆی کزیی دیدی ڕەخنەیی و لاوازیی لێپرسینەوەی ڕاستەوخۆوە، لەگەڵ خۆیاندا پشێوییان خستۆتەوە.. جابر عصفور لەکتێبی " زمن الروایە"دا کاتێک باسی ئەوە ئەکا کەچۆن ڕۆمان لەپەرەسەندندایەو لای نووسەرانو وەرگریش گرنگی زیاتری پێ ئەدرێ ئەڵێ: "تێکڕای نووسینی ڕەخنەیی لەسەر ڕۆمان، ساڵ لەدوای ساڵ زیاد ئەکاو زاراوەکانیشی زۆربوونێکی بەرچاو زیادیان کردووە، لەڕووی دەسکەوتنو دەولەمەندیی و ئاڵۆز بوونیانەوە....... لەوکاتەوەی درکم بەوە کردووە کەئێمە لەسەردەمی ڕۆماندا ئەژیین، سرپەیەک- هاجس-م لێ نابێتەوە کەڕۆمانی عەرەبی زوڵم لێکراوە، لەچاو ئەو پێشوازییەی لەشیعر ئەکرێ."

لەبەشی یەکەمی قسەکانی عصفوردا بۆمان دەرئەکەوێ، کەنووسینی ڕەخنەیی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دەولەمەند کردنی زاراوەکانی هەر ڕەگەزێکو بەرەو پێشچوونی، هەروەک لەبەشی دووەمیشدا ئەویش باسی گیرۆدە بوونی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئەکا بەفرە شیعریی.. قسەی ئێمە بۆ بێبایەخ کردنی شیعر نییە بەهیچ جۆرێک، بەڵکو بۆ ئاورلێدانەوەیەتی بەلێکۆڵینەوەو ڕەخنەی زانستیی، چونکە شیعر لەدوو ڕووەوە وەک لەسەر ئەم دەقی "گۆرانیەک بۆ جوانیی"ە باسی ئەکەین لەپەیوەندیدایە.. یاخود ڕوونتر بڵێین هەر ڕەگەزێک بەمانا پەیوەندی هەیە:

أ-پەیوەندییە بایۆلۆژییەکان.- العلاقات البیولوجیە-

ب-پەیوەندییە دەرەکییەکان" گەیاندن".- الاتصال -

**أ-پەیوەندییە بایۆلۆژییەکان:**

هەرچەندە لەبنەڕەتدا ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنێوان ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، لەزانستی بیرکارییەوە وەرگیراوە، بەڵام دوای نوێگەریی، لەزانستە مرۆڤییەکانیشدا کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە.

سەرەتا ئێمە لەباسی بونیادی ئەم دەقەدا نموونە پەخشانیی و شیعرییەکانمان هێنایەوە.. ئێستەش لەدوو جۆر پەیوەندیی تری دەقەکە ئەدوێین، پەیوەندیی نێوان ئەم دەقە وەک دەقێکی شیعریی- بونیادی شیعریی دەقەکە- لەگەڵ دەقی شیعریی ترداو پەیوەندی دووەمیش لەنێوان بونیادی ئەم دەقەو بونیادی ڕەگەزی تردا.

**بونیادی دەقگەرایی:**

"دیاردەی دەقگەرایی کاتێک سەرهەڵئەدا کە بۆ ماوەیەکی زەمەنی کۆمەڵێک بونیادی جیاواز بکەونە ڕوو، ڕاستە ئەم دەقانە لەناو خۆیاندا کارلێکردنیان هەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە دەقەکان لەسەر یەک بونیادی دیاریکراو بن- وەک ئێستەی بەشێکی کۆدەنگی شیعریی کوردی- چونکە ئەو کاتە لەبەردەم دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقدا ئەبین، نەک داهێنان"- سعید یقگین، انفتاح النص-.

ئەم دەقە - گۆرانییەک بۆ جوانیی- بونیادێکی سەربەخۆی هەیە، جیاواز لەهەموو دەقێکی شیعریی تر، هۆکارە سۆسیۆ- سیاسیەکانو واقیعی ژیانی شاعیر ئەوەی کردووە کە لەڕووی ڕیتمی دەروونیەوە، یەکتربڕیی لەگەڵ ئیحساسی هاوشێوەی خۆیدا بکا، بەڵام لەڕووی هونەری شیعرییەوە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، بەواتە لەپێکهاتەو بونیادیدا تاکڕەویی هەیە، کە ئەمانە لەسیما گرنگەکانی داهێنانن لەشیعردا.

**پەیوەندی هاوبەش:**

پەیوەندی ئەم دەقە- هەروەک زۆرینەی تری شیعرەکانی ڕەفیق سابیر- وەک ڕەگەزی شیعریی لەگەڵ گێڕانەوەو پەخشانو دراماو موزیکدا هەیە.. لەم دەقەدا وێنەی ئەبستراکتی شیعریی کەمتر بەدی ئەکرێ، کە پەیوەندییەکی دینامیکییان بەچاوگە بنەڕەتییەکەی خۆیانەوە نەبێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.. هەرچەندە ڕێژەی وێناکردنو پەرت بوون لەبونیادی گشتیی وێنەکاندا بەدی هاتووە لەپێکهاتە دەلالیەکەدا، بەڵام لەزۆر کاتدا گێڕانەوە-سرد- باڵی بەسەر بابەتدا کێشاوە، بەواتە یەکەی بابەتی زیاد لەپێویست ڕاشکاوترە.. لەم ڕووەشەوە هاوبەشیی ئەبینینەوە لەنێوان ڕەگەزەکاندا، کە دکتۆرە بشری موسی صالح ئەم سوود وەرگرتنە بەدەرچوون لەقاڵبی باو لەقەڵەم ئەداو بەهەوڵی نوێگەریی ناو ئەبا، بەتایبەت کە لەسەر دەقێک قسە ئەکاو ئەڵێ: ئەمە ئاسۆیەکی نوێگەرییە کە قەسیدەی ئەدۆنیسیی لەسەرەوەی شێوە قوچەکییەکەیدایە.

هەرچەندە ئەم دەقەو ئەوانی تریش بەتەواوەتی لەڕێچکەی شیعری گوزارشتگەریی دەرباز نەبوون، بەڵام ئەکرێ وەک ئەزموونێکی گەش بۆ تێپەڕاندنی ئەو بازنەیەی کە شیعری گوزارشتگەریی تێدایە لەقەڵەم بدرێ.

**ب- پەیوەندییە دەرەکییەکان" گەیاندن":**

یەکێک لەئاسانترین نموونەکانی پەیوەندیی بەدەرەوە قسەکردنە بۆ کەسێکی تر، ئەم قسە کردنەش لە نێوانی توانای ئامادەکاریی دەربڕینو توانای جێبەجێکردندا ئەداکەی دەرئەکەوێ.. تێپەڕینی ئەم ئەدایەش بۆ پەیوەندی کردن لەدوو شێوەدا دەرئەکەوێ: پەیوەندیی عەفویی و پەیوەندیی ئامادەکراو.. شیعر یەکێکە لەشێوە ئاسۆییەکانی پەیوەندی ئامادەکراو.

ئەوەی لەم دەقەدا وەک گوتاری دەق پێمان ئەگا، لەڕوویەکەوە چۆنێتی پەیوەندی کردنەکە پەیامێکی شیعرییە، لەدیوێکی تریشەوە ڕاگەیەنراوێکە کە شاعیر ئەیەوێ لەو ڕاگەیەنراوەمان ئاگادار بکاتەوە.. لەدۆخی یەکەمدا گەیاندنی پەیامەکە شیعرییەو لە دۆخی دووەمیشدا گەیاندنی ڕاگەیەنراوەکە پەخشانییە.

ئەم پێنج خاڵەی لەم باسەدا هاتوون، بۆ دەرخستنی سوود وەرگرتن یاخود دەست تێوەردانی ڕەفیق سابیرە لەتەکنیکی شیعریی خۆیدا، کە بووە بەتایبەتمەندێتیی شیعریی ئەو■

**سوودم لەم چاوگانە وەرگرتووە:**

×ڕەفیق سابیر سەرجەمی شیعرەکانی بەشی "١و٢": بەتایبەت دەقی" گۆرانییەک بۆ جوانیی".

×خورخی لویس بورخیس- صنعه الشعر- ت/ صالح علمانی،ط/١ ٢٠٠٧ دار المدى، بغداد- العراق.

ع د. محمد مفتاح- تحلیل الخطاب الشعري- ط ٤ / ٢٠٠٥ المركز الثقافي العربي/بیروت- لبنان.

ع اندریه ضاكوب- انثروبولوجیا اللغه- ت/ لیلى الشربیني، ط/١ ٢٠٠٢ المجلس الاعلى للثقافة، قاهرة- مصر.

ع بول ریكور- الوجود والزمان والسرد- ت/ سعید الغانمي، ط/١ ١٩٩٩ المركز الثقافي العربي - دار البیضاء- المغرب.

ع سعید یقطین- انفتاح النص الروائی- ط/٢ ٢٠٠١، المركز الثقافي العربي- دار البیضاء- المغرب.

ع جابر عصفور- زمن الروایه- ط١- ١٩٩٩، دار المدى للثقافه والنشر- دمشق- سوریا.

ع د.بشرى موسى صالح- نظریه التلقی- ط١- ٢٠٠١، المركز الثقافی العربی- دار البیضاء- المغرب.

ع د.محمد مفتاح- المفاهیم معالم- ط١- ١٩٩٩- المركز الثقافی العربی- دار البیضاء- المغرب.





تەوەری "ڕەفیق سابیر"

# دەلالەتی بەکاربردنی ئەفسانەو سومبولی سۆفی لەئەدەبی ناوەڕاستی حەفتاکاندا

## دەقی دەروێشی ڕەفیق سابیر بەنمونە

### بەشی یەکەم

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

لەنێوان شیعرو ئایین و سۆفیزمو ئەفسانەدا پەیوەندییەکی تایبەتی و ئاشکرا هەیە، ئەمانە هەموویان بایەخێکی سەرەکی بەنادیارو دۆزینەوەی نهێنییەکانی نادیار ئەدەن.

سەیری ئەو نادیارە بکە کە هەر لەسەرەتای مێژووی ئایینەکانەوە بەجۆرو جیاوازیەکانیانەوە بووە بەجەوهەرو هەموو شتەکانی دی بەدەورا دەسوڕێنەوە.

ئەمە لەسۆفیزمو لای سۆفییەکان بەهەموو ڕێبازەکانییەوە خەستتر دەبێتەوەو دەبێت بەجۆرێک لەجوانکاری.

ئەزموونی سۆفیزم ئایینی وەک شەریعەت تێپەڕاندووەو بگرە دەوڵەمەندیشی کردووە.

بەڵێ سۆفیزم سەرچاوە لەزانستی دیارەکی (الظاهر) وەردەگرێ و ڕێگا خۆشدەکا تا لەدەرگای حەقیقەت بدات بەڵام ئایینی سۆفی بۆ خۆی لەئایینپەرستییەکی ئاسایی دەرئەچێ بەڕادەیەک کەگەڕان بەدوای حەقیقەت لەلای ئەم ئەبێ بەئەزموونێکی ئایینی جیاواز، ئەبێ بەکاری جوان و هیچ سودێکی زاتی بۆ خۆی گەرەک نابێ تەنها توانەوە نەبێت لەوەدا کەسۆفی بۆی ئەسووتێ، تا تیایدا بتوێتەوە. گەڕان لای سۆفی بەدوای حەقیقەتدا جۆرێکە لەهەڵچوون و بەرزبوونەوەو تەوەری سەرەکی ئەزمونەکەیەتی.

ئەفسانەیش وەک قۆناغێک لەبیرکردنەوەی سەرەتاییو منداڵیی بیرکردنەوەی ئینسانیی خەیاڵی فراوان و تەڕ بەشیعرو شاعیر دەبەخشێ، ئەفسانە لەڕێگایەکی دوور لەعەقڵ،و ماهیەتێکی خەیاڵاوی کراوەو زمانێکی تەڕوپڕ لەشیعر نزیک دەبێتەوە، زمانی مەنتیق دەخاتە لاوەو پڕ ئەبێ لەئاماژە بۆ شتەکان. ئەگەر شاعیر وەک زمانو سەرسوڕهێنان و غەرائیبییەتی ناو ئەفسانە شیعر بهۆنێتەوە ئەوە هەمیشە بەزمانی نوێو خەیاڵی فراوان تووشی ساتی سەرسوڕمانمان دەکات.

شیعری کوردیش وەک شیعری میللەتانی تر، کەم تازۆر بەوشیاریو بەعەمد یا بەبێوشیارییەوە بێت سودی لەئایینو ئەفسانەو سۆفیزم بینیوە بەڵام بەلای ئێمەوە بەدوو شێوەو لەدوو قۆناغدا، **قۆناغی یەکەم** بریتییە لەشیعری هەموو سەردەمە کۆنەکان کەزۆر لەدەقە کوردییەکان کتومت لاسایی جیهانە ئایینیەکانیان تیا کراوەتەوەو تەوزیفێکی هونەریانە نەکراون. هیچ جۆرە لادانێک لەسەرچاوە ئایینییەکە دروست نەبووە، بۆیە ڕێژەی شیعرییەتیان تیا کەمە. بۆ نمونە، شاعیرێک دێت شەڕی بەدر بەزمانی شیعر دەگێڕێتەوە، یا یەکێکی تر دێت مەدحی پێغەمبەر یا خەلیفە یا ئەولیا ئەکات، چی هەبووەو چۆن هەبووە ئەم لێی دەرناچێ لاسایی واقیعو سەرچاوە هەبووە کە ئەکاتەوە، دەریان ئەبڕێ نەک بێت بۆ زیندوکردنی دەق واقیعێکی تر بخولقێنێ جودا لەسەرچاوە ئەمانە هاتوون بێ تێپەڕاندنی موفەرەداتی سەرچاوەی پێکهێنەر بەتاقیگەی شیعریدا زانستی دیاریان (الشریعە) گواستۆتەوە بۆ ناو چوارچێوەی دەقەکانیان.

جۆری دووەمی قۆناغی سەردەمە کۆنەکە جیایە، دەقی باڵا دروست بوو. بەتایبەتی لەو دەقانەی کەبریتین لەئەزموونی سۆفییانە، ئەمیش لەڕێگای هەڵچوونی ئەم جۆرە ئەزموونە لەدەقەکان، لەمانەشدا ئەزمونە سۆفییەکە بۆ خزمەتکردنی خودی ئەزمونە سۆفییەکەیە، واتە سەرچاوە هەر پێکهاتە سۆفییەکەیەو دەقەکەیشی هەر پێشکەشکردنێتی بەڵام بەزمانو شێوازێکی شیعرییانەی جوانو باڵا. بەواتایەکی ڕونتر ئەو دەقانەیش هەر دەلالاتو ڕەمزو وێنەی سۆفیانەیان لێئەتکێو هەواڵەی دەلالاتی غەیرە سۆفییانەمان ناکەن. کەچی لەناویاندا دەقی باڵای وەها هەیە کە شایانی دەیان لێکۆڵینەوەن. **قۆناغی دووەم** قۆناغە نوێکەیە کەتیایدا پێمان ناوەتە جیهانێکی ترەوەو بەشێوازێکی تر ئەم پەیوەندییانەی نێوان شیعرو سۆفیزمو ئەفسانەی تیا بەکارهێنراوە. بەتایبەتی ئەو دەقانەی کەناونیشانی بابەتەکەم دیاریان دەکاتو لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە نووسراون.

من لەلێکۆڵینەوەیەکی ترمدا شاعیرانی دەیەی هەفتام ناو ناوە نوێگەریی دووەم، سەردەمی ریادەت، واتە قۆناغی (گۆرانو شێخ نوری) و دوای ئەوانو تا سەرهەڵدانی (نوێگەری دووەم)م ناوناوە نوێگەری یەکەم.

نوێگەری دووەم بەهۆی بەئاگابوونی شاعیرانی لەکردەی شیعرو نوێگەری و ئەدەبو ڕەوتی ڕەخنەیی نوێ گوڕێکی تریان بەنوێگەرییەکە داوە، پەیان بەتەکنیکی نوێترو دیدو ڕویای تر برد. وردە وردە لای ئەمان شیعر لەژانرەکانی تر سودی وەردەگرت. پێیان ئەخستە سەر زەمینەیەکی تر تا ئاگایان لەمەودای درامی و فرە دەنگیو دەمامکو ئەفسانەو.. بێت.

ئێستا ئەپرسم بۆچی لە ١٩٧٥ بەدواوە زۆر لەشاعیرانی نوێگەری دووەم گەڕانەوە بۆ ئەفسانەو هێمای سۆفیزم.

بۆچی چیرۆکنوسانو شاعیران هەوڵیان ئەدا هەندێک ئەفسانە بدۆزنەوەو لەدەقەکانیاندا تەوزیفی بکەن؟ بۆچی پێش ئەوکاتە دیاریکراوە سەرچاوەو کەرەستەو بابەت لەواقیعەوە نزیکبوون؟ دەلالەتی ئەم وەرچەرخانانە لەشیعری دوای ساڵی ١٩٧٥ چییە؟ بۆ نمونە ئەفسانەیەکی وەک ئەفسانەی سیزیف چۆن هاتە ناو ئەدەبی پاش حەفتاو پێنجەوە؟ بۆچی لەشەستو پەنجاکاندا کەشف نەکرا؟ کەشفکردنی سیزیفو نوسینەوەی بەجۆرو ژانری تر لەئەدەبی کوردیدا دەیەها لێکۆڵینەوەو باسو خواس هەڵئەگرێ بۆچی پەنابرایە بەر سمبولی سۆفییانەو نهێنی کردەو زمانو موفرەداتی سۆفیزم؟

ئێمە لێرەدا بەکورتی وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە ئەدۆزینەوەو بەپێی ویستو دەسەڵاتی ناونیشانی باسەکەیش دەقی (دەروێش)ی ڕەفیق سابیر شیدەکەینەوە.

**ئێمە لێرەدا بەکورتی وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە ئەدۆزینەوەو بەپێی ویستو دەسەڵاتی ناونیشانی باسەکەیش دەقی (دەروێش)ی ڕەفیق سابیر شیدەکەینەوە**

پاش کارەساتی (١٩٧٥) کەبەسەر کوردو شۆڕشی کوردا هات لەلایەک لەلایەکانەوە ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆکیش لەمە بێبەری نەبوو - لەگەڵ شکستی کۆڵەکەی شۆڕشدا کە لەهەڵچوونو بەرزبونەوەدا بوو خەونی ڕۆشنبیرانیش شکستی هێنا. ئیتر، وەک ئەرکی ئەدەب، کێشەکە ئەوەندە جەرگبڕبوو کە نە بەزمانی واقیعو نە بەکەسی ئاسایی ناو چیرۆکو نە بەزمانی واقیعی و شێوازی ئاسایی چارە نەئەکرا، هێزێکی ئەویست سەرو واقیع، زمانو وێنەیەکی ئەویست سەرو زمانی واقیع، ئەفسانەو مەودای ئەفسانەییو سمبولی ئەفسانەیی ئەویست تا لەئاستی ڕوداوەکاندا بێتو نەزمی هەستانەوە دروست بکاتەوەو دلێرانە شکستەکە نەفیبکات. بۆیە لێرەوە جۆرێک وێنەو ڕوداو موفرەداتو پاڵەوان هاتنە ناو دەقەکانەوە کە پێش ئەوە لەئەدەبی کوردیدا وانەبوون.

ڕستەو وێنەو زمانی تەحولاتو گۆڕینی شتێک لەبێگیانەوە بۆ گیاندار، لەحاڵەتێکی ئاسایی نزمەوە بۆ حاڵەتێکی باڵاو شتێکی مەحاڵ. لەحاڵەتێکی واقیعی باوەوە بۆ حاڵەتێکی نیمچە سوریالی.

شیعر بەتایبەتی ئیقاعی لەتیمەی هەستانەوەو ئومێدەوە گۆڕا بۆ تیمەی دوالیزمی شکستو هەستانەوە، ئەم دوالیزمە ڕەنگی لای زۆربەی شاعیرانو زۆربەی دەقی ئەو چەند ساڵەدا دایەوە.

شیعری وا هەیە ئەگەر بچیتەوە سەری دەبینی لەدوو ڕووبەرو دوو فەزا پێکهاتووە، ڕووبەرێکیان دارمان داگیریکردووەو ڕووبەرێکی تریشیان ڕیتمی هەستانەوە. ئەتوانین بەئاسانیش نمونە لای شێرکۆو ئەنوەر قادرو لەتیف هەڵمەتو نەوزاد ڕەفعەتو جەلال بەرزنجیو چەندینی تریان بدۆزینەوە.

ئەو دوالیزمە، لەشیعری ئەو سەردەمەدا بووبوو بەرەگەزی زاڵبوو (العنصر المهيمن) بەڵام ئەویش بەشێوازی جیاواز.

هەربۆیە شتێکی سەیر نەبوو مەحاڵو زمانو وشەو وێنەی سۆفیزمو سوریالانە بێنە ناو ئەو دەقانەوە. شاعیرێک بڵێت بووم بەڕوبار یا بەتەم، یا بووم بەئەستێرەو ئاسمانم گرت. یا شاعیرێک بڵێت ئەتوانم هەموو ڕوبارەکانی دنیا کۆکەمەوەو بیانکەم بەماچێ. واتە وێنەو زمانو ڕوداوێک دروست بکات لەڕوداوی ئاساییو زمانو وێنەی واقیعیو ئاسایی لابدات. چونکە ئەو شکستە ئەوەندە خەستبووە باسکردنی پێویستی بەزمانو شێوازی ئەفسانەیی هەبووە. هەمیشە شکست هێزو توانایەکی سەرو توانای ئاسایی دەوێ بۆ ئەنجامدانی هەستانەوە.

ئا لێرەوەیە ئەفسانەیەکی وەک ئەفسانەی سیزیف ڕێگای خۆی بۆ ناو شیعرو چیرۆکی کوردی ئەدۆزێتەوە تا بەشێوازی جیاوازو ژانری ئەدەبیی جیاوازو دیدی جیاواز بنوسرێتەوە.

جگە لەوەی هەڵبژاردنی ئەفسانەو جۆری ئەفسانەو هەموو کارتێکردنێک تاڕادەیەک پەیوەندی بەوەعی نووسەرەوە هەیە، بەڵام زەمەنو دەوروبەرو چەشنی ڕوداوو حاڵەتیش پەیوەندییان بەو هەڵبژاردنەوەوە هەیە، بۆیە نەئەکرا لەپەنجاکانا یا شەستەکاندا سیزیف بهاتایەتە ناو شیعرو چیرۆکی کوردییەوە، چونکە ئەو سەردەمە سەردەمی ئومێدو هەستان و بێداربوونەوە بووە نەک شکستو بێ ئومێدیو پاشانیش کارکردن بۆ سەرلەنوێ بیناکردنەوە. وەک ئاشکرایشە سیزیف ڕەمزی نائومێدیو شکستو دووبارەبونەوەیە بۆیە لەدوای نشستی ١٩٧٥ ڕێگا بۆ لای ئێمە دەگرێتە بەر تا تێکەڵی دەقی کوردی ببێت. لەوکاتەدا ڕەوف بێگەرد چیرۆکی (بوار) ئەنووسێو تیایدا ئەفسانەی سیزیف بەکاردەهێنێ بەڵام لەڕێگای دوالیزمی شکستو هەستانەکەوە. ئەمجارەش سیزیفی پاڵەوانی چیرۆکەکە هەر بەرد دەباتو هەر دەگات و هەر دەکەوێتەوە ئەمە تا ئێرە سیزیفی ئەفسانە بیانییەکەیە کەشکستەکە دەرئەبڕێ. لەناو چیرۆکەکەدا، لەوکاتەدا سیزیفە کوردەکە دەرئەکەوێ کە بڕیار ئەدا هەر بپەڕێتەوەو کۆڵنەدا تا لەچیرۆکەکەدا ڕوی دووەمی دوالیزمەکە پیشان بدات کەهەستانەوەکەیە. هێنانی ئەفسانەی سیزیفو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بۆ دەربڕینی هەستانەوە بەمەبەستی نەفیکردنی شکستەکەیە. نەفی واقیعەکەیە کە لەئاستی ئەفسانەدایەو بەباشی دەخرێتەڕوو بەباشیش وەک چارەسەری هونەری لەناو ئەبرێ.

دەروێش

ئەو دەروێشەی

دڵی لەبەر هەتاوی عەشقدا هەڵدەخست

پاڵی بەئاسۆوە دەداو

لەسەر دڵۆپە بارانێک

لەسەر گۆنای ئێوارانێک

ڕوخساری خوای ڕەسم دەکرد

شەوێک لەگەڵ نەرمەبایەکی فێنکدا

بەڕێ کەوت

چەمەکانی کردە بەرو

بەسەر کێوی نهێنیەکاندا سەرکەوت.

کاتێ چاوم پێکەوتەوە

کەشکۆڵەکەی

پڕ لەڕووناکیو باران بوو

پۆلێک گزنگ بەسەریەوە نیشتبۆوەو

سەری ماندوی

بەئامێزی گەرمی خەونەکان کردبوو

ڕوبارێک لەژێر پێلویدا پاڵکەوتبوو

لەگەڵ خۆیدا

ناونیشانی دەریای هەڵگرتبوو

**شیعر حیکایەتێکە بۆ گێڕانەوە**

وا دائەنێین ئەم شیعرە حیکایەتێک ئەگێڕێتەوە، بەڵام حیکایەتی سۆفییەکو کردارێکی کە لەچوارچێوەیەکدا بەندکراوە. ئەگەرچی هەندێ جار سۆفییەکان کردارەکانیان ئەوەندە پڕو غەریبو زادی ساتن، نووسینو زمان دەرەقەتیان نایەت.

تەنانەت دەکرێ لەقاڵبێکی غینائیشدا، حیکایەتێک بگێڕێتەوە، بەواتایەکی تر دوو ژانری جیاواز لێکبدەی، ژانرێکی غینائی پڕ لەخودو خەسڵەتی حیکایەتیش کەسەر بەژانری گێڕانەوەیە.

ئەم دەقە ڕاناوی قسەکەر تیایدا لەسەرەوە تا کۆتایی بوونی هەیە، ئەم جۆرە ڕاناوەیش زیاتر لەچوارچێوە لیرکییەکاندا وەدەرئەکەون.

لەم دەقەدا ئەرکی ڕاناوەکە ئەوە نییە باسی خۆیو نهێنییە شاراوەکانی ناخی خۆی بکات بەڵکو باسی کەسێکی دی ئەکات کردارەکانیو ڕابردوو و ئێستاو ئایندەی ئەگێڕێتەوە. کردارو پاڵەوانێتی دەروێشێک. بۆیە ڕەگەزی حیکایەتو تاڕادەیەک چیرۆکیش ئەبێ بەسیما هونەرییە دیارەکانی. حیکایەتخوان دەوری شاعیر ئەگێڕێ. ڕاستەوخۆ لەکۆتاییدا حیکایەتخوانەکە تێکەڵ بە (ئەو)ی دەقەکە نابێت کەتەوەری سەرەکییە بەڵام ئەو وەسفانەی کەحیکایەتخوانەکە بۆ ئەوی ناو دەقەکە (دەروێشە)ی دەکا جۆرێکن لەستایشکردن و لادان بەلایدا. ئەمەش بۆ خۆی لەکۆتاییدا ئەبێ بەهەڵوێستێکی ئیدیۆلۆجی. ڕاستە حیکایەتخوانەکە مەسافەیەک لەنێوان خۆیو ئەوی وەسفکراو (دەروێشەکە) بەجێدێڵێ، بەڵام ئەمە بۆ ئەوە نییە وەک هەڵوێست لەگەڵی نەبێ بەڵکو بۆئەوەیە لەدیدی تایبەتی خۆیەوە چاودێری بکاتو کردارە غەریبە ئەفسانەییە نیمچە سوریالییەکانی بژمێرێ، نەخشەی کۆتاییو هەڵچوونو شکۆمەندیو بەرزیی بکێشێ.

مادەم باسی بونیادی حیکایەتئامێزو حیکایەتخوانم لەدەقەکەدا کرد ئەوە پێویستە باسی جۆرەکەیشی بکەم بۆئەوەی دیدو بۆچونی و شێوەی وەسفکردنو چاودێری دیاری بکەم.

لێرەدا پێکهێنانی باسکراو یا گێڕاوە (المروی)، گێڕاوەیش (دەروێشو کردارەکانێتی)، پەیوەستە بەدیدی حیکایەتخوانو جۆری حیکایەتخوانەوە، ئەو دیدەی کە ئەم لەڕێگایەوە ماجەرای ناو دەقەکە پێشکەش بەخوێنەر ئەکا.

لەهونەری گێڕانەوەدا ڕەخنەگرو تیۆرداڕێژان، زۆریان باسی گۆشەنیگایان کردووەو بەستویانە بەحیکایەتخوانەوە.

تۆماتشفسکی کەیەکێکە لەتیۆرداڕێژەکانی فۆرمالیزمی ڕوسی باسی گێڕانەوەی مەوزوعیو گێڕانەوەی خودی ئەکا. نووسەر لەگێڕانەوەی مەزوعیا ئاگای لەهەموو شتێکە، تەنانەت بیروبۆچوونە نهێنییەکانی کەسەکانیش، بەڵام لەسیستمی گێڕانەوەی زاتیا، لەڕێگای چاوی حیکایەتبێژەکەوە سەیری چۆنێتی بەرەوپێشچونی گێڕانەوە ئەکەین.

لەحاڵەتی گێڕانەوەی یەکەمدا نووسەر بەرامبەر حیکایەتخوانی بێلایەنە، چونکە بێلایەنانە، وەسفی ڕووداوەکان ئەکات.

لەگێڕانەوەی زاتیدا لەدیدی حیکایەتخوانەوە ڕوداو پێشکەش دەکرێ، تەئویلێکی دیاری بۆ ئەکاو دەیسەپێنێ بەسەر خوێنەراو داوایشی لێئەکات باوەڕی پێبکات. نمونەی ئەم شێوازە ڕۆمانی ڕۆمانسیو ئەو ڕۆمانانەن کەپاڵەوان یا کەسێتی گرفتاوییان هەیە. باسکردنی گێڕانەوەو جۆری حیکایەتبێژ لەلای زۆر هاتووەو هەمویشیان بەزمانی جیاوازی خۆیان، بەڵام مەبەستیان یەکە■

**شیعری کوردیش وەک شیعری میللەتانی تر، کەم تازۆر بەوشیاریو بەعەمد یا بەبێوشیارییەوە بێت سودی لەئایینو ئەفسانەو سۆفیزم بینیوە**



تەوەری "رەفیق سابیر"

# دەلالەتی بەکاربردنی ئەفسانەو سومبولی سۆفی لەئەدەبی ناوەڕاستی حەفتاکاندا

## دەقی دەروێشی رەفیق سابیر بەنمونە



عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

**بەشی دووەم**

باسکردنی گێڕانەوەو جۆری حیکایەتبێژ (السرد والراوی) لەلای زۆر هاتوەو هەمویشیان بەزمانی جیاوازی خۆیان باسیان کردووە، بەڵام مەبەستیان یەکە.

هەرچەندە حیکایەتخوان پەیوەستە بەرەگەزی گێڕانەوەو چیرۆکەوە، بەڵام من لەخوێندنەوەی ئەم شیعرەدا جەختی لەسەر ئەکەم چونکە شیعرەکە لەبنەڕەتدا حیکایەتێکەو دەگێڕێتەوە. منی حیکایەتبێژ کردارەکانی (ئەو)ی ناو دەقەکە دەگێڕێتەوە، تا بزانم شوێنی لەحیکایەتە گێڕاوەکەدا کوێیەو چۆنە و بیشزانین ئایە گێڕەرەوە لەدەرەوە یا ناوەوەی ئەو گوتارەدایە کە دەیگێڕێتەوە.

لەسەدەها کتێبو لێکۆڵینەوەدا جۆرەکانی حیکایەتخوان باسکراون. هەمویشیان لەبۆچوونەکانی تۆدرۆفو جیرارجینێت هەندێکی دی وەرگیراون کە بەم شێوە باسیان کراوە:

أ-حیکایەتخوان لەکەسێتی ناو حیکایەتەکە باڵاترە (دید لەپاشەوە). زیاتر لەڕۆمانو چیرۆکی کلاسیکدا بەکارئەبرێ. لێرەدا حیکایەتخوان زیاتر لەکەسەکە ئەزانێ. بەئاسانی ئەگاتە هەموو شوێنێ، ئەزانێ چی بەدڵو مێشکی کەسەکاندا دێ. زۆری تر بەم جۆرە حیکایەتخوانە ئەڵێن حیکایەتخوانی فرە زانا (الراوی العلیم).

٢-حیکایەتخوان یەکسانە بەکەسێتی حیکایەتەکە (دید لەگەڵ):

لێرەدا زانیاری حیکایەتخوانەکە بەقەدەر زانیاری کەسێتی ناو حیکایەتەکە، هیچ زانیاری و تەفسیرێکمان ناداتێ تەنها پاش ئەوەی کەسێتێکە خۆی ئەیزانێ، لەم شێوەدا راناوی قسەکەر یا راناوی بزر بەکاردەبرێ، و حیکایەتخوان شایەتە بەسەر رووداوەکانەوە، یا کەسێکی بەشدارە لەچیرۆکو حیکایەتەکەدا.

٣-زانیاری حیکایەتخوان لەزانیاری کەسێتیەکە کەمترە (دید لەدەرەوە) لەم جۆرەدا حیکایەتخوان کەمتر لەکەسێتی دەزانێ.

بونیادی ئەم دەقە بونیادێکی حیکایەت ئامێزانەیە نزیک لەو حیکایەتە سۆفییانەی کە لەکتێبە مێژوویەکاندا گێڕاونەتەوە. بەڵام بەمەغزاو دەلالەتو ئاماژەی جیاوازەوە لەچوارچێوەیەکی شیعریانەدا. سێ جومگەی هەیە کە لەسەرەتاو ناوەڕاستو کۆتاییدا شاراوەن.

سەرەتاکە بریتییە لەدێڕی یەکەم تا دێڕی شەشەم، تیایدا رابردوی کەسێتییە سەرەکییەکە دەستنیشانکراوە. هونەری گەڕانەوەی بۆ دواوە تیا بەکارهێنراوە.

ئەو رستە وەسفییانەی کە بۆ پاڵەوانەکە کراوەن شوناسەکەی بەخوێنەر دەگەیەنن:

**"دڵی لەبەر هەتاوی عەشقدا**
**هەڵدەخست**
**پاڵی بەئاسۆوە دەداو**
**لەسەر دڵۆپە بارانێک**
**لەسەر گۆنای ئێوارانێک**
**روخسای خوای رەسم دەکرد"**

ئەو شەش دێڕە وەک فلاشباکی ناو چیرۆک دەمانگەڕێننەوەو بۆ دواوە، بۆ رابردو. مەبەستی گەڕانەوەکەیش پیشاندانی شوناسی کەسێتییە. ئەمە بەچەند وشەیەکو لەدەسپێکا ئەکرێ.

دێڕی (٧) تا (١٠) دە ناوەڕاست پێکدێنێ، دوای ئەوەش جۆرێک لەپێشبردن (استباق) بەکارهاتووە. پێشگۆیی و پێشبردنیش لەچیرۆکدا بەپێچەوانەی گەڕانەوەیە بۆ دواوە. پێشگۆیی مانای ئەوەیە دەسەڵاتێکی فراوان بەسەر رووداوەکانی حیکایەتەکەدا لەلایەن حیکایەتخوانەوە دەنوێنرێ.

لەو سێ جۆر حیکایەتخوانەی، کە لەسەرەوە باسمانکردن، حیکایەتخوانی دەقی (دەرویش) لەجۆری دووەمەوە نزیکترە. راناوی قسەکەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی زاڵە. ئەو کردارانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کەسی ناو دەقەکە لەرابردوو ئێستا و ئایندەدا کردونی. واتە تاڕادەیەک حیکایەتخوانەکە یەکسانە بەکەسێتی ناو حیکایەتەکە، گۆشەنیگای (دید لەگەڵ)ی بەکاربردووە. زانیاری حیکایەتخوانەکە بەقەدەر زانیاری کەسێتی ناو حیکایەتەکەیە. ئەوە ناکات شتێکمان بداتێ لەزانیاری بکەری ناو دەقەکە زیاتر بێت، بکەرەکە هەموو شتێکی ئەنجامداوە، لەرابردویا بێت یا لەئێستایا تەواو دەبن، ئینجا حیکایەتخوان دێ پێمانی ئەڵێ و بۆمانی ئەگێڕێتەوە. وەک لەسەرەوە باسمانکرد لەم جۆرە حیکایەتخوانانەدا دەکرێ راناوی قسەکەر یا راناوی بزر بەکارببرێ.

لەم شیعرەدا راناوی قسەکەر زاڵە، هەروەها حیکایەتخوانەکە بۆی هەیە، یا کەسێکی بەشدار بێت لەچیرۆکەکەدا یا شایەت بێت بەسەر کردارو وتەی بکەرەکانەوە. لێرەشدا حیکایەتخوانەکە شایەدحاڵە ئەوە دەخاتەڕوو کەدەیبینێو دەیبیستێ. بەڵام هەر بەگێڕانەوەی لەوجۆرەو زاڵکردنی هەڵسوکەوتو کردارەکانی، تاڕادەیەک دەبێتە لایەنداری ئەو بکەرە. وەک روداوێکی ئاسایی کارەکان ناگێڕێتەوە، مەودایەکی بەهێزی ئەفسانەیی یا هێزی نائاسایی سوفییەکیان ئەداتێ. بۆیە کردارو جوڵەو وەسفکردنەکەیشی لەڕاڕەوی باوو ئاسایی دەرئەچن، چونکە بکەرەکە لەئاستی ئەنجامدانی کاری قارەمانانەو بگرە خەوارقدایە. با سەیری ئەم کردارو وەسفانە بکەین:

(لەسەر دڵۆپە بارانێک روخساری خوای رەسم ئەکرد، چەمەکانی کردەبەر، بەسەر کێوی نهێنییەکاندا سەرکەوت، یان وەسفی حاڵەتی تر:

(روبارێک لەژێر پێلویدا پاڵکەوتبوو)

دیارە چەم لەبەرکردنو رەسمکردنی وێنەی خوا لەسەر دڵۆپە باران، نووستنی روبار لەژێر پێلوی بکەردا، ئەمانە بەکەسی ئاسایی ئەنجام نادرێن.

ئەو حیکایەتخوانەیشی یا ئەو نوسەرەیشی کەبەوشێوە دەیانگێڕێتەوەو لەچوارچێوەی وەسفی ئاساییش دەریان ئەکات ئەیەوێ لەحاڵەتی ئاساییو زمانی ئاساییو ئیرادەیەکی بچوکی سنوردار دوریانخاتەوە.

واتا حیکایەتخوان بەهەڵبژاردنی ئەم دیدە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتو کردارەکانی بکەرەکە، و بەخشینی ئەو توانا بێسنورە ئەفسانەیی و سۆفییانە جۆرێک لەهاوسۆزی لەگەڵ کەسی ناو حیکایەتە شیعرییەکە ئەنوێنێ، لایەنگری ئەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

دیارە حیکایەتخوانیش نوێنەری نووسەرەکە خۆیەتی. (حیکایەتخوان بریتییە لەزاتو خودێکی وەهمی کەنووسەر لەگوتارەکەی خۆیا دایئەنێ تا لەجیاتی خۆی حیکایەتەکە بگێڕێتەوە، لەهەموو حاڵەتێکدا پێیئەڵێین حیکایەتخوان یا گێڕەرەوە، جا ئیتر ئەگەر راناوە بەکارهێنراوەکە راناوی قسەکەر یا کەسی سێ یا هەر راناوێکی تر بێت) کەواتە ویستی نووسەرە کەوایکردووە دەروێشێک هەڵبژێرێو مەودایەکی سۆفیانەی پڕ لەکرداری باڵاو ئەفسانەییو خەواریقی دەروێشانەی پێبنوێنێ.

لەسەر ئاستی زمان، کردارە غەرائیبییەکە کە لەئەفسانەو سۆفیزمدا زۆرن، جوانکارییەکی فراوانی بەڕستەو وێنەو پەیوەندییەکان داوە. لەو زمانە پەخشان ئامێزە ئاساییەی گێڕانەوە دوریخستونەتەوە کە لەڕەگەزی حیکایەتدا هەن. وێنەو سێبەری زمانی ئەفسانەو زمانی سۆفی بەسەرا رشتون. راستە شیعر وەک لەسەرەتادا وتمان، پێویستە بۆ خۆی لەزمانیا، بەسیستمێکی تایبەتی لادانا (الخرق والانریاح) تێپەڕێنرێ تا لەزمانی رۆژانە دەرچێ، بەڵام بەوردبونەوە دەرئەکەوێ ئەم دەقە بەوەرگرتنی ئەو هەموو زمانە غەرائیبییەو ئەو هەموو کردارە خاریقە دەلالەتێکی تایبەتی هەیە. رەمز هەر رەمزێکی سۆفییانە، ناونیشان هەر خۆی بەزەقیو بێوردبوونەوە یەکسەر هەواڵەی دنیای سۆفیانەمان ئەکات. بکەریشە لەدەروێشێکدا دیاریکراوە.

کرداری غەریبو سەرسوڕهێنەری نزیک لەخەواریقی سۆفی، وەسفو زمانێ کە لەوەسفو زمانی ئەدەبی سۆفی ئەچن. ئەمانە لەلای شاعیرێکی نوێخواز چییان لەپاڵدایە؟ چ نهێنییەکی تیا پەنهانە؟ چ دەلالەتێک لەپاڵ بەکارهێنانی ئەم رەمزە سۆفییەو زمانە غەریبە ئەفسانەییە سۆفییەی دوور لەواقیعدا هەیە.

بەشێوەیەکی رونتر ئەڵێین: ئەو شتانەی چ وەک تەکنیکو چ وەک رەمزو روئیا و زمان لەم دەقە نوێیەدا، لەجیهانی سۆفی وەرگیراوە بەم شێوە چڕکراوەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١-بونیاد: مەتنێکی حیکایەتئامێزی ئەدەبی سۆفی کە لەدەقە نوێکەدا مەبنایەکی حیکایەتئامێزی هەیە. هەرچەندە رەگەزی حیکایەت هەر تەنها موڵکی ئەدەبی سۆفی نییە. شیعرییەتیش لەمەبنا حیکایەتئامێزەکەدایە کەهەناسەی شیعری گرتووەو شاعیریش بەپرۆسەی بەنامۆکردن (التغریب) روداوو زمانی ئاشنای نائاشنا کردووەو گەیاندوویەتییە ئاستی بەنامۆکردن.

٢-کەسێتی یا بکەر: دەروێشێک کە لەئاستی پاڵەوانی ئەفسانەییدایە. ئەمەش بۆ خۆی، راستەوخۆ، سەرچاوە سۆفیگەرییەکە دەرئەخات.

٣-کرداری خاریقو غەریبو شەتەحدەربڕین بەکردەوە. تەواو لەخەواریقو کەراماتی دەروێشو سۆفی ئەچێ. (لەدەقی کەراماتو خەواریقدا دیدێکی دیاریکراو بۆ جیهان هەیە تیایدا باوکاریو دەستور، لەڕێگای کرداری سەرسوڕهێنەرەوە دەخرێتە لاوە) (السرد العربی القدیم/ الانساق الثقافیة واشکالیات التأویل. د. زیاو الکعبی).

سەرسوڕهێنەر لەوکاتەدا تەنها بەکەراماتەکەوە ناوەستێ بەڵکو پاڵەوانی سۆفیش ئەگرێتەوە، هەروەها کات شوێنی دیاریکراویش. د. زیاو لەهەمان سەرچاوەدا ئەڵێ:

رەنگە دەقی کەرامات کەسێکی مێژوویی راستەقینە بکات بەکەسێکی عەجایەبی سەرسوڕهێنەر کە لەدەقدا تێکەڵاوی خەونو ئەفسانە ئەبێت.

٤-زمانی شیعریی سۆفییانەو سوریالیزمانە. دیارە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیش لەنێوان سۆفیگەری و سوریالیزمدا هەیە. ئەدۆنیس لەکتێبی (سۆفیگەریو سوریالیزمدا) بەجوانی لێیان ورد ئەبێتەوە.

٥-گەشتێکی سۆفیانە کەزیاتر لەشەودا دەسپێئەکاو لەبەرەبەیاندا تەواو کامڵدەبێ، بەڵام گەشتێکە بەسەر شتەکانی دەرەوەدا ئەکرێتەوە، نەک بچێتەوە بەناخدا، کەلای سۆفییەکان باوەو ئەم لادانە لەشیعرەکەدا دەلالەتی جیاواز دەبەخشێ. واتە روئیایەک دەرئەبڕێ هەر خەمی میتافیزیکیانەی نییە. ئەکرێ بەدوو شێوە خوێندنەوە بۆ ئەم دەقەی رەفیق بکەین:

١-لەسەر ئاستی ئاسۆیی: گەشتی دەروێشێکە سروشت لەدەستیا دەبێ بەهەویرو کرداری سەرو واقیع دەنوێنێ. ئەمەیش بۆ خۆی ئەزمونێکی وجودیانەی سۆفییە، نهێنی جوانی جیهان کەشف ئەکات بەشێوازێکی شیعریانەی جوان، وەک ئەوەی بۆ یەکەم جارە جیهانو کرداری لەوجۆرە ببینین: "چەمەکانی کردەبەر، پۆلێک گزنگ بەسەریەوە نیشتبۆوە، سەری ماندوی بەئامێزی خەونەکانا کردبوو..".

هەموومان بەهەموو ئاستە جیاوازەکانمانەوە کە لەیەکەم دێڕەوە دەستئەکەین بەخوێندنەوەی ئەم دەقە تا کۆتاییەکەی، لەگەڵ جیاوازی ئاسۆی چاوەڕوانیماندا (افق الانتظار) و رادەی ئامادەیی زاتمان بۆ وەرگرتن، لەخوێندنەوەی یەکەمدا، بەحاڵەتێکی ئاساییدا تێئەپەڕین. واتە بەپێی دەسپێکو ناوەڕاستو کۆتایی، بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەردەوام، وشە وشەو رستە رستەو وێنەو وێنەو روداو روداو وەرئەگرین. ئەم قۆناغە، کاتی خوێندنەوە، هەموو خوێنەرێک ئەیبڕێ. لەسەر ئاستە ستونییەکە کارە تەئویلییەکە خەست ئەبێتەوە. بۆچوونەکان بەپێی رادەی گەیشتنو ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران جۆراوجۆرو فرە دەبن.

بڵێی، وەک لەخوێندنەوە ئاساییە ئاسۆییەکەدا، دەرئەکەوێ، لەکۆتایی دەیەی حەفتای سەدەی رابردودا، شاعیرێکی نوێخواز بێتو لەدەقێکی ئاوەها جواندا هەر ئەزمونێکی سۆفیانەمان پێشکەش بکات؟ ئەم پرسیارەی کەهەندێک رەوتی رەخنەی ئەدەبی روبەڕوی دەقو نوسەریان ئەکردەوەو پرسیاری (ئەی کوا هاوچەرخییان لێئەکرد؟) واتە ئەگەر ئەو رەمزو ئەفسانەو کەلەپورو رۆشنبیرییە رابردوانە لەدەقێکی نوێدا بەکارببەین کوا هاوچەرخی لەپاڵیاندا؟ وەک ئەو پرسیارەی هەندێک لەڕەخنەگرانی ئێران، بەتایبەتی مارکسییەکانیان، لەدەیەی شەستو حەفتادا، لەوەختی پێداگرتن لەسەر مەسەلەی ئیلتیزام، لەسوهرابیان ئەکرد. بۆ نمونە سوهراب لەشیعرێکیا دێت وێنەی شوێنێک ئەکێشێ پڕە لەخەسڵەتی جوانو شادی. رەخنەگرێکی وەک (عبدالعلی دست غیب) کە کەسێکی بەتوانایە دێ و بەگاڵتەوە ئەڵێ: ئەی کوا ئەم شوێنە لەکوێیە؟ رۆژهەڵاتە یاخود رۆژئاوا؟ یاخود ئەو پرسیارە فیکرییەی کە پەیوەندی بەشوێنو زەمەنو شوناسی نوێوە هەیەو رەزا براهنی لەکاتی خوێندنەوەی دەقی (ناونیشان)دا لەسوهرابی سپهری دەکات. بۆ رونکردنەوەی زیاتر شیعرەکەی سوهراب بەتەواوی ئەهێنمەوە، هاوڕێم ئازاد بەرزنجی وەریگێڕاوە:

**"ماڵی یار لەکوێیە؟ سپیدە بوو**
**وەختێ سوارەکە پرسی. ئاسمان**
**هەڵوەستەیەکی کرد.**
**ریبوارەکە ئەو لقە نورەی بەلێویەوە**
**بوو**
**دای بەتاریکیی لمەکان**
**پەنجەی بۆ سنەوبەرێ درێژ کردو**
**وتی:**
**ناگەیتە درەختەکە**
**کۆڵانی باخێ هەیە لەخەونی خوا**
**سەوزترە**
**تیایدا عیشق هێندەی پەڕو باڵی**
**راستگۆیی شینە**
**ئەڕۆی تا کۆتایی ئەو کۆڵانەی کە**
**لەودیو باڵقبوونەوە سەردەردێنێ**
**ئینجا، بەرەو گوڵی تەنیایی پێچ**
**ئەکەیتەوە**
**دو هەنگاوت بۆ گوڵەکە ئەمێنێ**
**لای فوارەی نەمری ئەفسانەکانی**
**زەوییەوە ئەمێنیتەوە**
**ترسێکی تەنک داتئەگرێ.**
**لەبێگەردیی رژاوی فەزادا خشەخشێک**
**ئەبیستی:**
**منالێک ئەبینی**
**بەسەر دارکاژێکی بەرزدا**
**سەرکەوتووە**
**تا لەهێلانەی نوورا بێچوو دەربێنێ.**
**لێێ ئەپرسیت**
**ماڵی یار لەکوێیە؟**

زۆر لەرەخنەگرانی ئێران ئەم شیعرەی سوهراب بەئەزمونێکی سۆفییانەی باڵا دائەنێن. د. محەمەد ئیبراهیم چرابیها لەکتێبی (نگاه ناب/ تفسیری جامع، نمادین، عرفانی وادبی از مجموعه اشعار سهراب سبهری) دا یا د. سیروس شمیسا لەکتێبی (نگاهی بەسپهری) تەفسیرێکی عیرفانانە بۆ ئەم دەقەی سوهرابو چەندەها دەقی تری ئەکەن. تەواو وشە بەوشەی شیعرەکە دەگەڕێننەوە بۆ زاراوەکانی دنیای سۆفیزمو هەندێک جاریش بەزۆر لەگەڵ یەکدا بێ رەچاوکردنی موفارەقەی شیعری، جوتیان ئەکەن. واتا ئەوان لەو جوتکردنەدا جوانکارییەکە دەبیننەوە. بەڵام دەکرێ دوور لەدەسەڵاتی جوتبونەکەیشی بەپێکهاتەیەکی زمانەوانی و ستاتیکی جوانیان دابنێین.

لەو دەقەدا سوارێک پرسیارێک لەرێبوارێک ئەکا، ئەڵێ: "ماڵی یار لەکوێیە؟" سپیدە بوو سوارە پرسی.

د. محەمەد ئیبراهیم ئەڵێ: "مەنزڵی یار" شوێنی جێگیربوونی خودایەو لەبەرئەوەی خوا بێ مەکان و زەمانە، بەواتایەکی تر خانەی دۆست ماڵی خودایە، ماڵی خودایش دڵی مرۆڤی سالیکە. یا پێی وایە دۆست لەدەقەکەدا خودی خودایە.■



**گەشتێکی سۆفیانە کەزیاتر لەشەودا دەسپێئەکاو لەبەرەبەیاندا تەواو کامڵدەبێ، بەڵام گەشتێکە بەسەر شتەکانی دەرەوەدا ئەکرێتەوە، نەک بچێتەوە بەناخدا، کەلای سۆفییەکان باوەو ئەم لادانە لەشیعرەکەدا دەلالەتی جیاواز دەبەخشێ**

**بونیادی ئەم دەقە بونیادێکی حیکایەت ئامێزانەیە نزیک لەو حیکایەتە سۆفییانەی کە لەکتێبە مێژوویەکاندا گێڕاونەتەوە. بەڵام بەمەغزاو دەلالەتو ئاماژەی جیاوازەوە لەچوارچێوەیەکی شیعریانەدا. سێ جومگەی هەیە کە لەسەرەتاو ناوەڕاستو کۆتاییدا شاراوەن**



تەوەری "ڕەفیق سابیر"

# دەلالەتی بەکاربردنی ئەفسانەو سومبولی سۆفی لەئەدەبی ناوەڕاستی حەفتاکاندا

## دەقی دەروێشی ڕەفیق سابیر بەنمونە

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**

**بەشی سێهەمو کۆتایی**

د. سیروس شمیسا لەو کتێبەدا کەناومانهێنا ئەڵێ: کەسانێک ئەم شیعرەی بەیەکێک لەشیعرە باشەکانی ئەزانن و ئەندێشەیەکی زهنیی روت دەرئەبڕێ. ئەویش پێی وایە مەنزیلی ناو دەقەکە شوێنی خودایەو بۆ گەیشتن و شادبوون پێی، ئەبێ سالک دە قۆناغ ببڕێت. وەک: ١-قلب ٢-عشق٣-معرفت٤-استغناء٥-توحید٦-حیرت٧-فقر وفنا.

جا دێت ئەم حەوت قۆناغو ناونیشانانە لەدەقەکەی سوهراب دەرئەکاتو بەراوردیان ئەکا بەو قۆناغە زانراوانەی کە لەکتێبە ئاینییەکاندا هاتوون. تەنانەت هاتووە لەلاپەڕە (٢٦٤)دا هاوکێشەیەکی بەم شێوەیەی خوارەوە، بەمەبەستی جوتکردنی حەوت قۆناغەکەی سەرچاوە ئاینییەکانو حەوت قۆناغ و نیشانەکانی دەقەکەی سوهراب، کردووە:

(درەختی سپیدار: قلب، کۆڵانی باخ = عشق، گوڵی تەنیایی = استغنا، فوارەی ئەفسانەو ترسی تەنک = مەعریفەتو حیرەت، بێگەردیی ڕژاوی فەزا = تەوحید، مناڵی سەردار کاژ = حیرەت، هێلانەی نور = فوقر و فەنا).

ئەم جوتکردنە سەرکێشیی ڕەخنەگر ئەنوێنێ. غەدرێکیشە لەشاعیر ئەکرێ.

ڕەزا بەراهنیش خوێندنەوەیەکی جوانی بۆ ئەم دەقە کردووە. بەڵام گرفتەکەی ئەمیش، لەگەڵ ئەو شیکردنەوە جوانەیدا، لەوەدایە کەئەو هەموو نرخە ستاتیکیاەی کە لەم دەقەدایە دەکا بەقوربانی پرسیارێک، تەرحکردنی شیاویشەو تاڕادەیەکیش گرفتاوییە.

پرسیارەکەیشی دەربارەی هاوچەرخیو جێگاو مەوقیعی دەقە لەڕووی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەردەم. ئەو ئەڵێ: ئایە لەسەردەمی ئێستادا، کەسێک بەم شێوە عاریفانە، ئەتوانی ناونیشانی دۆستی خۆی پەیداکات؟ وەختێک هەموو شتێک لەحاڵەتی شێواندنی هەموو شتێکدایە توانای ئەوە هەیە مرۆڤ لەو کوچە باغەوە تێپەڕێ؟ یا لەلاپەڕەی (٢٩١)داو لەهەمان نوسیندا ئەڵێ: یەکەم جار ئینسانو پاشان عیرفان ئەبێت ئامانجی هەرکەسێ بێت کەڕۆحێکی عاریفانەی هەیە، ئەگینا هێزی ئەهریمەنیی جیهان داگیرئەکاتو پشتکردن لەم دنیایە، کارێکی ڕاست نییەو بەداخەوە سوهراب پشتی لەم دنیا ئاڵۆزو شێواوە کردووە".

ئەم خوێندنەوەیەی ڕەزا براهنی یەکێکە لەو شیکردنەوە جوانانەی کەبۆ ئەم شیعرە کراوە بەڵام ئەو پرسیارەی کەخستویەتیەرو پێیناکرێ ئەو هەموو نرخە هونەریو تەکنیکیو ستاتیکییە جوانە وەلاخا، لەوێنەو خەیاڵو پێکهاتە. تاڕادەیەک ئەو پرسیارە ڕەوایە، بەڵام نەک تا سنوری ڕێگرتن لەدەربڕینی هەستو وزەی تاکو کردنی ئەو پرسیارە بەپێوەرێکی نەگۆڕ، لەهەموو دەقێکی فلان یا فیسار شاعیر بکرێ. ئەکرێ شاعیر باسی زاتو تاکی خۆی بکات ئەکرێ لەچەندین دەقی ترا ئەزمونێکی تری هەبێ لێوانلێو لەخەموخەفەتی کۆ. یەکێک لەو گرفتە گەورانەی کەنوێگەری تێکەوت پەراوێزخستنی لایەنە ڕۆحییەکانە لەسەر بنەمای دەرخستنی جەستە. لەبنەڕەتدا یەکێک لەکێشەکانی ئەدەبی ئەم وڵاتانەیش کێشەی فەرامۆشکردنی زاتی شاعیرە تاکەکەیە تاڕادەی توانەوەی لەناو کۆدا. پێموایە ئێستا ڕەخنەگری گەورە ڕەزا براهنی تاڕادەیەک دیدی گۆڕابێ، بەتایبەتی پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی (خطاب بەپروانها).

لەسەر ئاستی ئاسۆیی شیعری (دەروێش)ی ڕەفیق سابیر باسی کەسێکی سۆفیو کردەوەو ئیشراقاتی ئەکا کە ئەکرێ لەهەموو زەمانو شوێنێکدا وەک دەقێکی باڵاو جوان بخوێنرێتەوەو هێزێک بێت پاکیو سەفاو ئیرادە بەخوێنەر ببەخشێ، پرسیاری کوا وەڵامی هاوچەرخی بەو تەرحە ئایدیۆلۆژیانە لەبەهاو جوانی کەمنەکاتەوە.

بۆ تەئویلکاریش لەسەر ئاستە ستونییەکە ئەوە ئەو ئەزمونە سۆفییە زیاتر بەرەو دەرەوەمان ئەبات، نابێت بەخەمێکو ڕوئیایەکی میتافیزیکیو بەس. پڕیەتی لەهەرەکەتو هەڵچوون و بەرزبوونەوەو پاکژبونەوە.

شیعری نوێ شیعری خەونو ڕوئیایە، بەڵام ئەمە نەبەمانای ئەوەی واقیع ڕەتکاتەوەو نە بەمانای ئەوەی واقیع وەک مەرجەعی ڕوت داگیربیکات. واقیعێکی تر ئەخولقێنێ، پێیئەوترێ واقیعیەتی دەق (ڕوئیا کە لەدەلالەتی بنەڕەتیدایە مانای (خەون) ئەگەیەنێ جۆرێکە لەپەیوەستبوون بەجۆرێک نیازو ئارەزو کەنەهاتونەتە دی.

لەخەونو ڕوئیادا شاعیر دەرەوە دەستەمۆ ئەکاتو پەلکێشی ناوەوەی خۆی ئەکات، جیاوازی لەنێوان خودو دەرەوەدا نامێنێ).

محەمەد جەمال بارود جیاوازی لەنێوان دیدی کۆنو دیدی نوێدا ئەدۆزێتەوەو ئەڵێ لەخەونو ڕوئیادا باسی سۆفی ئەکەین، بەڵام لەدیدو خەونی نوێدا باسی مرۆڤێکی گەردونی ئەکەین.

لەلای ئەو مرۆڤی گەردونی لە (خەونی) نوێدا دەچێتە سەر کردار بۆیە سۆفی لەجیهانی پاش بینراودا ئەمێنێتەوە، بەڵام مرۆڤی گەردونی دەچێتە درامای بوونە ئینسانییەکەوە، بەدوای چۆنییەتێکی ترا ئەگەڕێ بۆی. بۆئەوەی تەنها بەتەئویلە میتافیزیکییە تاکڕەهەندەکەوە نەوەستین، لێرەوە چوارچێوە کاری بۆ دەقی دەروێش ئەکەین.. ئەیخەینە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە. ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین ئەم دەقە ساڵی ١٩٧٨ نوسراوە. یەعنی لەو ساڵانەدا کەدوالیزمی شکستو هەڵسانەوە لەشیعری کوردیدا زاڵبووە.

شکست پێویستی بەهەڵسانەوە بوو. بەنەفی واقیعی شکست بوو، بەکردارێکی وەها، زەبری هەبێ بۆ ئەو نەفیکردنو هەستانەوەیە، پێویستی بەکەسانێک هەبوو ئەفسانەیی، ئا لەوکاتانەدا ئاتاج بۆ ئەفسانەو هەناسەی داستانئامێزو سیحری ڕەمزی سۆفی دەرکەوتووە.

ئەم دەقە یەکێکە لەبەرهەمەکانی ئەو سەردەمە. لەم چوارچێوە داڕشتنە مێژوویەدا، دەروێش هەر تەنها بەدەروێشێکی ئاسایی و دەقەکەیشی وەک بونیادێکی حیکایەتی سۆفییانەو کردارەکانی پاڵەوانیشی هەر تەنها لەبازنەی خەواریقی سۆفییانەدا نامێنێتەوە. بەڵکو مەودایەکی نوێترو شۆڕشگێڕانە وەرئەگرێ، دەروێش وەک سەرکردەیەکو نمونەیەکی باڵا تەئویلئەکرێ. ئەو کاتەو ئەو سەردەمە ڕەشە، نمونەیەکی باڵای ویستووە هەڵکشێتەوە، هەموو ناپاکییەک ونکات. ئارەزوی قارەمانانەی گەرەکبووە.

**"پۆلێک گزنگ بەسەریەوە نیشتبۆوە
سەری ماندوی بەئامێزی گەرمی
خەونەکان کردبوو"**

ئەو نمونە باڵایە پێویستی بەپاکیو پاکژبوونەوەو ڕاستگۆی بووە. گزنگ مەدلولەکەی پاکی و سەفاو پاکبونەوەیە، بەڵام گزنگ لەدەقەکەدا بەسەر سەریەوە نیشتۆتەوە پۆلە گزنگەکە بەسەر دەستی یا سینگی یا قاچێوە نەنیشتۆتەوە پەیوەندی گزنگو سەر لێرەدا پەیوەندییەکی مەوزیعییە.

ئاشکرایە (سەر) جێگاو سەرچاوەی بیرکردنەوەیە، سەنتەری کۆنترۆڵکردنی لەشو بیرە. دانانی گزنگ لەسەر سەر ئاماژەیە بۆ جۆری پاڵەوان کەدەبێ بیروبۆچونێکی ڕۆشنو پرشنگداری هەبێت.

**شیعری (دەروێش)ی ڕەفیق سابیر باسی کەسێکی سۆفیو کردەوەو ئیشراقاتی ئەکا کە ئەکرێ لەهەموو زەمانو شوێنێکدا وەک دەقێکی باڵاو جوان بخوێنرێتەوەو هێزێک بێت پاکیو سەفاو ئیرادە بەخوێنەر ببەخشێ**

**"سەری ماندووی بەئامێزی گەرمی
خەونەکان کردبوو"**

ئەقڵو خەون نوێبونەوە بەبیرکردنەوەی پاڵەوان ئەدەن. هەر خەونە گەشە بەکردارەکانی ئەدا. کەسی ماندوی تێکۆشان چەند بجوڵێو کرداری هەڵسانەوە بژمێرێ دە ئەوەندە پێویستی بەخەون هەیە، ئەگەر خەون نەمێنێ کرداریش پەکیدەکەوێو ئەسوێ "ڕوبارێک لەژێر پێلویدا پاڵکەوتبوو لەگەڵ خۆیدا ناونیشانی دەریای هەڵگرتبوو".

ڕوبار دەلالەت لەحەرەکەتو بەردەوامبوون وکشانو هەڵچوون ئەکات. بەڵام چ دەلالەتێک لەپاڵ پاڵکەوتنی ڕوبار لەژێر پێلوی دەروێشدایە؟ دیسانەوە پەیوەندی نێوان ڕوبارو پێلو پەیوەندییەکی مەوزیعییە. ڕوبار و پێلو لەوەدا نزیکایەتییان هەیە کە هەردووکیان پەیوەندییان بەشلەمەنییەوە هەیە، لەکۆکردنەوەیاندا جۆرێک لەغەرائیبیەتو نەزمی سوریالیانە پەیدا بووە.

ڕوبار ڕەمزە بۆ جوڵەو بەردەوامبوونو وەستان دژی کەوتنو کپبوون؟. هەروەها دەلالەت لەگۆڕانکاریو خۆگۆڕین ئەکات. هەر بەخۆیەوە ناوەستێ بەڵکو ئامانجی لەخۆی گەورەتری هەیە، ئەویش گەیشتنە بەگەورەترو گرنگتر.

دەریا ئامانجەکەیە. توانەوەی دەروێش لەشتە مەزنەکەدایە کەدەریایە، دەریای ڕەمزی زیندبوونو جوڵەو ژیانو ژیانەوە.

ئەو هەموو کردارە زلە بێسنورانەی دەروێش بەرەو جیهانی دەرەوەیە نەک گرژبوونەوە لەقاوغی زاتی خودا. دیارە ئەمە ئەگەر تەئویلی لەو چوارچێوە مێژوویەی سەرەوەدای بۆ بکەین.

لەکارەساتی شەڕی حوزەیرانا، لای فەلەستینیەکان، کە لەئەدەبەکەیشدا ڕەنگیدانەتەوە، دەبینین کەسو پاڵەوانی نمونەیو میسالییان دورستکردووە چونکە بۆ دیدی هەستانەوە پێویستیان بەو نمونە باڵایانە هەبووە.

لای ئێمەیش بەدوو چەشن ئەو جۆرە نمونە باڵایانەمان خولقاندووە، یەکێکیان بەشێوازی واقیعی و زۆرجار ڕاستەوخۆ، دووەمیشیان بەشێوازی ناڕاستەوخۆ و لەڕێگای بەکارهێنانی ئەفسانەو ڕەمزی سۆفییانەوە. شیعرەکەی ڕەفیق سابیر دەکەوێتە خانەی دووەمەوە. یەکسەر بەکەرەستەی واقیعی ناچینە سەر بابەت و ڕووداوە واقیعییەکە، بەڵکو بەنهێنییەکانی دنیای سۆفییو ئەفسانە ئەچینە سەری. ئەمەش لەوکاتەدا لەبەر ڕەقابەو ڕەقیب و ترس نەبووە، بەڵکو وەعیو هەستکردنبووە بەگرنگیی باڵای ئەو هێزە سیحریو جوانەی کە لەسەرچاوەی دنیای ئەفسانەو سۆفییدا هەیە.

شیعری دەروێش گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی نمونەی باڵا لەسەردەمی شکستدا، گەڕانە بەدوای پاکژبونەوەدا لەسەردەمێکدا نائومێدیو گەردو بێباوەڕی بیرو دەرونی تەنیبوو.

**شیعری دەروێش گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی نمونەی باڵا لەسەردەمی شکستدا، گەڕانە بەدوای پاکژبونەوەدا لەسەردەمێکدا نائومێدیو گەردو بێباوەڕی بیرو دەرونی تەنیبوو**

دیارە نمونەی واقیعیمان زۆر بووە. ڕەفیق سابیر خۆیشی نمونەی واقیعی لەم بوارەدا هەیە، بەڵام سیحرێکی تایبەتی لەو نمونانەدا هەیە کە لەسەرچاوە واقیعییەکە واقیعێکی تر ئەخولقێننو لەو ڕێیەدا ئەفسانە و سومبولی سۆفیگەری بەکارئەهێنن.

لەکۆتاییدا ئەڵێم: من لەم نوسینەدا چەند هەنگاوێکی ڕەخنەییم ناوە لەوانە پشت بەستن بەرەگەزی حیکایەتو جۆری حیکایەتخوان، گەڕانەوە بۆ وەگەرخستنی مێژووی نووسین کەئێستا ڕەخنەی پاشبونیادگەری ئاوڕی لێئەداتەوە هەروەها بەدراڤەکردن (سوء التفسیر) کەلای هارولد بلووم نرخی تایبەتیی خۆی هەیە. و لەدەرفەتێکدا بەوتارێک دەچمە سەری.

**×کۆ بەرهەمی د. ڕەفیق سابیر/بەشی دووەم/ چاپخانەی ڕەنج.**
**×تریفەی تەنیایی. شیعری سوهراب. و:ئازاد بەرزنجی.**
**×نگاە بەسپهری، د. سیروس شمیسا. انتشارات مروارید.**
**×نگاە ناب. تفسیری جامع. نمادین وعرفانی وادبی. د. محمد ابراهیم.**
**×الشعر یکتب اسمه، محمد جمال باروت. دمشق ١٩٨١**
**×گلا در مس. رچا براهنی. جلد اول.**
**×بنیە النص السردی. د. حمید لحمدانی.** **بۆ جۆرەکانی حیکایەتخوان سودم لەتاریفکردنی ناو ئەم کتێبە بینیوە ئەتوانین زیاتر لەشەست کتێب ببینین، ئەم جۆرە حیکایەتخوانانەیان تیا دەستنیشانکراوە، بەڵام هەموو لەبۆچوونەکانی تۆدۆرۆفو جیرار جینێتو جان بویونو چەند کەسێکی ترەوەن. ئێستاش بۆچونی جیاوازتر دەربارەی حیکایەتخواتو گێڕەرەوە هاتۆتە ئاراوە■**



تەوەری "ڕەفیق سابیر"

# خەونی ڕۆشنبیری خەباتگێڕ لەبارەی ئازادییەوە

**ن: بوو گوستاڤسۆن**
**و. لەسویدییەوە: حەسەن نوور**

شاعیرو ڕەخنەگری سویدی بوو گوستاڤسۆن نووسیویە: وەرزی سەهۆڵبەندان سەردێڕی کۆمەڵە شیعرێک، شیعری شاعیری شاری ئوپسالا ڕەفیق سابیر، شیعرێکی گەورەی هاوچەرخە، کەدەکرێت بەشیعری وێرانەخاکی ت. س. ئیلیۆت بەراورد بکرێت.

ڕەفیق سابیر، وەرزی سەهۆڵبەندان (دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی لیندێلوۆڤ) گۆران مەریوانی کردویەتی بەسویدی و ڕێبوار سەعید وێنەی بەرگەکەی کێشاوە.

شاعیری کورد ڕەفیق سابیر، ژیانێکی تا بڵێیت، سەختی تێپەڕاندووە. ساڵی ١٩٥٠ لەکوردستانی عێراق هاتووەتەدنیاو لەناوەڕاستی هەفتاکانەوەوەک شاعیر ناوی دەرکردووە. سابیر ماوەیەکی زۆر سەرنووسەری گۆڤارێکی کولتووری بووە، بەڵام کەدەزگاکانی عیراق گۆڤارەکەیان قەدەغەکردووە، سابیر بۆ دەرەوەی وڵات هەڵهاتووە.

سابیر بەدرێژایی یەک دوو دەیە، وەکو کۆچبەر ئاوارەیی چەشتووە. لەساڵی ١٩٨٩ لەسوید گیرساوەتەوەو نیشتەجێی شاری ئوپسالا بووە. لەپاڵ کارەکانی تریدا، درێژەش بەبڵاوکردنەوەی هۆنراوەکوردییەکانی خۆی دەدات. سابیر تا ئێستا نۆکۆمەڵە هۆنراوەی بڵاوکردۆتەوە، چەند کۆمەڵە وتارێک و دکتۆرانامەیەکی لەبارەی گرنگیی کولتوورەوەبۆ خۆناسینی کورد چاپ کردووە.

خوێنەری سویدی ئەمێستا ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوەکەلەڕێی بژاردەیەکی هۆنراوەکانییەوە، ناوی "وەرزی سەهۆڵبەندان"ی لێ نراوە، ئاشنای جۆری شیعر هۆنینەوەی سابیر ببێت. وەرگێڕی بژاردەکە، لەپاش گوتەیەکی زانیارییبەخشدا، هۆنراوەکانی سابیر لەسێ قۆناخدا خانەبەند دەکات. شیعر هۆنینەوەی ژێر کاریگەریی سۆسیالیزمی سەردەمی لاوێتی، شیعرنووسینی تاراوگە بەشوناس هەستی گورتێگەراوی کوردییەوەو سێیەمیشیان ئەو جۆرە هۆنراوە تایبەتانەیەکەلەسوید بەرهەم هێنراون. سابیر تا ئێستا چوار کۆمەڵە هۆنراوەی لەسوید بڵاوکردۆتەوەو ئەم بژاردەیەی ئێستای، بەپێی مەریوانی وەرگێر، وێنەی تێدەبینرێت، کەپێدەچیت ژینگەی نامۆو دووره وڵاتیی وێنەبینیی شاعیریان خاوێن کردبێتەوە، کەبۆ نموونەبۆی دەرەخسێنێت پەخشان ئامێزانەلەخۆی بپرسێت: "بۆ ژیان هێند کورتەو ڕۆژەکان ئەوەند درێژن؟"

**بۆ تەمەن ئەوەندەکورت و**
**ڕۆژەکان هێندەدرێژن؟**

**ڕەفیق سابیری ڕۆشنبیرو تێکۆشەر یان ئەگەر بەزمانی سارتەر بدوێین سابیری ڕۆشنبیری سەرگەرم، لەگەڵ بارودۆخی سویددا نایەنەوەسەر یەک**

سۆراخکردن و تێرامانێک دەنوێنن، کەنیگەرانییەکی ڕاستینەچەمبەری گرتوون.

ڕەفیق سابیری ڕۆشنبیرو تێکۆشەر یان ئەگەر بەزمانی سارتەر بدوێین سابیری ڕۆشنبیری سەرگەرم، لەگەڵ بارودۆخی سویددا نایەنەوەسەر یەک. سابیر نووسەرێکەکوردو ڕۆشنبیرێکەلەپێناو کوردستانێکی ئازاددا تێدەکۆشێت و گەلێکی بەرهەمەکانی لەسۆنگەی هۆی روونەوەئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. ڕاستیگەلێک کەگەواهی ستەم و ڕاوەدوونان دەدەن، کەوەک هاوارێکی زامدار بەرهەمەکانی سابیریان تەنیوەتەوەویەکی لایەنەهونەرییەکانی پێک دەهێنن و لەگۆشەنیگای هونەری و مرۆڤییەوەجۆرێک ڕێز دابین دەکەن. بەڵام کاتێک هۆنراوەگەلێک دەنووسێت (من)ی تاک نێوەندیان دەگرێت، زمانی ئەو گوتەکیی دیار دەکەوێت، بەتایبەتیی لەو دەمانەدا دەربارەی تاسەکردنی خۆشەویستەکەی، دەربارەی تەنیایی و نامۆیی لەتاراوگەدا دەدوێت. هەر لەوکاتەشدایەوێنەگەلێک کەبۆ شیعرنووسینێک دەگەڕێنەوە نەریتەکەی عەرەبییە، هەست و زمانی سابیر دەشیعرێنن. لەو شیعرانەی لەئوپسالا نووسراون داگیرسانەوەیەک لەشیعرە ناوەندییەکانی ڕەفیق سابیردا

**بۆچی زەمان تونێلێکی داخراوە،**
**ڕۆح ئاوێنەی شتەکانەو**
**جەستەژێردەستیی و کەلاوە؟**

(هۆنراوەی گەڕانەوە)

شیعرێکی ئەوینداریی دەقە نێوەندییەکەی "وەرزی سەهۆڵبەندان" هەم بەقەوارەکەچل لاپەڕەیەو هەم بەناوەڕۆک خودی ناوەهۆنراوەکەی کتێبەکەیەو لەتاراوگەو ناوەڕاستی هەشتاکاندا نووسراوە. وەرزی سەهۆڵبەندان هۆنراوەیەکی وەها هاوچاخەکەنەک هەر ڕەنگی باری دەروونی (منی) هۆنراوەکەدەداتەوە، بەڵکوو ڕەنگی نامۆیی و ستەمکاریی سەردەمی ئێمەش دەداتەوە. ئەم هۆنراوەدرێژەلەتاو گوڕی تێرامانەکەیدا وەکوو هۆنراوەی وێرانەخاکی ئیلیۆت دەچێت. تەنانەت لەبواری تەکنیکی شیعرییشییەوە جارێک لەڕێی وێنەمەجازییە زۆرەکانی و جارێکیش لەڕێی وازەمووزیکییەکەیەوەبەوێنەگریی پاتەوپات و سەربەندەکانییەوەهەر بە وێرانەخاک دەچێت.

بەلای کەمەوەوەرزی سەهۆڵبەندان سەرنجی خوێنەر بۆیەڕادەکێشێت چونکەهۆنراوەیەکی ئەوینداریی وەها پێکدەهێنێت، بەرەو ڕووی خۆشەویستێک کراوەتەوە، کەدۆنی کوردستانی خۆشەویستیشە.

**بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم**
**سێبەرەکەم**
**ڕێم پێدەگرێت**
**تاڵەخوێنێک**
**وەکو مار بەدوامدا دەکشێت**
**لەپاڵ بناری ئاگردا**
**پشتم لەگەڵ تاشەبەردێ جووت**
**دەکەم**

**چاو دەبرمەئەو ئاسۆیەی بۆنی تۆی لێ**
**دێت**
**بروسکەیەک درزێک**
**دەخاتەئاسمان و**
**لەسەرڕا**
**ئاسۆ دەقڵیشێت**
**وەکو منداڵێکی تۆقیو سەرم بەکۆشت**
**دەکەم و**
**ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوم بەشاکەزی**
**باراناویت دادەپۆشم**

(هۆنراوەی وەرزی سەهۆڵبەندان)

لەسەردەمی ناکۆکیی ئێتنیکیدا، هاواری سەرگەردانی سابیر بەدوای ئازادی و یەکسانیی بۆ نەتەوەی کوردی خۆیدا ڕەوایەتییەکی گەردوونی بەدەست دەهێنێت. مافی کەمینەکان پرسێکی چارەنووسسازی دونیای پڕ پشێویی ئێمەبووەو لەسەدەی بیست ویەکەمیشدا هەر بەم ئاوایەدەمێنێتەوە■



د. ڕەفیق سابیر - شاعیر

فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

# ژیان لە لای ڕەفیق سابیر



**نەجات نوری**

ژیان لای زۆربەمان هەڵگری زۆر ماناو لێکدانەوەیە. هەریەکەمان ناوێکی لێدەنێین، لە تەمەنی نوسەران و ئەدیبان و ڕۆشنبیران و کەسانی ترەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەماناکانی ژیان دەگەین. زۆرکات ناتوانین ژیان لای هەموو کەسێک وەکو خۆی بخوێنینەوە، چونکە بەوەدا ڕاناگەین تاکەکانی ناو کۆمەڵ هەریەکەیان چۆن چۆنی بۆ ژیان دەڕوانن. بەڵام زۆرکات دەتوانین کار بۆ خوێندەوەی ژیانی ئەو کەسانەبکەین کە دەنوسن. یان دەبنە شاعیرو چیرۆکنوس و ئەدیب، بەوەدا ڕادەگەین کە لە ناو جۆری ئەو نوسینانەوە ژیانی نوسەرەکانیان بە پێناسەی ژیانیشەوە تاڕادەیەک بخوێنینەوە. لای نوسەر هەمیشە ژیانی خۆی و ئەو پێناسەیەی بۆ ژیان هەیەتی لە نوسینەکانیدا دەیخاتە ڕوو.

ئەوکاتانەی منی خوێنەر دەستم کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی رفیق سابیر، بەشوێن ژیاندا گەڕام لە ناو دێڕی شیعرەکانیدا، مەبەستم نەبوو بە شوێن هیچ مانایەکی تردا بگەڕێم تەنها ژیان نەبێت لای ئەم شاعیرە. گرانە خوێنەر زۆرکات بتوانێت ژیان لە بەرهەمی ئەم شاعیرەدا بە جۆرێکی جێگیر لێکبداتەوە. ژیان لای ئەم شاعیرە سەفەرێکە ڕۆحی بۆ هەمیشە لەم سەر زەمینەدا ئاوارە دەکات. شاعیر بەدەست جۆری ئەم ژیانەوە کە بەردەوام لەسەفەرێکی تەمتومان و سەرگەرداندا ماندوی دەکات، بەم سەفەرانەیشەوە شاعیر دێت هیچ کاتێک دەست بەرداری ژیانی سەرزەمینی لەدایک بوونی فەرامۆش ناکات، لە شیعرەکانیدا ژیانی ئەو ئینسانانە دێنێتەوە یاد کە هەمیشە لەناو خوێن و سەرگەردانی و سوتاندا ژیان بەسەر دەبەن. ئالێرەوە خوێنەر زۆرباش هەست بە ویستی رفیق سابیر دەکات کە چۆن چۆنی ژیانی خۆی و ژیانی ئینسانەکانی نیشتمانەکەی لە شیعرەکانیدا وێنادەکات.

ئەوکاتانەی شاعیر بەئاگادێتەوە لەسەفەری ڕۆحی خۆی بە خوێنەر دەڵێت:

**لە ڕۆخی دارستانەکەدا**
**بەئاگا هاتمەوە**
**گۆرانییەکانم بەناو غوباردا پەرتێن و**
**سێبەرەکەم وەکو بەرماڵ**
**لەسەر گولاوێکی نوستوو**
**بەجێمابوو..**
**من لە بێدارییدا تەنیابووم**
**وێنەم ئاگرێکی تاریک داگیرسابووم.**

ژیان لەم دێڕانەوە لای رفیق سابیر پێناسەدەکرێت و دەمانباتەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی خۆی، دەتوانین لەم دێڕانەوە بڵێین شاعیر پێمان دەڵێت ژیانی من بەم جۆرە بووە کە لەم دێڕە شیعرانەدا بۆ ئێوەی دەنوسمەوە، ئەو پێمان دەڵێت کە بە ئاگاهاتمەوە لەڕۆخی دارستانێکدا وەکو کەسانی تر نەبووم تا ژیان لە جوانیدا بناسم و بۆ ژیان خەندەبمگرێت، بەڵکو من گۆرانیەکانم و سێبەرو خۆیشم لەیەک جودا ببوینەوە و هەریەکەمان کەوتبووینە لایەکی ئەم ژیانەوە. گۆرانیەکان کە من لای ئەم شاعیرە، دای دەنێم، بەهەموو ئومێدەکانی، کاتێک بەئاگادێتەوە یان باشتر بڵێم کە ژیان دەناسێت، ئەو ئومێدانەی کە هەیبوون لەناو غوباردا پەرتێن بوون و پێدا ڕاناگات کە لەم ژیانەدا جارێکی تر کۆیانبکاتەوە. ئەمە سەرەتایەکە کە شاعیر بەجۆرێک ژیانی خۆیمان لە شیعرەکانیدا بۆ دەستنیشان دەکات تا پێمان بڵێت زۆر زوو ئومێدەکانی ژیان و گۆرانیەکانی ڕۆحم بۆ هەمیشە لە ڕۆخی دارستانێکدا وون بوون گرانە بتوانم جارێکی تر بگەڕێمە بۆ لایان. خوێنەر ژیانی ئەم شاعیرە بە چەند جۆرێک لەم شیعرەدا دەست نیشان دەکات. جارێک سێبەرەکەی دەبێتە بەرماڵێکی ڕاخراوی سەر گۆلاوێکی نوستوو لە جەستەی دابڕاوە، بەمە کوشتنی جەستەی شاعیر لەسەرەتای ژیانیدا دەردەکەوێت، چونکە ئەو ناتوانێت ئیتر سەفەربکات یان وەکو کەسانی تر بژی ئەو دەبێتە جەستەیەک کە تەنها لە ڕۆخی ژیاندا بەجۆرێک لە جۆرەکان جەستەی مردوە و هیچ سێبەرێک لەم جەستەیەوە خاوەنەکەی ئیتر نایبنێت لەگەڵیدا سەفەربکات، بەمەیش خوێنەر دەگاتە ئەو باوەڕەی کە شاعیر هیچ تەمەنایەک بۆ ژیان ناکات ، چونکە ئەو کاتێک بەئاگادێتەوە هەموو شتەکانی جەستەی لەیەک دابڕاوون، دابڕان و پەرتبوونی جەستەیش دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ژیان لای ئەم شاعیرە هەر لەسەرەتاوە هەڵگری هیچ مانایەک نیە لای.

جارێک کە بێدار دەبێتەوە ئەو هەست ناکات کەسی هەبێت یان کەسی لە دەور بوبێت، بەمەیش ژیان دەبێتە هەڵگری نائومێدی لای شاعیرو پێمان دەڵێت / من لە بێدارییدا تەنیابووم / وێنەم ئاگرێکی تاریک داگیرسابووم. دەتوانین سەرەتاکانی تەمەنی شاعیر بەم جۆرە لای خوێنەر نیشان بدەین کە سەفەری ئەم جەستەیە سەفەرێکی پڕاوپڕە لە غوربەت و نائومێدی و گەڕانە بەشوێن ئەو دوا جێگەیەی کە شاعیر دەیەوێت ئیتر بۆ فەنابوون جەستەی تێدا ڕابگرێت.

**هەر دەبوو بەو دەمامکە**
**خۆڵەمێشییەوە**
**خۆم ببینم کە وەک ئاگرێکی تاریک**
**دەسووتام**
**هەست بەو بۆشاییە بازنەییە بکەم**
**کە لە بێئاگاییمدا گەمارۆی دابووم**
**دەبوو بە سەرگەردانیی گیان و**
**کەنەفتەیی جەستەو**
**تەنیایی خۆم باوەڕبێنم**
**من بەندبووم لە نێوشوێنی زەماندا**
**ئازادبووم لە بۆشاییدا**

نیشانە سەرەتاییەکانی تەمەنی شاعیر ئەوە دەردەخەن کە تا خۆی و دەوورو بەرەکەی ناسیوە زۆر بەهیلاکەت چووە، نایشارێتەوە کە ژیانی لەناو جۆرێک لە بێئاگایی و تەرزی هیلاکەتدا گوزەراندوە، ئەوەندەیشی ژیان دەناسێت و بەئاگادێتەوە ئەو باوەڕمان پێدەکات کە هێشتا ژیانی ئەو بەندبوون و هیلاکەتە. ئەگەر سەیرێکی سەرجەم شیعرەکانی ناو ئەم دوو بەرگەی شاعیر بکەین ئەوا گوزەرەکەین بەناو ژیانێکی پڕ لە سەفەرو دیل بوون و تەنیایی و کەنەفتیدا. شاعیر لە هەریەک لەو شیعرانەدا بەجۆرێک دەمانباتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە بۆ ژیانی خۆی گوزەری پێداکردوە. دەمان گەیەنێتە ئەو شوێنانەی کە هەر جارێک ڕۆحی بە هیلاکەتەوە بۆ زەمەنێک تێیدا ماوەتەوە، هەر دەڕواو هێشتا ئەو لەسەرەتای ژیاندایەو پێمان دەڵێت چەند دەتوانین هێشتا سەرەتا بەسەرەتای دەسپاردیین. ئاخر شاعیر هێشتا نەگەیشتۆتە سەر ئەو زەویانەی کە ئارامی بە ڕۆحی دەدات. چەند دەڕوا هەمیشە لە ڕۆیشتنەکانیدا بەو شتانە دەگات کە ڕۆحی بە ماندوبوون دەسپێرن. ئەو دەگاتە زۆرشوێن هێشتا لە مەنفاو لە سەر زەمینی خۆیشیدا، خوێن و شمشیرو جەنگ و تەنیایی و کوشتن وکاولکاری و هەڵوەرین و مردن و ئازارو بەدبەختی دەبینێت. ئیتر ژیان لەناو ئەم مانایانەدا دەبێت چۆن چۆنی پێناسەبکرێت. جارێک پێمان دەڵێت:

**(لەخۆڵ و بۆنی بخوور جەستەم**
**دەتەکێنم و بەبێ ماڵئاوایی**
**ئێرە جێدەهێڵم)**

جێهێڵان لای شاعیر ئەو سەرەتایانەیە کە تەمەنی دەووره‌داوە، و بەشوێن ئەو هەنگاوانەی خۆی کەوتوە کە تا پێی بگاتە ئەو شوێنانەی کە ڕۆحی تێیدا بە سەرەتاکانی شادی بگات. لای شاعیر هێشتا نازانێت ئەم هەنگاوانەی کە بە جێهێڵان فێرن لە کوێدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە. شاعیر دەیەوێت لەو ساتانە دەرچێت کە ژیانی گەمارۆدراوە بە ڕق و تاریکی و خوێن وکارەسات، لە غوربەت و لە نیشتمانی خۆیشیدا دەیەوێت شوێنێک بۆ ژیان بدۆزێتەوە کە ئیتر لە نامۆ بوون و لە گەمارۆی تاریکی ژیانی ڕزگار بکات. شاعیر لەو زیندانەی تێیکەوتووە بەردەوامیەک دەدات بە ژیانی تا لەدەرەوەی ئەم زیندانە جارێکی تر وەکو قەقەنس جارێکی تر لە خۆڵەمێشی غوربەت و تەنیایی ڕۆحێکی تازە بکاتەوە بەبەری تەمەنیدا. ئەمە ئەو سەرەتایانەیە کە خوێنەر لەم شیعرانەدا بەشوێن ژیانی شاعیردا دەگەڕێت، لای من ناتوانێت جارێکی تر شاعیر بەو ژیانە بگات کە تەمەنی خۆی بە ئازادی بسپێرێت. ئەوجارێک بە غوربەت دەگات و جارێک لە سەفەری تەمەندا وەکو گەڕیدەیەک هەموو لایەک دەگەڕێت ئیتر چۆن چۆنی دەگات بەو ژیانی کە ڕوناکی دەداتەوە بە ڕۆحی.

**وەرزی جەنگەڵ هات**
**بەرەو ونبوون و هەڵەتم دەبات**
**ڕۆحی بەر ڕێژنەم وەک چرای بەربا،**
**وەک هەوارێکی ژێر دەستەو تەنیا**
**بەترس و هەرەس گەمارۆ دەدات**
**وەرزی جەنگەڵە دەمکاتە کێڵگەی**
**تینوێتی و سووتو**
**یان شارستانیی چڕەدوکەڵە؟**

شاعیر بەم جۆرە بەردەوام لەناو جەنگەڵێکدا دەگەڕێت زۆر گرانە وا زوو بەدوا دەرگای ئەو جەنگەڵە بگات و ڕوناکیەکانی ژیانی تێدا بدۆزێتەوە■

**ڕازو گومان/ بەرگی دوو ٢٠٠٧**
**لەبڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج.**



### تەوەری "رەفیق سابیر"

# چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر.. وەرزی رچینی وشە

**جەبار سابیر**

**بەشی یەکەم**

لەسەرەتای زمان گرتنی مرۆڤەوە، رەنگە شیعر تاقە دۆزینەوەیەکی ئینسان بێت کە تائێستاش لەگەڵیدا ماوەو هەم شیعرو هەم ئینسانیش لەهەمبەر یەکتر وەفادارن‌و دەستبەرداری یەکتر نابن. ئەمەش لەبەرئەوەی شیعر ئەو شتە یاخود ئەو دەنگ‌و وشەیە بووە کە بەسانایی لەیادەوەری ئینساندا شوێنی خۆی گرتووە. ئینسان بەر لەوەی وشەی ناسیبێ دەنگی وشەی ناسیوە واتا دەنگ پێش نوسین لەلایەن ئینسانەوە دۆزراوەتەوەو ئینسان لەگەڵ خۆی هێناوێتی. ئینسان زۆری هەوڵدا تاگەیشتە ئەوەی بتوانێ زمان لەدۆخی ئاماژەی ئاژەڵ ئاساوە بەرێتە دۆخی قسەکردن، واتا ناودانان بۆ شتەکانی دەوروبەری‌و پێداویستی ژیان‌و رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانە. رەنگە بەرێکەوتیش ئینسان بەسەر قسەکردن‌و دروستکردنی وشەدا کەوتبێت‌و دواتر هەستی بەسودەکەی کردبێت. بەڵام شیعر یەکێک لەو دیاردانەی زمانە کە لەسەرەتای هاتنە قسەی مرۆڤەوە لەگەڵیدا بوبێت. ئەمەش لەوێوە دەڵێین کەتەواوی پەڕاوە ئاسمانییەکان کەبۆ ئینسان هاتوونەتە خوارو ئەوانەیشی ئینسان بەناوی خوداوە هێناوێتییە بوون هەمووی بەشیعرو وەک شێوازی دارشتنی شیعری نوسراون. ئەمەش بەخاتر ئەوەی ئینسان بتوانێت ئەزبەری کات. ئەوکات نوسین‌و خوێندەواری نەبووەو بۆ ئەم مەبەستەیش باشترین جۆری فێرکردنی خەڵک‌و بردنیان بەرەو مەبەست‌و ئاراستەو ئامانجێک لەرێگەی شیعرەوە زۆر سەرکەوتوو بووە. کەرەنگە ئەمە بۆخۆی تائێستایش لەناو پێشکەوتووترین نەتەوەو کۆمەڵی جیهانیشدا هەر مابێت بەوەی کەسروودی نیشتمانی هەموو نەتەوەیەک شیعرەو دەبێت ئەو شیعرە لەیادەوەری هەمووواندا بمێنێ‌و بەردەوام بیلێینەوەو هاوکات هێمایەکیشە بۆ سەرکەوتن. لێرەیشەوە دیسان دەکرێ بڵێین بۆ خۆی دۆزینەوەی وشەو دواتر دارشتنی لەشێوەی شیعردا یەکەمین سەرکەوتنی مرۆڤ بووە.

### شیعرو شۆڕشی نەتەوە

رەنگە پەترارک(١٣٠٤ - ١٣٧٤)و دانتێ دوو شاعیری ئیتالیاو ئەوروپا بن کەبۆ یەکەم جار زمانی لاتینیان وەلاناو بەزمانی دایک واتا زمانی ئیتالیا شیعرەکانیان نوسی، ئەوان ئەم هەڵویستەیان وەک بەرەنگاری‌و جیاکردنەوەی زمانی ئیتالی لەتەواوی زمانەکانی تری ئەوروپا بوو، تا ئەو وەختە تەواوی شیعرو فەلسەفەو نوسینەکانی تر بەزمانی لاتین دەنوسران، بەڵام لەدوای دانتێو پەترارکەوە زمانی ئیتالی گەشەی کردو ئیتر شاعیران‌و نوسەرانی تری وڵاتانی ئەوروپایش دەستیاندایە نووسین بەزمانەکانی خۆیان. لێرە بەدواوە شیعریش بووە چەکی بەرەنگاری بۆ رزگاربوونی نەتەوە لەژێر دەستی‌و دیلی.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیست‌و بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانەوە ئیتر دەوڵەتی نەتەوەییش بووە ئەمری واقع‌و وەک مۆدیلێک خۆی نواندو لەئەوروپاوە گەیشتە وڵاتانی ئەم ناوچەیەی خۆمان. هەموو نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە بەتایبەت ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی‌و شای قاجارەکان لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش‌و راپەرینەکانیان بۆ رزگاربوون لەژێر دەستی بایەخێکی زۆریان بەرۆشنبیری‌و لەوێشدا بەشیعر داوە، شیعرو ئەدەبیاتیش کاریگەری زۆری لەسەر شۆڕش‌و راپەرینەکان‌و خەڵک بەگشتی هەبووە بۆ هاندان‌و راسانیان بەرامبەر بەدوژمن. کورد بەشێکی زۆری ئەدەبیات‌و بەتایبەت شیعر کەپانتایی بەرینی ئەدەبیات‌و رۆشنبیری کوردی گرتووە، بۆ

**کۆمەڵی بێ خەیاڵ‌و فەنتازیا کۆمەڵێکی میلیتارییەو کرۆکی تێزو فەلسەفەکەی ئەفلاتوونیش هەر ئەمەبوو کە کۆمەڵ بەرەو میلیتاری بوون بئاژۆێت**

بەرگری‌و لەپێناوی بەرەو پێشبردنی شۆڕش‌و راپەرینەکانیدا تەرخانکردووە. ئەدەب یا باشترە بڵێین شیعری کوردی زۆرینەی وەک شیعری بەرگری نوسراوەو لێی روانراوە.

کەمترین ئەرکی شیعر لەپێناوی شیعردا بووەو زۆرینەی ئەرکی شیعر لەپێناوی نەتەوەو بۆ مانەوەی نەتەوە خەرجکراوە، کەئەمەش زیانێکی زۆری بەشیعر گەیاندووەو رێگەی نوێبوونەوەو پێشکەوتنی لێگرتووە. هەموو شۆڕشێک لەدنیادا تەنیا ژێرخانی وڵات ناگۆڕێت‌و سەرخانیش لەدەهالیزەکانی خۆیدا وندەکات‌و دواتر بەجۆرێکی پێشکەوتووتر یاخود وێرانتر دەیهێنێتەوە. کەرەنگە نمونەی هەردوو حاڵەتەکە زۆر بێت‌و نمونە هێنانەوە پێویست نەبێت. شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی (١٩٥٨) عێراق کە کوردستانیش وەک بەشێکی عێراق کەوتە ژێر کاریگەرییەوە بواری رۆشنبیری تەواو گرتەوەو هەم شاعیرانی عەرەب هەم شاعیرانی کوردیش کەوتنە تازەکردنەوەی شیعر. ئەمەش لەسەر مۆدێلی شاعیرانی ئەوروپا کە لەرێگەی هەندێک خوێندەوارو زمانزانی هەردوو نەتەوەی عەرەب‌و کوردەوە بەرهەمەکانیان کرابوونە سەر زمانەکانی عەرەبی‌و دواتر کوردیش. بەڵام تەواوی شیعری سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستی کورد واتا دوابەدوای شۆڕشی گەلاوێژ نوقمی حەماسەو کەمتر ئاوڕ لەستاتیکای شیعرو خودی شیعر دراوەتەوە، ئەمەش لەسەر رێبازی ریالیزمی سۆسیالیزم کەمۆدێلێک بوو کۆمۆنیزمەکانی روسیا هێنایانە دنیاو کوردیش وەک نەتەوەیەکی چەوساوە کەوتە ژێر کاریگەرییەوە. لەو قۆناغەدا شیعری جوان وەک شیعر زۆر کەمە، بەڵام لەوێوە بەگەڕانەوە بۆ سەر رێچکەی شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستی وەک بێکەس‌و ئەحمەد موختار جاف‌و زۆریتریش دواتر لەژێر کاریگەرییەکی زۆرو کەمی ئەدەبیاتی فەلەستینی، شیعری بەرگری دێتە دنیای رۆوشنبیری کوردییەوەو زۆرترین پانتایی داگیردەکات. بەڵام لێرەدا دەبێ لەوە تێبگەین کەشاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستی ئێمە خۆیان وەک ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری پێشڕەو دەدایە قەڵەم‌و دەبوو هەر ئەوە بکەن کەکردویانە، چونکە لەو بارودۆخەدا ئەوەندەی ئاوڕ لەخەمەکانی خەڵکی کورد بەگشتی دراوەتەوە ئەوەندە ئاوڕیان وەک تاک لەخۆیان نەداوەتەوە کە رەگەزێکی سەرەکی شیعری نوێ ئاوڕدانەوەیە لەتاک‌و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی‌و قسەکردنە لەسەر کەینونەی ئینسان.

### قسەیەک بۆ شیعر

هەڵەیەک ئەفلاتوون لەبەرامبەر شیعردا کردی، بەوەی شاعیرانی لەکۆمارەکەی دەرپەڕاندو بیانووەکەیشی تەنیا خەیاڵکردن بوو، تانیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە راست نەکرایەوە. لەسەرەتای سەدەی هەژدەدا هیگڵ لەرێگەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ستاتیکا حورمەتی بۆ هونەرو ئەدەب گێڕایەوە. دەرکردنی شاعیران لەلایەن ئەفلاتوونەوە لەکۆمارەکەی خۆی مانای دەرکردنی خەیاڵ‌و فەنتازیا بوو بۆ دەرەوەی کۆمەڵ، لێرەوە ئەو کۆمەڵەی ئەفلاتوون خوازیاری بوو کۆمەڵێکی بێ خەیاڵ‌و دوور لەفەنتازیا بوو، کۆمەڵێکی میلیتاری‌و وشکو رەق کەتەنیا دیکتاتۆری بەرهەم دەهێنا. بەڵگەی ئەم بۆچوونەیشمان ئەوەیە کەلەدوای ئەفلاتونەوە تا ئێستاش کۆمەڵی بەشەری ئارامی‌و تەناهی بۆخۆوە نەدیوە. هەر کۆمەڵێک خەیاڵی لێدابراو تەنیا پشتی بەواقع بەست‌و خەونی نەدی‌و خەیاڵی فراوان نەبوو، درەنگ بەرەو پیش دەچێت. کۆمەڵی بێ خەیاڵ‌و فەنتازیا کۆمەڵێکی میلیتارییەو کرۆکی تێزو فەلسەفەکەی ئەفلاتوونیش هەر ئەمەبوو کە کۆمەڵ بەرەو میلیتاری بوون بئاژۆێت، چونکە ئەفلاتوون تەنیا شاعیرانی لەکۆمارەکەی دەرنەدەپەڕاند بەڵکو مەسەلەی هاوسەرگیری‌و منالبوونیشی سنوردار دەکردو پێیوابوو ژن‌و پیاو تەنیا یەک رۆژ بۆیان هەیە سێکس بکەن‌و پێکەوەبن ئەویش تەنیا بۆ دروستکردنی منالێک‌و دواتر دوورخستنەوەیان لەیەکترو پەروەردەکردنی منالەکەیش لەلایەن دامەزراوەیەکی حکومییەوە بەرێوەبچێت.

ئەمەش بەخاتری ئەوەی هەم منال سۆزی بۆ دایکو باوکو کەسێکی دیاریکراو نەبێت هەمیش کۆمەڵ لەسۆزو خۆشەویستی داچۆرێت. ئەمەشی لەوێوە هێنابوو کەهەر کۆمەڵێک سۆزو خۆشەویستی تێدابێت ناتوانێ خاوەن سوپایەکی بەهێزو شەرکەر بێت‌و بەسەر دروا‌سێکانیدا زاڵ بێت‌و بەرگری لەخۆی بکات لەکاتی هەر هێرشێکی دەرەکیدا.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستیشداو لەگەرمەی حەماسەتی وڵاتانی ئەوروپا بۆ داگیرکردنی خاکی یەکتری‌و بردنی جیهان بەرەو دوو شەڕی ماڵوێرانکەرو گەورە (مارتن هایدیگەر)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی هات‌و لەتوێی شیعرەکانی (هۆڵدەرلین)ەوە فەلسەفەی دۆزییەوەو وایکرد جارێکی تر دنیا بەرەو شیعر بڕواتەوەو ناچارمان بکات شیعر بخوێنینەوە، بەوەی کەشیعر خاڵی نییە لەفکرو ئەندێشەو فەلسەفەو، مەرج نییە فەلسەفە تەنیا لەرێگەی وتارو دەقی وشکەوە بەرهەم بێت، بەڵکو دەشێ شیعریش بۆ خۆی هەڵگری فکرو فەلسە بێت‌و جیهانبینی‌و ئەندێشەمان فراوانتر بکات. لای فەیلەسوفانی سەدەی بیست کۆمەڵی بێ شیعرو خەیاڵ کۆمەڵێکی مردووە، هەر بۆیە فەیلەسوفانی وەک (سارتەرو کامۆ) و تەواوی بونیاتگەراکان کاری زۆریان لەئەدەبیاتدا کردووە. کۆمەڵ بۆ خۆی پێکهاتەی هەردوو چەمکی کات‌و شوێن‌و زمانن، کات‌و شوێن، ئەو شوێنەیە واتا ئەو زەمینەی تێیدا دەژی‌و ئەوکاتەیشە کەتێیدا دەژی‌و زمانیش ئەو زمانەیە کەخەڵکی ئەوکۆمەڵە جائیتر یەک نەتەوە یاچەند نەتەوەیەکیتر قسەی پێدەکەن.

### کورتی‌و درێژی شیعر

هێزو پێزی شیعر لەکورتی‌و درێژی شیعرەکەدا نییە، بەڵکو لەهێزی ئەو وشەو دەربڕینانەدایە کەشاعیر وەک یاریزانێکی کارامەی سێرک بەکاری دەبات‌و بەستونی‌و ئاسۆیی لەشیعرەکەیدا بەکاری دێنێ‌و بنیاتی شیعرەکەی پێ هەڵدەچنێت.

لەهێزی جیهانبینی‌و قسەکردنی دایە لەسەر ژیان‌و بوونی ئینسان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شیعر هەر شیعرەوە درێژی‌و کورتی گرنگ نییە چونکە دواجار خوێنەر یان وەرگر، شیعری دەوێت. (لویس ئەراگۆن)ی شاعیری فەرەنسی پێیوایە جوانترین شیعر کورتترینیانە، ئەراگۆن وایدەبینێ لەشیعری کوردتدا جیهانبینی شاعیر ئەوەندە چڕوپڕ دەبێتەوە کە لەکورتترین دێڕو کەمترین وشەدا بروسکە ئاسا جوانترین مەبەست‌و نوێترین دەربڕینت دەداتێ. شاعیرانی کلاسیکی کورد هیچیان تەواوی شوێنەوارو وەک دەڵێن دیوانی شیعریان ناگاتە دووسەد لاپەڕەو رەنگە زۆر شیعریشیان فەوتا بێت، یاخود رەنگە ئەو شیعرانەی جوانبن لای خەڵک مابنەوە، چونکە ئەوکاتە چاپ‌و چاپخانە نەبووەو ئەوەی هاتۆتە دەستی ئێمە تەنیا لەرێگەی خەڵکەوە بووە، بەڵام بەگشتی شیعریان کەمو پوخت بووە. (ئارتۆر رامبۆ)ی فەرەنسی بەهەمووی بیست پارچە شیعری نییە کەچی ئەو شاعیرە ئەوەندە گەورەیە لای فەرەنسییەکان‌و بەگشتی خەڵکی ئەوروپایش تەنانەت (هیتلەر) بەو هەموو درندەییەی خۆیەوە نەیتوانی لەکاتی داگیرکردن‌و کۆنترۆڵکردنی فەرەنسادا پەیکەرەکەی رامبۆ بروخێنێ‌و تێکی بشکێنێ.

ئەوە سیحری شیعر بوو رامبۆی کرد بەو کەسەی پەیکەری بۆ دروستبکرێت‌و بەهەمان شێوە گەورەیی‌و سیحری شیعریش بوو وایکرد هیتلەر نەتوانێ پەیکەرەکە بروخێنێت. ئەوەی (ت س ئیلۆت)یشی بەجیهان ناساند (وێرانە خاک) بوو کەشیعرێکی زۆر کورتەو لەچەند بەشێک پێکهاتووە، (ئیدگار ئالان پۆ)ی ئەمریکیش بەهەمان شێوە لەبواری شیعردا (قەلەرەش)ی جوانترین شیعرەو شیعرێکی کورتیشە. رەنگە نمونە لەسەر شیعری کورت زۆر بێت بەڵام هێندە بەسە وەک نمونە.

### رووداوو کارەسات‌و پەیوەندیان لەگەڵ ئەدەب

رووداوو کارەساتە گەورەکان تەنیا لایەنی فیزیکی‌و جەستەی مرۆڤ هەڵنالووشن، بەڵکو لایەنی سایکلۆجیشی تێکدەشکێنن‌و لەناخەوە رایدەچڵەکێنن. زۆرجار ئەو رووداوو کارەساتانەی نەتەوەو کۆمەڵ بەرەو لێواری گۆڕ دەبەن، دواتر دەبنە خاڵی وەرگۆڕان‌و وەرچەرخان‌و هەستانەوە لەمێژووی ئەو نەتەوەیەدا، ئەو نەتەوەو کۆمەڵە وا لێدەکەن سەرلەنوێ عەشقی ژیان بێت‌و ژیاندۆستی (Baiophilia) تیایدا بگاتە لوتکە. رەنگە لەمێژووی نزیکدا کارەساتی (هۆلۆکۆست) باشترین نمونە بێت بەوەی کە نەتەوەی جوو بەهۆی ئەو کارەساتەی نازییەکانی ئەڵمانیا لەجەنگی دووەمی جیهاندا بەسەریان هێنان، بوونە خاوەنی دەوڵەت‌و ئەو کارەساتە وای لێکردن حەزیان لەژیان بێت‌و بوون بەوەی کەئەمرۆ دەیان بینین. (جاک بریل) دەڵێ:

سوتماک هەیە گەنمێکی وات دەداتێ کەمانگی نیسان لەوپەڕی بەخشیندا نەتداتێ. لەروانگەی بریلەوە هەموو داهێنانە گەورەکان قەرزاری کارەسات‌و رووداوە گەورەکانن. هەرگیز ئینسان لەتێرو پڕی‌و خۆشگوزەرانیدا پەنا بۆ نووسین‌و ئەدەب‌و هونەر نابات‌و پێویستیشی پێی نییەو شتێکیش لەناخیدا نییە هەڵیرژێت. چونکە ئەدەبیات بەگشتی‌و شیعر بەتایبەتی هەڵگری پرسیاری کەینونەیی‌و خەمی کەینونەیی ئینسانن‌و زۆرجار ئینسان لەحاڵەتی تەقینەوەی ناخدا بەهۆی بوونی خەم‌و خەفەتێکی زۆرەوە ئەوەندە خێراو لەپڕ پێویستی بەهەڵرشتنی ئەو خەموو خەفەتەیە هەر شیعر فریای دەکەوێت‌و هەر شیعر دەبێتە ئەو فریادرەسەی فریای کەوێت. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین گۆڕینی

**لەوەرزی سەهۆڵبەنداندا هەم لەسەر ئاستی فۆڕم هەم لەسەر ئاستی ناوەرۆک شاعیر دەگاتە لوتکەی داهێنان‌و لەوێوە جارێکیتر ژیان دەکاتەوە بەری مەرگ**

کۆست‌و کارەسات بۆ ئەدەب‌و هونەرو شیعر بەتایبەت گۆڕینی مەرگە بەژیان، گۆڕینی شکستە بەسەرکەوتن، کە ئەمەش لەتوانای هەموو کەسێکدا نییە ئەنجامی بدات تەنیا ئەوانە نەبێت کەسیحری وشە درک دەکەن. وشە دەتوانێ هەموو ئەو کۆست‌و کارەساتانە بکاتە شانشینێک‌و شاعیرەکەیش بکاتە شاو تاجی سەرکەوتنی لەسەرنێ. وشە دەتوانێ لەگۆڕستاندا ژیانبکاتەوە بەری مردووان.

بەیانی یازدەی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) کە رێککەوتنی شۆڕشی کوردو حکومەتی ناوەندی واتا بەعسی لێکەوتەوە، دیسانەوە کاریگەری زۆری لەسەر شیعرو ئەدەبیاتی کوردی داناو لەوێوە ئیتر بۆ یەکەمجار ئاوڕ لەخودی شیعر درایەوەو دیسان ژانرەکانی ئەدەبیش وەک چیرۆک‌و رۆمان بوونە بەشێک لەخەمی رۆشنبیرانی کورد. لەو ساڵانەداو لەدوای بەیانی (روانگە) لەمانگی چواری هەمان ساڵدا. کۆمەڵێک شاعیری باش کەنەوەی شەستەکان بوون دەرکەوتن‌و بەرهەمیان گەیشتە خەڵک بەهۆی بڵاوکراوەکانی ئەو دەمەوە. ئێمە نامانەوێ ناوی ئەوانە ریزبکەین، چونکە هەموو خوێندەوارێک بەتایبەت نووسەران دەیانناسن. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەمانە یەک لەو شاعیرانەیە کە بەهێندەی گەورەی شیعرەکانی بایەخی نەدراوەتێ‌و زۆر سادەو ساکار هەروەکو شتەکانی تر بەسەرماندا تێپەڕیوە. کەئەمە بەشێکی پەیوەندی بەشۆڕش‌و حزبی کوردییەوە هەیە بەشێکیشی پەیوەندی بەخودی شاعیرەکەوە کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە لەوڵات دوورکەوتۆتەوەو شاعیر هەمیشە بەکۆی شیعرەکانییەوە بەهەردوو قاچی‌و بەتەواوی جەستەشییەوە لەکۆست‌و کارەساتەکانی وڵاتدا بووە. ئەم شاعیرە (رەفیق سابیر)ە خاوەنی (لاوکی هەڵەبجەو وەرزی سەهۆڵبەندان)و زۆر قەسیدەی شیعری جوانتریش. ئێمە لێرەدا هەوڵەدەین بەپێی تێگەیشتن‌و وردبوونەوەی خۆمان لەم دەقە واتا (وەرزی سەهۆڵبەندان) قسەی خۆمان بکەین. کەهەر لەناوەکەیەوە تێدەگەین‌و ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەکۆست‌و کارەسات پانتایی شیعرەکەی تەنیوە، سەهۆڵبەندان مانای بەستنی هەموو شتێکە بەتایبەت رێگاکان بۆ خۆی لەقولاییدا مانای بەستن‌و رچینی کۆی ژیان دەگەیەنێ. کاتێک رێگاکان، کە لێرەدا رێگەکانی ژیانکردن لەئینسان گیرا، ئیتر ئینسان شتێک نامێنێ چاوەرێی کات تەنیا مەرگ نەبێت. دەکرێ لێرەدا چاخی سەهۆڵبەندانی بەشەر وەک قۆناغی سەرەتای هاتنە دنیای بەشەر بیر خۆمان بێنینەوە کەلەو قۆناغەدا ژیان نەبووەو هەموو شتێک شەختەو سەهۆڵ بووە. شاعیر ئەو رۆژگارانەی خۆی کە رۆژگاری کۆی کوردیش بوون بە چاخی سەهۆڵبەندان ناودێر دەکات. ئەو دەساڵە واتا دەیەی هەشتاکان کە ئەم شیعرەی تێدا نوسراوە تەرۆتووشترین دەستاڵی مێژووی نزیکی کوردن. هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین رەفیق سابیر لەسەرەتای نووسینی خۆیەوە ئەم شێوازەی بەکاربردووەو دۆزیوێتییەوە بەڵام کە ئەم قەسیدەیە دەبەستنیەوە بەکۆی دەساڵی هەشتاکان دەمانەوێ بڵێین شاعیر لەم شیعرەیدا هەموو ئەو شیعرانەی دەساڵی هەشتاکانی بەفۆرمێکی ترو شێوازێکی تر نووسیوەتەوەو لەوەرزی سەهۆڵبەنداندا هەم لەسەر ئاستی فۆڕم هەم لەسەر ئاستی ناوەرۆک شاعیر دەگاتە لوتکەی داهێنان‌و لەوێوە جارێکیتر ژیان دەکاتەوە بەری مەرگ.

لەخۆڵەمێشی مردوواندا ژیان دروستدەکات. لێرەدا شاعیر گیانێکی قەقنەسی هەیەو بەردەوام لەخۆڵەمێشو رەژوودا ژیان‌و ژیاندۆستی بەرهەمدێنێتەوە. رەنگە بۆخۆیشی ئەدەب دۆزینەوەی جوانی بێت لەناخی ناشیرنی‌و دزێویدا. دەکرێ ئەوەش بڵێین زۆرینەی شاعیرە داهێنەرەکانمان لەدەساڵی هەشتاکاندا دەرکەوتن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەدەبیات‌و کاری داهێنەرانە رەگێکی قوڵی لەکۆست‌و کارەساتدایە■





تەوەری "رەفیق سابیر"

# چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر.. وەرزی رچینی وشە



جەبار سابیر
بەشی دووەم

گەر لەرستەیەکی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ)ەوە دەست پێبکەین کەدەڵێ: بەرهەمی هونەری حەقیقەتی بابەت لەجیهانی ناوەکی خۆیدا بەرهەم دێنێتەوە. دەکرێ بڵێین ئەوەی لەم شیعرەدا دەی خوێنینەوە بەرهەمهێنانەوەی ئەو واقعەیە کەشیعرەکەی تێدا نوسراوە، بەڵام بەشێوازێکی شیعریو هونەری تەواو کەرەنگە هەر شاعیر زاڵ بێت بەسەریدا. لێرەدا ئەوەی قسە دەکات کۆ ویژدانی کوردە نەک شاعیر چونکە هەمیشە وەک (هێمن) دەڵێ: هەموو منەکانی من تەواوی منەکانی کوردن. شاعیر کائینێکی دوورە پەرێزو گۆشەگیر نییە لەتەواوی خەڵکی کۆمەڵەکەی دابڕابێت، شاعیر چەند بەجەستە دوور لەخەڵک بژی ئەوەندە بەرۆح نزیکە لەخەڵکەوە. ئەمەش لەوێوە دەڵێین کە (گاستۆن باشلار) پێیوایە شیعر گەڕانەوەیەکی ئەنقەستە بۆ منالی. منالی شاعیر لەگەڵ خەڵکی کۆمەڵەکەیدا بووەو لەوێوە رسکانی شیعری دەرکەوتووەو ئەم یادەوەریی منالییەش بۆ هەر کوێ بڕوات بەشوێنییەوەیەتیو هەرچی بنووسێت قاچێکی لەمنالیدایەو گەڕانەوەیە بۆ ناو خەڵکی کۆمەڵەکەییو نوسینەوەی ژانو ئازارەکانی ئەوانە. رەفیق سابیر لەسەرەتای هەشتاکانەوە پەراگەندەی وڵاتانی دنیا دەبێتو هەر ماوەیەو لەوڵاتێک دەژیو ئەمەش کانی شیعری زوڵاڵترو سازگارتر دەکات، هەمیشە گەڕانو دنیابینین هەوێنی زۆرێک لەداهێنانەکانی نووسەرانو هونەرمەنداو شاعیران بووە. رەنگە (پابلۆ بیکاسۆ)ی وێنەکێشی گەورەی ئیسپانیاو جیهان هەرگیز لەئیسپانیادا نەبوایەتە بیکاسۆی ئێستا گەر نەچوایەتە فەرەنساو سەفەری بەدنیادا نەکردایا. هەموو شاعیرە داهێنەرەکانی کورد کەمو زۆر بەشی خۆیان گەڕاونو دنیای دەرەوەیان بینیوە.

ئەوەی زیاتر نۆستالیژیا توشی ئینسان دەکات تاراوگەو دوورە وڵاتییە، ئینسان تا لەوڵات دوور نەکەوێتەوە هەست بەخۆشەویستی خۆیو وڵاتەکەی ناکات، تا نەچێتە ئاوارەیی بیر لەمنالیو تەمەنی لاوی خۆی ناکاتەوە. تا لەپەیوندی گەرموگوڕی ئینسانەکان دانەبڕێت نازانێت چی لەدەست چووە. هەر ئەمەشە وادەکات کەئینسان هەمیشە لەدوورەوە گۆرانی بۆ باڵای نیشتمان بڵێت، گۆرانییەک لەناخەوە بت هەژێنیو گەرمترین گۆرانییەکانی ژیان بن. داهێنان رەگێکی بەقوڵی رۆچۆتە خاکی نیشتمانو رەگەکەیتریشی لەخاکی غەریبییە. مەنفا وادەکات عاشق بی، عاشقی نیشتمان، عاشقی دایک، عاشقی کچەکەی دراوسێتان، مەنفا سەر لەنوێ لەقوڕی خۆی دروستت دەکاتەوەو تۆیش پێویستت بەوەیە دەست بەرەو ناخی خۆت شۆڕکەیتەوەو سەر لەنوێ قوڕی نیشتمانەکەت لەخۆت هەڵسویتەوە. لێرەدا تاراوگەنشینی شاعیر تاراوگە نشینییەکی ئارەزوومەندانە نییەو بەناچاری تاراوگە نشین بووە، ئەمەش دەبێتە هەوێنی هەڵڕژانو داهێنان، کاتێک ئینسان بەئارەزووی خۆی تاراوگە هەڵدەبژێرێت هەر بەئارەزووی خۆیشی دەتوانێت بۆ نیشتمانەکەی خۆی بگەڕێتەوە. لێرەشدایە کەغەریبیو غوربەت ئەو کاریگەرییە سایکۆلۆژیو رۆحییەی لەسەر ئینسان نابێتو لەبری ئەوەی بەشیعرێک یاخود چیرۆکو رۆمانو گۆرانیو کارێکی هونەری بەباڵای نیشتماندا هەڵبڵێو لەدوورەوە گۆرانی بۆ بڵێت دەتوانێ سەری لێبداتەوەو گڕو کفی دڵی دامرکێنێ. بەڵام بۆ کەسێک یاخود شاعیرێک کەبەناچاری تاراوگەی هەڵبژاردبێتو راونرابێت هەڵبەت ناتوانێت سەر لەوڵاتەکەی بداتەوەو بیبینێ، بۆیە دەبێت لەرێگەی هەڵڕژانی رۆحەوە، لەرێگەی نوسینو یا هەرکارێکی تری ئەدەبیو هونەرییەو ئەو خەمو خەفەتەی هەیەتی بۆ نیشتمان هەڵیرێژێت ئیتر ئەوساش بەپێی سەلیقەو داهێنەری ئەو کەسە یا ئەو شاعیرە جوانترین بەرهەم دێتە بوون کەپێشتر نەبووە.



وڵاتێک بەخاکو خەڵکو یادەوەرییەوە لەناو شاعیردا دەژیو شاعیریش گەردێکی بچوکی وڵاتێکە کەکەس هەست بەبوونی ناکات. دەستپێکی ئەم شیعرە مەنەلۆژێکە شاعیر لەوێی مەنفاوە دەهێنێتەوە ئێرەی نیشتمان. نیشتمانێک لەدۆخی سووتان دایە، کەچی شاعیر هەر خوازیاری گەڕانەوەیە. ئەم مەنەلۆژە بۆ هەڵڕشتنی ژانو ئازارێکی زۆرە کە لەناخی شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە. ئەوەی کاری لەسەر کردووە سەرکۆنەکردنی کوردو شۆڕشەکانیو دواتر هەڵڕشتنی رقێک لەشۆڤێنییەتی وڵاتانی سەردەستی کورد بەتایبەت تورکو عەرەب کەلەم دەقەدا زۆرجار ناویان هاتووەو وەک دڕندەو خوێنمژ ناوزەد کراون.

**جارێکی دی**
**مەنفا عاشقی کردەوە،**
**مەنفا لەهەوری هەڵکێشاو**
**روخساری لەخۆڵ گرتەوە.**

شاعیر هەمیشە عاشق بووە، بەڵام هیچ عەشقێکی ئاکامی نەبووەو تەواوی بەناکامی کۆتایی هاتووە، بەڵام هەمیشە مەنفاو دوورە وڵاتی عاشقیان کردۆتەوە، لەمەنفاوە سەرلەنوێ عاشق دەبێتەوە. مەنفا بەرێژنەی بارانی هەوری خۆی تەڕی کردووەو روخساری لەخۆڵ گرتۆتەوە. واتا سەرلەنوێ مەنفا دەیەوێ لەخۆڵو قوڕی خۆی دروستی کاتەوەو بیکاتەوە بەکەسێکی تر، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر وەک هەر کەسێکی تر نییەو ئەم درک بەشتەکان دەکاتو دوورکەوتنەوە لەوڵاتو یارو ئەغیار وای لێدەکات هەمیشە لەمەنفاشدا بۆ نیشتمانەکەییو یارو ئەغیاری شیوەن بکات. ئێمە وتمان مەنفا هەمیشە وا لەئینسان دەکات سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە، بەڵام گەر ئینسانەکە وەک هەر ئینسانێکی تر ئاسایی نەبوو، کە ئەم وانییە ئەوە ئەو هەوڵەی مەنفا هەوڵێکی بێ سوود دەبێتو شاعیر دەکاتە داهێنەر. منالی هەمیشە سەرچڵیو چاو نەترسی پێوە دیارەو کەم منالْ هەیە یاری بەئاگر نەکردبێ و بەردەوامیش یاری پێنەکات.

یاریکردنیش بەئاگر بۆخۆی مانای سەرکێشیو چاو نەترسی. سڵ نەکردنەوە لەهیچ شتێک چونکە ئاگر ترسناکترین دوژمنی هەموو بوونەوەرێکە بەتایبەت بۆ ئینسان کەسوودێکی زۆر لەئاگر وەردەگرێت جا ئەو ئاگرە ئاگری سروشتی بێت یاخود ئەو داهێنراوانەی لەشێوەی کارەباو وزە بەخشەکان کەوزەکەیان هەرچییەک بێت هەر رەگەزێکی ئاگری تێدایە.

**جارێکی دی**
**ئەڤین منالی کردەوە،**
**نهێنی هەڵی گرتەوە**
**بەباڵای تیشکدا هەڵگەڕا**
**رۆحی لەشەختە گیراوی**
**بەرێژنەی ئاگر شوشتەوە.**

عەشقو ئەوین ئینسان منالدەکەنەوە، ئەمەش لەوێوە دێت کە لەحاڵەتی عەشقو ئەویندارێدا ئینسان ئەقڵ دەخاتە پەراوێزەوەو هیچ حسابێکی بۆ ناکات، ئینسانی عاشق دەبێت منالْ بێت، ورک بگرێتو بۆ هەموو شتێکی مەعشوقەکەی بگری. گەر وانەبێت، گەر ئینسان منالْ نەبێتەوە ناتوانێت عاشقێکی سەرکەوتوو بێت.

هەمیشە ئەو عەشقانە سەرکەوتووبوون کە عاشقو مەعشوق تێدا وەک دوو منالْ رەفتاریان کردووەو لەگەڵ یەکتر دواون، ئەو حیکایەتە ئەوینداریانەی پاڵەوانەکانیان واتا عاشقو مەعشوقەکانیان گەورەبوونو لەمنالیدا جێنەماون سەرکەوتوو نەبوونو ئێمە ئێستا چیرۆکەکانیان دەخوێنینەوە. رەنگە بەملیۆنان ئەوینی سەرکەوتوو هەبێتو ئێمە نەمانبیستبێت ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاڵەوانەکانیان منالبوونو هەر بەمنالیش لەکەوشەنی عیشقدا ماونەتەوە. رۆحی شاعیر لەمەنفادا یەک پارچە بۆتە شەختەو سەهۆڵو بەگەڕانەوەی بۆ نیشتمان خۆی دەداتە بەر رێژنەی بارانی ئاگرو خۆی دەشواتەوە. رۆحی شاعیر لەمەنفای پڕ شەختەو سەهۆڵەوە دێتەوە بۆ شاخو داخی نیشتمانی کەلەوەختی نوسینی شیعرەکەدا نیشتمانەکەی لەدۆخی سووتانێکی بێ ئاماندایەو رۆحی ئەمیش بەهاتنەوەی دەکەوێتە بەر رێژنەی ئاگر، کەچی شاعیر ئاگرەکەی نیشتمانی قبوڵترە لەشەختەکەی مەنفا. کورد زوڵملێکراوترین نەتەوەیە دنیایە کەتا ئێستا بێ دەوڵەتو کیانی سیاسی ماوەتەوەو بەدرێژایی مێژوو بەرژەوەندی لێنەگەڕاوە هیچ دەوڵەتێک پشتگیری بکاتو کەمێک لەباری شانی سوک کاتا. چوار دەوری بەدوژمن گیراوەو سێ دوژمنی تاسەر ئێسک خاکەکەیان دابەشکردووەو سەدان ساڵە بەچەندین ناوی وەک ئیسلامو شیعەو سوننەوە دەیکوژنو دەیبڕن. سەرباری ئەوەیش خۆیشی بۆتە دوژمنێکی سەرسەخی خۆییو وەک جۆگەلە خوێنی ئەم نەتەوەیە بەم نیشتمانەدا بڵاودەبێتەوەو قەتماغە دەبەستێت. هەر ئەمەیشە وادەکات شاعیر لەم شیعرەدا لەسەر چەند ئاستێک کار بکات لەلایەک گەڕاوەتەوە بۆ ئەفسانەو رووداوە فۆلکلۆرییەکانی کورد کەئەمە جارێکی تر نۆستالیژیایەو شیوەن کردنە بۆ رابردوو هێنانەوەی بەیتی (سێوەخان) وەک پایەیەکی سەرەکی لەم شیعرەدا هێنانەوەی رابردوویەکە لەئێستای شیعرەکە جوانترە، بەڵام شاعیر لەم شیعرەدا ئەو بەیتەی شیعراندووەو ئاوەژوی کردۆتەوە. ئاستێکی تری کارکردنی شاعیر لەم شیعرەدا لۆمەکردنی نەتەوەو سەردەستەکانی کوردە (تورکو فارسو عەرەب) کەوەک پێشتر وتمان هەریەکەو لەژێر ناوێکدا ئەم نەتەوەیەیان کوشتو بڕ کردووە بەتایبەت تورکو عەرەب. کەسەدان ساڵە بەناوی ئیسلامەوە لەسەر جەستەی ماندوو مردووی ئێمە دەژینو سەرباری ئەوەش ژیان بەئێمە رەوانابینن. ئاستێکی تر قسەکردنە لەسەر شەڕی براکوژی لەکوردستانو ناساندنی ئەو شەڕە وەک دێوەزمەیەک کەبۆتە باعیسی تەواوی نەهامەتیەکانو کوردو هەر ئەمەشە وایکردووە کەداگیرکەران زیاتر زاڵ بن بەسەرماندا.

ئەوەی شاعیر لەم شیعرەدا وەک مەعشوق بەئێمیە دەناسێنێ ئەشێ هەر کوردستانەکەی بێت، چونکە ئەمی شاعیر لەمەنفا شتێکی نییە بۆی بژی وڵاتەکەی نەبێت کەبەدەست بەربەریستانەوە لەسەر لێواری گۆڕە. عاشق هەموو دنیا لەچاوی مەعشوقەکەیەوە دەبینێو تاکە پەناشی هەر ئەوە. بەڵام گرفتی شاعیر لەوەدایە نازانێ مەعشوقەکەی بۆ کوێ بەرێت ئەمەش لەبەر گەورەیی مەعشوقەکەیەتی.

**سێوەخانێ!**
**ئەم شەو لەگەردوونی**
**چاوتا لەنگەر دەگرم.**
**هاتووم لەماچانت بگەم.**
**سێوەخانێ!**
**ئەم شەو بروسکە زین**
**دەکەم، هەڵت دەگرم.**
**بەسەر شانی دارستاندا**
**سەر دەکەوم**
**چرایەک بەلقی شەودا**
**هەڵدەواسم**
**لەنێوانی دوو لوتکەدا**
**هەورێک دەکەم**
**بەجۆلانە**
**تاوڵێکی بێ خاکو**
**ئەستووند**

**دەستپێکی ئەم شیعرە مەنەلۆژێکە شاعیر لەوێی مەنفاوە دەهێنێتەوە ئێرەی نیشتمان. نیشتمانێک لەدۆخی سووتان دایە**



**ئەشکەوتێک**
**پەنا دەوەنێک بەهێلانە.**
**بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ!**
**بەشەوی باو بۆرانێ!**
**ناگەمەوە کوردستانێ!**

ئەوەی شاعیر خۆشی دەوێت وڵاتەکەیەتی، وڵاتەکەیشی لەو وەختەدا لەهەموو دنیادا وەک مادەی بێهۆشکەر قاچاخبووەو کەس نەیناسیوە تا بەدەمییەوە بچێت، ژیان لەگەڵ خۆشەویستێکدا کەکەس نەیناسێت بۆ ئەمی شاعیر ئەستەمە، بۆیە پەنا دەباتە بەر هەڵگرتن وەک دابێکی کوردانە. لێرەدا هەڵگرتنی دڵدارەکەی کە لەیادەوەری خۆیدایە بۆ ئەوە بیهێنێتەوە کوردستان. ئەوە دەگەیەنێت کەشاعیر نایەوێ دڵدارەکەی بەرێتە ناو خەڵکی نەناسەوە. هەڵگرتنی دڵدارەکەیو هێنانەوەی بۆ کوردستانی سووتاوو، مانای هێنانەوەی یادەوەری شاعیرە بۆ وڵاتەکەی. لێرەدا گەمەیەکی شاعیرانە هەیە بەوەی وڵاتێکی کردۆتە دڵدارو دەیەوێ لەسەر پشتی بروسە بەخێرایی بیهێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی کەهەر هەمان وڵاتی دڵداری ناو خەیاڵییەتی. لێرەدا دەکرێ ئاوڕ لەو دەربرینە تازانە بدەینەوە کەبۆیەکەم جار ئەم شاعیرەمان دەی هێنێتە ناو شیعرو دواتر زمانی کوردییەوە، ئەم دەربرینانە سنوری گرامەرو تەواوی یاساکانی تری زمانەوانی دەبەزێنێو بۆ خۆیان یاساو رێسای تر دادەنێن کەدەتوانین بڵێین ئەو یاسایە دواجار ستاتیکای شیعر بەرهەمدێنێت، ئەم جۆرە دەر برینە رەنگە وەک هەڵخزان یان هەڵخلیسکان لەزماندا وەسف بکرێت بەوەی باس لەشتێک دەکەیت کە لەڕاستیدا بوونی نییەو لەهەر کوێ باسیکەیت پێت پێدەکەنن بەڵام ئەم دەربرینانە لەنیشتمانی شیعردا جێیان دەبێتەوە زۆر جوان شوێنی خۆیان دەگرن. (تی سی ئیلیۆت)ی شاعیری ئینگلیز باس لەپشیلەیەکی سێگۆشە دەکات. لەڕاستیدا پشیلەی سێگۆشە نییەو بۆ هەر کەسێکیشی باسکەیت بڵێی پشیلەی سێگۆشەم بینیوە رەنگە سەر بەقوڕ پێت پێکەنێتو بەکەسێکی درۆزنیشت بداتە قەڵەم، بەڵام وەک وتمان ئەمە لەشیعردا حسابی زۆری لەسەر دەکرێت. رەفیق سابیر لەم شیعرەو لە(لاوکی هەڵەبجە)شدا زۆر دەربرینی لەو جۆرەیە هەیە کەئێمە لێرەدا تەنیا ئەوانەی (وەرزی سەهۆڵ بەندان) دەخەینە بەرچاو. (باڵای تیشک، لقی گڕ، رەنگی تینوێتی، لقی شەو، کەپری خۆڵ، لقی خەون، شیتڵی گۆرانی....)

لێرەدا شاعیر لەگەڵ ئاوردانەوە لەفۆرمی شیعر ئاوڕی لەناوەرۆکیش داوەتەوە ئەم جۆرە دەربرینانەی دروستکردووە کەبۆ یەکەمجارە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، بەتایبەت لەشیعرێکی ئاوەها پڕ لەحەماسەتو بەرگیریدا کەرەنگە هەر ئەم شاعیرە توانیبێتی ئەو دەربرینە زۆر ناسکانە لەو شیعرەدا جێکاتەوە. فۆرمو ناوەڕۆکی شیعر پەیوەندییەکی هەمیشەییان لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە، ئێمە دەزانین تەواوی فەرهەنگو رۆشنبیری بەردراوی کۆمەڵن.

ناکرێت بەبێ بوونی کۆمەڵێک تۆ شتێکت هەبێت بەناوی شیعرو تازەگەر لەشیعردا، کاتێک شیعری کلاسیک نوسراوە تەواوی شتەکانی کۆمەڵیش بەخودی کۆمەڵیشەوە هەر لەقۆناغی کلاسیکدا ژیاون. وەختێکیش کۆمەڵ بەرەو پێشتر دەچێت فۆڕمی شیعریش ناچارە بەرەو پێشەوە بچێتو ئیتر لێرەیشەوە ناوەڕۆک لەو دۆخەی خۆی دەردەچێتو ناچارە لەگەڵ فۆڕمی تازەدا بگونجێت. لێرەدا ئیتر هەردووکیان ئازاد دەبنو خەیاڵی شاعیر یاری بەهەردووکیان دەکاتو بەجۆرێکی نوێ دەیخاتە بەرچاوی خوێنەر. ئەکرێ لێرەدا دیسان ئاوڕ لەحاڵەتێکی تر بدەینەوە لەم شیعرەدا کەدواتر لە (لاوکی هەڵەبجە)شدا دووبارە بۆتەوە. لێرەدا دەڵێ (دوو دڵداری بێ وڵات/ چەپەری چەقۆ دەبڕن/ دوو دڵداری یاخیو لات/ لاوکی مەحاڵ دەچڕن) لەلاوکی هەڵەبجەدا دەڵێ (بەتەنیا جێی مەهێڵن/ئەمشەو زریان دەی چێنێ/ تەمومژ دایدەپۆشێ/ مانگە شەو دەی رفێنێ) ئەمەش کارێکی داهێنەرانەی شاعیرە کەلەو فۆرمە تازەو ئازادەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فۆڕمە نزیک لەکلاسیکە، ئەمەش دیارە هەر بۆ یاریکردنو هاتووچۆی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە لەنێوان تازەو کۆندا.

یەکێک لەو سفەتانەی ئینسانی پێ لەزیندەوەرەکانی تر جودا دەکرێتەوە خەوبینینە، ئینسانی ئاوارەش هەمیشە خەو بەگەڕانەوەوە دەبینی بۆ وڵاتەکەی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئینسان لەهەر کوێ بێت هەر ئاوارەیەو رەگێکی لەوێ نییە، ئەو دەستی لەئاوەدانکردنەوەو سەرپێ خستنی ئەو وڵاتەدا نییە، لەهەمووشی گرنگتر ئەو منالی لەشوێنێکی ترە، منالییە ئینسان دەبەستێتەوە بەوڵاتەوە، دوای منالیش ئەوە یادەوەرییە ئینسان دەکاتە نامۆ لەهەموو شوێنێک. نامۆیی ئینسان لەوەوە هاتووە کەئیسنان سەرو کاری لەگەڵ ئەو شتە یا ئەو شوێنەدا نییە کەلێی دەژی. مارکس دەڵێ کرێکار بۆیە نامۆ دەبێت چونکە بەرهەمی کاری خۆی ناخواتو ئەوەی ئەو دروستی دەکات بۆکەسێکی تر دەبیت کەپیاوێکی سەرمایەدارەو هیچ پەیوەندییەکی بەمی کرێکارەوە نییەو تەنیا ئەم کاڵایەکەو ئەویش کڕیاری کاڵاکەو لێرەیشەوە ئەو ئینسانەی کەدەبێتە کاڵا ئیتر لەئینسانییەت دەردەچێتو بەخۆی نامۆ دەبێت. بۆ مرۆڤی ئاوارەو دوورە وڵاتیش وایە، ئەو چی لەوڵاتێک بکات کەیەکەمجارە شەقامەکانی دەبینێت، یەکەمجارە درەختەکان دەبینێ، لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنەدا پەیوەندی نییەو کەس ناناسێت، هەموو ئەمانە وادەکەن ئەو مرۆڤە هەمیشە خەو بەوڵاتەوە ببینێو لەناخەوە بۆی بکوڵێ. وەک ئەسپێکی باڵگرتوو بەوڵاتێکدا رادەکەین/ کەوڵاتی ئێمە نییە/ بەسەر کرێوەو ونبووندا هەنگاو دەنێین. شاعیر بەخەو دەگەڕێتەوە بۆ وڵات بەڵام ئیتر ئەو وڵاتەیش وەکو مەنفا بۆ ئەم بۆتە دۆزەخو نامۆیە پێی، رێگاکان ناچنەوە سەریەکو سنوورەکان وەک گورگ دوای دەکەون، ئاخر سنوورەکانی ئێمە لەو ساڵانەدا بەڵای گیانی ئەم خەڵکە بوون. تەواوی سنووەرکان گیراونو خەڵکیش لەناوەوە بەرەو بیابان دەبرێتو هەڵمەتی ئەنفال لەسەرەتای دەستپێکردنیدایە. هەڵبەت ئەم شیعرە پێش ئەنفال نوسراوە بەڵام لێرەدا پێشبینی ئەوەی تێدایە کەعەرەب نیازێکی لەو جۆرەیان هەیەو دەیانەوێ کورد بەجارێک لەناو بەرن. رێگایەکان وەک دەلیلی نابەڵەد ونم دەکەن/ سنورەکان وەکو گەلە گورگی برسی تێم دەئاڵێن/ پاڵم دەخەن لەسەر تاتە شۆڕی پشکۆ/ لەپاشکۆی زیلم دەبەستن بەرەو بیابانی چەقۆ./ بۆ کوێت بەرم سێوە خانێ؟

بەڵام ئەمی شاعیری یاخی نازانێ دڵدارەکەی کە کوردستانە بۆکوێ بەرێتو لەکوێ پشووبداتو ژیان دروستکاتەوە، ئەم نەبێگانەیە بەم خاکەو نەداگیرکەر ئەم خەڵکی ئەم وڵاتەیەو لێرە دروستبووە ئەوە داگیرکەرانن لێناگەڕێن ئەم وەک کوردێک بژی. ئەو رۆژگارەی کورد تێی کەوتووە بەسەر هیچ نەتەوەیەکی تردا نەهاتووە رەنگە گەلی جوو لەیەک کاتدا هیتلەرو مۆسۆلۆنیو ستالینیش دوژمنی بووبن بەڵام چەند وڵاتێکی تر هەبوون کەدۆستی جوو بوون، کەچی کورد بەقەولی (جۆناسان راندڵ) لەو سەردەمەدا جگە لەچیاکان دۆستی تری نەبووە■



### تەوەری "ڕەفیق سابیر"

# چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر.. وەرزی ڕچینی وشە

**جەبار سابیر**
**بەشی سێهەم**

لەتاریکترین رۆژەکانی ژیانی کورددا دەیەوێ چرایەک بەلقی خەوندا هەڵواسێو ببێتە چاوساغی خەڵک بۆ دۆزینەوەی رێگاکانی ژیان. لەتاریکی ئەم شەوەدا/ چرایەک بەلقی خەوندا هەڵدەواسم/سەری ماندووم لەنێوانی دوو شەپۆلدا حەشار دەدەم.

رەنگە زۆر وترابێت لەسەر نوێخوازی لەشیعری کوریداو زۆر کەسیش شەڕی ئەوەیانکردووەو بەردەوام دەیکەن کەگوایا نوێخوازی ئەوان یەکەمجار دەستیان داوەتێو ئەوان شایانی ئەوەن پێیان بوترێ پێشڕەوی نوێگەری لەکوردستاندا. بەڵام ئایا نوێخوازی تەنیا فرێدانی کاژی کلاسیکو لەبەرکردنی کاژی ئەم جۆرە شیعرەیە کەپێیدەڵێن ئازاد؟ ئایا نوێخوازی تەنیا بەدوورکەوتنەوە لەوشە عەرەبیو فارسیەکانی شیعری کلاسیک دەکرێ یا بەشتیتر؟ ڕەفیق سابیر تەنیا بەدوورکەوتنەوە لەکێشی عەروزو کێشو سەروا نەبۆتە ئەم ڕەفیق سابیرەی ئێستا ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، ئەو بەجیهانبینی فراوانی خۆیو دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەو شتەکاندا بۆتە ڕەفیق سابیر (شاعیری نوێخواز لەبەرئەوە نوێخوازنییە کەشتی نوێی وتووە بەڵکو لەبەرئەوە نوێخوازە کەپەیوەندی نوێی لەنێوان شتەکاندا دۆزیوەتەوە. اللغه الشعریه فی الخگاب النقدی العربی محمد رچا مبارک لا ٢١٣) بەرەو سنوورەکان دەڕۆم/ تاڵەخوێنێک وەکو مار بەدوامدا دەکشێت/ پەڵەهەورێک لەپێیەکانم دەئاڵێت.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ داکۆکۆکی لەنەتەوە زوڵملێکراوەکان دامەزراو کوردو زۆر نەتەوەی تریش لەو کۆمەڵەیە خێرێکیان نەبینیو هەر ئەو ساش (ئەحمەد موختار جاف) بەشیعرێک کۆشتارگەی خستۆتەوە ئیتر هەرچی بڵێین وەک زبڵ وایە، چونکە نەمانتوانیوە سود لەمۆدێرنە وەرگرین وەک لایەنە مرۆییەکەیو بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک بەکاری بێنین. گرفتی سەرەکی ڕەفیق سابیریش لەم شیعرەدا ئەوەیە کەدادپەروەریو مافی مرۆڤو بەرگریکردن لەنەتەوەو لەمرۆڤەکان لەکوێدایە کە نەتەوەیەک لەسەر لێواری لەناوچوونە. ئەم دەیەوێ لەخەیاڵدانی خۆیدا مانایەک بۆ ئەو دادپەروەریو مرۆگەرییە بدۆزێتەوە کەلەدنیادا دەهۆڵی بۆ دەکوتنو لەئاست کوردیش چاوی داخستووەو کەس نایەتە دەنگ. ئەو هەموو کۆستو کارەساتەی بەسەر ئەم نەتەوەیەدا هاتووە ئەو هەموو شۆڕشەی هەڵگیرساندووە کەسێک لای لێنەکردۆتەوەو لەچوار لاوە دەستیان لەبینی ناوەو خەریکە دەیخنکێنن. لای شاعیر هەموو دنیا بەشدارە لەو تاوانەی بەرامبەر نەتەوەکەی دەکرێت، چونکە بێدەنگ بوون مانای رازیبوونە، بێدەنگ بوونی دنیا لەئاست ئەو هەموو تاوانەی ڕژێمەکەی سەدام بەرامبەر خەڵکی کورد کردی مانای رازیبوونی ئەوانە. لێرەوە شاعیر لەدنیای واقیعدا ئەوەی بۆناکرێت بۆ مانای دادپەروەریو مافی مرۆڤ کوردی هەست پێدەکرێت. لێرەوە ئەم شیعرەی ڕەفیق سابیر تەواو ڕۆحێکی کەرنەڤاڵی هەیەو لەسەر ڕێتمێکی سەمفۆنیایی نوسراوە، هەستدەکەیت لەکاتی نوسینی ئەم شیعرەدا شاعیر گوێی لەیەکێک لەسەمفۆنیاکانی (بتهۆڤن یا چایکۆڤسکی) گرتووەو لەسەر هەمان ڕێتم شیعرەکەی نوسیوەو بەرزیو نزمی ئەو سەمفۆنیایانەی پێوە دیارە.

لەسەرەتای هۆش پژانی ئینسانەوە پرسیار یەکێک بووە لەو کەمەندانەی ئینسانی پەلکێش کردووە بۆ دۆزینەوەو ئاشکرا کردنی زۆر رازو رەمزی ئەم کەونە، ئینسان تاپرسیاری نەدۆزیبۆوە، هێشتا خۆی نەناسی بوو، هیچی لەمەڕ ژیانو جیهان نەدەزانی، کوێرانە رێی دەکردو لەجوانی گوڵێک رانەدەماو سەرپێییو بێ رامان بەسەر شتەکاندا تێدەپەڕی. بەڵام پرسیار هەموو شتەکانی لەناخی ئینساندا گۆڕیو فێری رامانی کرد لەدنیاو شتەکانی دەوروبەری. یەکەم شاعیر پرسیارکردنێکی کەینونەییەو دەیەوێ لەوە تێبگات کەئایا ئەوە چارەنوسی ئێمەیە کەناهێڵێ سەر بەرزکەینەوە یاخود خۆمان ئەو چارەنوسەمان بەباڵای خۆماندا بڕیوە.؟

لێرەدا شاعیر دەبییتە زمان حاڵی کۆمەڵی کوردیو بۆ ناخی خۆی شۆڕدەبێتەوەو پرسیاری قوڵ دەوروژێنێو خوێنەر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەو لەخۆ پرسین. بۆ تەمەنمان تەنیا ماف زەوت کردنە؟/ خەوبینینی بەردەم پەتی سێدارەیە/ ساتی چاوەڕێکردنی دەستڕێژو کەولکردنە. ئەمە لای شاعیر تەنیا پرسیارکردن نییە بەڵکو هەوڵێکە بۆ گۆڕانو دەرچوون لەو بازنەیە، هەوڵێک کەلەڕیشەوە بیگۆڕێو قەرەبووی تەواوی شکستەکانی رابردووی بۆ بکاتەوە. شاعیر داوای یەکڕیزیو پێکەوە کارکردن دەکاتو دەوێ خەڵکی نەتەوەکەی لەگەڵ دڕندەیی دوژمنەکانی رابێنێو بەرگری لەگیانیاندا زیندو کاتەوە.

خەڵکی کورد تەنیا لەو پارچەی وڵاتەکەیدا دۆزەخی بۆ دانەخراوە کە تێیدا دەژی بەڵکو بۆ هەر لایەک بڕوات سنوورەکان دەبنە بەربەستو لێناگەڕێن ئاودیو بێت، سنوور گەورەترین نەهامەتی بۆ کورد دروست کردووەو هەر سنووریشە هۆی دواکەوتوییو ماڵوێرانیو نەخوێندەواری خەڵکی کورد. چونکە خەڵکی کورد نەپاسپۆرتی بۆ دەکرا نەبەقاچاخیش دەیتوانی ئەو هەموو سنوورە ببەزێنێو لەدەست کارەساتو مەرگی خۆی راکات. ئەمە بەتایبەت لە دەیەی هەشتاکاندا کە ئەم شیعرەی تێدا نوسراوەو شاعیریش وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ لەوڵاتەکەیدا یاساغبووەو بەناچاری ئاوارەیی هەڵبژاردووەو لەوێش هەرچەند ئەم پێی لەنیشتمان بڕاوە بەڵام نیشتمان پێ لەم نابڕێو وەک تارمایی بەشوێنییەوەیەتی. نیشتمان وای لێدەکات بەهەر جۆرێک بێت سەرێکی لێبداتەوە. نیشتمان لەم حاڵەتەدا دەبێتە دوو کەسایەتیو یەکێکیان ئەوەیە دڵداری لەگەڵ شاعیر دەکاتو یەکیشیان ئەوەی کەدڵدارەکەی زۆر لەشاعیرەکە دەکات بێتەوە بۆ لای. سێوەخان سمبولێکە لەبری نیشتمان بەکار هاتووە، ئەبێ ئەوە بزانین سێوەخانی نێو حیکایەتە کوردییەکەیش هەمان چارەنووسی نیشتمانەکەی شاعیری هەیە کەکوردستانە. شاعیر دەزانێ بەهاتنەوەی توشی کۆستو کارەسات دەبێت بەڵام دوای دڵ دەکەوێو خۆی دەداتە دەست هەستو سۆز. هەڵبەت دەبێت ئەوە بزانین شاعیر لەوەختی نوسینی ئەم شیعرەدا وەک حەلاج کەوتۆتە حاڵەتێکی سۆفیگەرییانەی تەواوەوەو ئەوەی دەینوسێ نازانێ شیعرە یا شتی تر تا دەگاتە کۆتایی، بۆیە لەهەندێک شوێندا سنوورەکان دەبەزێنێو خۆی سنووری تازە دەخوڵقێنێ. ئەو خۆشەویستییەی نیشتمان شاعیر دەباتەوە توناوتوونی سەدەکانو بەناخی مێژووی نەتەوەو نیشتمانەکەیدا شۆڕدەبێتەوەو لەوێوە بۆ مانایەک دەگەڕێ کەبوونی خۆی بسەلمێنێ. لەیلام لەشکری تەتارە/لەشکری بەربەریستانەی عەرەبو تورکو قاجارە/لەنێو گەردی سەدەکاندا ونم دەکات،/ کودێتاو بوومەلەرزەیە/ وڵاتی رۆح وێران دەکات/ لەیلام خەونێکی لاسارە/ بەرەو رێی مەحاڵم دەبات.

شتێک کەمرۆڤ دەهێڵێتەوە، بوونی هیوایە، هیوا بەو مانایەی نەڕوخێو دۆڕان قبوڵ نەکات، شکستو کارەسات ساردی نەکەنەوە، هەست بەلاوازیو بێدەسەڵاتی خۆی نەکات، لەتاریکترین شەودا هیوای بەهاتنی رۆژێکی نوێ هەبێت. ئەم حاڵەتە تەواو لای رۆشنبیران دەبینرێو تەنانەت ئەو نووسەرانەی خۆیان بەڕەشبینو بێ هیواش دەبینی لەژیان، نووسینەکانیان بۆنی ئومێدی هەر لێدێ. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهەمیشە لەناخی رۆشنبیراندا هیوایەک بەسەرکەوتن هەیەو خۆیان نادەنە دەست دۆڕان. شاعیر هەجوی ئەو کۆمەڵەیەی کردو وایدایە قەڵەم هەر قسەیەو قسەیش ناچێتە گیرفانەوە. ئەوەبوو کورد لەجاران زیاتر پەڕەوازەو سەرگەردان بوو کەسیش بەرگری لێنەکردو لەسەری نەهاتە وەڵام. لەدوای جەنگی جیهانی دووەمو لەبەر ئەنجامی ئەو هەموو کوشتو بڕو خوێنەی لەبەری خەڵکی مەدەنی دنیا رۆیی بەرێککەوتنی زۆرینەی وڵاتانی دنیا لەکۆتایی چلەکانی سەدەی بیستدا رێککەوتننامەی مافی مرۆڤ ئیمزاکراو دواتر هەر لەو ساڵانەدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەمان مەبەستی کۆمەڵەی گەلان دامەزراو دیسان کورد نەلە مافی مرۆڤو نەلە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچی دەست نەکەوتو بەهۆی مۆدێرنەو دەستکەوتە پیشەسازییە خێراکانییەوە، بەرەو قەلاچۆکردن رۆیی. لەدەیەی هەشتاکانیشدا هەم پرۆسەی جینۆسایدی لەدژ بەکارهات، هەم تازەترین چەکی کۆمەڵکوژ واتا (کیمیاوی) لەدژ بەکار هات کەلەچەکە کلاسیکیەکان کوشندە تربوو. لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کە کارەساتەکانی هۆڵۆکۆستو ئاشیوتزی لێکەوتەوە بەقەولی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) کۆی کلتوری ئەوروپا پاش ئاشیوتز، بەڕەخنەی ئۆرژانسی کلتوریشەوە، جگە لەزبڵ شتێکی تر نییە. ئادۆرنۆ پێیوایە مادام مۆدێرنە ئەو کارەساتە گەورەیەی بەرهەمێهێناوەو لەهەناوی خۆیدا بگەڕێت ناچار پەنا بۆ شیعر دەباتو دەیەوێ لەڕێی شیعرەوە ئەوەی دەیەوێ بیدۆزێتەوەو بەخەڵکی بڵێ. لەبیابانێکی تەنگدا/ سەرابێک پەلی کێشامو/ جۆگەلەی لم رژایە ژووری دڵمەوە/تینوێتی رێی لێ ون کردم/لێم گەڕێ با لەپەنای ئەم کەلاوەڕا/ پەڵە هەورێک بەرەو ئەودیو تلکەمەوە،/ باسەرەتایەک بۆ برین،/ مانایەک بۆ دادپەروەری بدۆزمەوە. بەڵام لەبەختی کورد دادپەروەری مانایەکی نەماوەو ئەمەیش لای شاعیر روونو ئاشکرایەو دواتر دەیەوێ بەناڕاستەخۆیی باسی ئەو وڵاتانە بکات کەبۆ مەبەستو مەرامی خۆیان هاوکاری کوردیان کردووەو دواتر کەمەبەستەکەیان هاتۆتەدی پشتیان لەکورد کردووە. ئێمە دەزانین (محەمەد رەزا)ی شای ئێران گەورەترین پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلول بوو تا ئەو شوێنەی بەرژەوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقی (سەدام حسێن)دا نەهاتبووە، بەڵام کاتێک بەرژەوەندییەکانی لەگەڵی هاتەوە ئیتر پشتی لەکورد کردوو سنوورەکانی بەڕوودا داخستو ئەوە روویدا کەبینیمان. بۆیە ئەمە لای شاعیر دەبێتە خەمێکی گەورەو گێنگڵی پێدەدا. پاڵمان بەگزنگەوە دا/ شەپۆلی گەرد ونی کردین!/ پاڵمان بەدوکەڵەوە دا/ گژەبا داگیری کردین.

**ڕەنگە لەمێژووی هاوچەرخی ئێمەدا هیچ ڕووداوێک ئەوەندەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کاریگەری خراپی لەسەر ڕۆحی کۆمەڵی کوردی دروست نەکردبێت، ئەو کارەساتە بەجۆرێک کوردی ترساندووە کەتێستایش نەهاتۆتەوە سەرخۆی**



رەنگە لەمێژووی هاوچەرخی ئێمەدا هیچ رووداوێک ئەوەندەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کاریگەری خراپی لەسەر رۆحی کۆمەڵی کوردی دروست نەکردبێت، ئەو کارەساتە بەجۆرێک کوردی ترساندووە کەتێستایش نەهاتۆتەوە سەرخۆی. لێرەوە ئەو کارەساتە تەنیا شۆڕشی کوردی تووشی نسکۆو تێکشکان نەکردووە، بەڵکو سەرخانو ژێرخانی ئەم وڵاتەی تووشی خوێن بەربوونێکی کوشندە کردووە. لەدوای نسکۆکەوە مۆسیقاو گۆرانیو شانۆو تەواوی رۆشنبیری کوردی تووشی سەرلێشێواویو دڵتەنگییەکی سەیربووە. چەند هونەرمەندێکی ئێمە لەدوای ئەو کارەساتەوە تەواو دامرکانەوەو خۆشیانو هونەریشیان تەواو بوو کەڕەنگە دیارترینی ئەوانە گەورە هونەرمەندان(عەلی مەردانو حسێن عەلیو تاهیر تۆفیق)بن. بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ شیعر رەنگە جۆرێکی تربێت چونکە شیعر وەک هونەری گۆرانی کەمتر رەخسانی زەمینەی دەوێت. بۆیە وەک پێشتریش وتمان گەورەترین داهێنانەکان لەنوێکردنەوەو بەرەو پێشبردنی شیعری کوردیدا لەدەیەی هەشتاکانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول نوسراون. ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەشاعیرانو نووسەرانی ئەو دەم وەک خەمێک لەشیعرو نووسینیان روانیوە نەک وەک ئارەزوویەکی ساتەوەختی. ئەو وەختە دەبوو لەڕێگەی شیعرو نووسینەوە بەرگری لەتەواوی بەها جوانەکانی ژیان بکرایا لەبەردەم هەژموونی داگیرکاریو سەرگەردانکردنی کورددا، کەلەم ناوەدا ئەوەی تەنیا لایەنی مانەوەو بەرگری گرتبێت نەیتوانیوە داهێنان بکاتو ئەوەیشی تەواوی لایەنەکانی بەتایبەت ستاتیکاو تازەکردنەوەی گرتبێت هەڵبەت سەرکەوتووە کە (ڕەفیق سابیر) لەم گروپەی دواییانە. لەشیعری ئەو دەیەیەدا تەواوی هەڵچوونو داچوونو پشێوی شۆڕشو هەناسە سواری کۆمەڵگەی بەرهەمی دۆزینەوەی پرسیار ناسینی خود بووە بەلای مرۆڤەوە. چونکە لەڕێگەی پرسیارەوە وەڵامیشی ناسیوەو ئیتر بەبەردەوامی سۆراخی شتەکانی دەوروبەری کردووەو توانیوێتی کەمو زۆر بگاتە ئەنجامێک. گەورەترین گورزێک مرۆڤی کورد لەخۆیدابێت ئەوەبووە کەپرسیاری لەخۆی نەکردووەو بەشوێن وەڵامیشدا نەگەڕاوە، بگرە رەنگە وەڵامی هەر نەویستبێت، گەر نمونەیەک وەرگرین لەمە تێدەگەین، هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ئەم ناوچەیە تەواوی نەتەوەکانی کردە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیو سەربەخۆو زۆر جار دڕندەیش وەک تورکو عەرەبو فارس بەڵام بۆ کورد هیچی پێنەبوو ئەمەیش سوچی ئایینەکە نییە ئەوەندەی سوچی کوردە وەک کۆمەڵگەو نەتەوەیەک کەپرسیاری لەخۆی نەکردووە بۆچی ئایینی ئیسلام قبوڵ کاتو دەست بەرداری ئایینی پێشتری بێت.؟ نەی پرسیوە بەچوونە سەر ئایینی ئیسلام چی دەست دەکەوێو چیش لەدەست دەدا؟ چی دەباتەوەو چیش دەدۆڕێنێ.؟ هەر کوێرانەو لەترسی عەرەبو نەتەوەکانی تر شوێنی کەوتووەو تائێستایش نەیتوانیوە ئایینی ئیسلام لەبەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ. لەکاتێکدا هەر سێ نەتەوەی سەردەستی کورد (عەرەبو فارسو تورک)یش ئایینیان خستە بەرژەوەندی خۆیانەوەو تائێستایش ئێمەی پێ سەرخۆشو مەست دەکەنو ناهێڵن لەخەوی غەفڵەت بێداربینەوە. لەکاتێکدا ئێستایشو ئەوساش هیچ یەک لەو نەتەوانە لەکورد موسوڵمان ترو خواپەرستتر نەبوون. بەڵام ئەم دۆخی بەستەڵەکە، ئەم نەبوونی پرسیارە لای شاعیر تێک دەشکێتو ئیتر لەخۆی دەپرسێ بۆچی شتەکان وابنو بۆچی ئێمەیش هەروابین.؟ پرسیارکردنی کەترس کوشتوێتی. ئەمەش مانای گەشبینیو لەدەست نەدانی ئومێدو هیوا دەگەیەنێ کەشاعیر هەڵگریەتیو رۆژێک لەرۆژان دەستبەرداری نەبووە. بائەم تەمەنە گوشراوە لەنێو خوناودا بچێنین!/ رۆژەکانمان لەنێو ونبووندا هەڵکەینو/ رۆح بەژیلەمۆ رابێنین. بائەم تەمەنە دۆشراوە/ ساتێک بەگەرداو بچوێنین! لێرەدا گەرداو لای شاعیر ئاماژەیە بۆ پاکبوونەوەو سەر لەنوێ دەستپێکردنەوە، دەست پێکردنەوەیەک کەلەڕەگەوە شتەکان بگۆڕێت. تەمەنی خەڵکی ئێمە هەمووی لەگەڵ یەمەرگو ماندووبوونو قوربانی دانو خوێنو ئاوارەبونو دەربەدەریدا رۆییو ئیتر شاعیر دەیەوێ ئەو ژیانە بگۆڕێت ئەمەیش لەوێوە دێت کەشاعیر دنیای دەرەوەی سنووری وڵاتە وێرانەکەی خۆی بینیوەو لەوە تێگەیشتووە کەلەو دیوی قوربانی دانو خوێن رشتنەوە ژیان جۆرێکی ترە، ئەوە تێگەیشتووە کەژیان تەنیا قوربانی دانو شۆڕشو پێشمەرگایەتیو ئاوارەییو دەربەدەری نییەو دەکرێ خۆشگوزەران بین، بەڵام چۆنو بەچ شێوەیەک، ئەمە پرسیارەکەیە کەشاعیر دەیکاتو بەشوێن وەڵامەکەیدا عەودالە.

لەبەشەکانی پێشوودا لەوە دواین کەئەم قەسیدەیە لەسەر سێ ئاست کاری تێداکراوە، لێرەیشەوە ئەکرێ جارێکیتر ئەو پۆلێن بەندکردنە بێنینەوە بەر باس بەڵام بەجۆرێکیترو کەمێک لەو نزیکتر. سەرەتای قەسیدەکە خۆدواندنێکە لەئێستادا واتا لەدەمی رووداوە پڕ کۆستەکانی ناوەڕاستی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستی رابردوو، لەوێدا وەک وڕێنە کردنێک لەکۆستو کارەساتەکانی کورد دەدوێتو سەرکۆنەی خۆی دەکاتو شەرحی دڵ دەکات. بەڵام دواتر یادەوەری شاعیر دەڕواتەوە بۆ رابردوویەکی دوورو هەموو وێستگە گرنگو پڕ کارەساتەکانی کورد بەسەر دەکاتەوەو دەیان بەستێتەوە بەئێستاوە. لەم بەشەدا گەر بڕیاربێت وەک بەش ببینین مێژوو دەدرێتە بەرنەشتەری رەخنەو شاعیر دەبێتە پزیشکو نەشتەرگەری بۆ ئەو مێژووە خوێناویو کارەساتاوییەی کورد دەکات. لەوێوە دەیەوێ بۆ هەتوانێک بگەڕێت تا برینەکانی پێ سارێژ کات. ئەم رابردووەی شاعیر بۆی دەگەڕێتەوە تەنیا رابردوویەکی خوێناویو پڕشکستەو خۆشیو شادمانی تێدا نییە. رابردوویەکە کورد بوون کەوتۆتە ژێر پرسیارەوەو هەرسێ نەتەوەی داگیر کەری کورد بەهەر شێوەیەک بۆیان کرابێت کوردیان سەرکوت کردووەو لێنەگەڕاون بۆ ساتێک سەر بەرزکاتەوەو بەچوار دەوری خۆیدا بڕوانێتو بزانێت چی لەدنیادا دەگوزەرێت. ئەم گەڕانەوەیەی شاعیر بۆ رابردووی نەتەوەکەی پێچەوانەی تەواوی گەڕانەوەی شاعیرانی ترە بەوەی ئەوان نەتەوەی کوردیان وەک خاوەن گەورەترین شارستانییەت داوەتە قەڵەمو هەرچی باشە بۆ کوردیان گێڕاوەتەوە، لێرەوە شاعیر دەیەوێ کوردبوون وەک ئەوەی کەهەبووە لەڕابردوودا پێشان بدات نەک رتوشی کاتو بەئارایشت بی رازێنێتەوە.■

**لێرەدا شاعیر دەبییتە زمان حاڵی کۆمەڵی کوردیو بۆ ناخی خۆی شۆڕدەبێتەوەو پرسیاری قوڵ دەوروژێنێو خوێنەر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەو لەخۆ پرسین**



تەوەری "ڕەفیق سابیر"

# چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر.. وەرزی ڕچینی وشە



**جەبار سابیر**

**بەشی چوارەم**

فرانسیس فۆکۆیامای بەڕەگەز ژاپۆنی، لەوتاری (کۆتایی مێژوو دوایین مرۆڤ)دا دەنووسێت، کوردو فەلەستینییەکان لەدەرەوەی مێژوون. بەوپێیەی ئەو دوو نەتەوەیە تائێستا نەیان توانیوە، دەوڵەتو کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستکەن. لەڕوانگەی فۆکۆیاماوە مێژوو تەنیا ئەو دەوڵەتو دەسەڵاتانە دروستی دەکەن، کەهەنو ئیرادەیان هەیە. ئەم جۆرە جیهانبینیو دنیابینییەش، بەرئەنجامێکی لۆژیکیانەی خوێندنەوەی دنیاو ڕوداوەکانی دنیایە. هەمیشە مێژوو سەردەستو خاوەن هێزەکان، نووسیویانەتەوەو ژێردەستەکانیش کارێکیان بۆ نەکراوە. لای شاعیریش هەستێکی وا هەیە کەئێمە لەدەرەوەی مێژووینو مێژوو لەپەراوێزی ناوین، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکەی فۆکۆیاما بێت کەمێژوو سەردەستەکان دەینووسنو دروستیدەکەن، ئەوە ئێمەی کورد نەتەوە سەردەستەکانو داگیرکەرانی وڵاتەکەمان نەیان هێشتووە خاوەنی مێژوو کیانی سیاسی بینو وەک ئەوان ئیرادەمان بەهێزبێتو دەسەڵاتمان بەسەر خەڵکی تریشدا هەبێت. هەرچەند ئەمە تەنیا سوچی ئەوان نییەو هەڵەو کەمو کوڕی خۆشمانی تێدایە. ئەم هەستەی شاعیریش بەر لەهەرشت لەوەوە هاتووە کەگەر ئێمە ئەوەندە شارستانیو پێشکەوتووبوین لەڕابردوودا بۆچی لەئێستادا وامان لێهاتووە.؟ ئایا ئەم خۆ بەشت زانینو بەڕابردوویەکی خەیاڵی نازین چی بەئێمە دەبەخشێت.؟ ئایا ئەم نەخۆشی خۆ بەشت زانینو نەرجسییەتە دەردێک نییە لەنەتەوە سەر دەستەکانەوە، بەتایبەت لەعەرەبەوە بۆ ئێمە مابێتەوە.؟ شاعیر دەیەوێ بەم گەڕانەوەیەی بۆ ڕابردوو بەم جۆرە ڕەخنە گرتنە لەڕابردوو ئایندەیەکی نوێ دروستبکات، ئایندەیەک لەسەر ڕابردوویەکی ڕاستو دروست وەستابێت. بەرەو سنوورەکان دەڕۆم/ تاڵەخوێنێک وەکو مار بەدوامدا دەکشێت/ پەڵەهەورێک لەپێیەکانم دەئاڵێت./ بەرەو سنوورەکان دەڕۆم/ باڵام لەسەر دارە بەنێک هەڵدەکۆڵم/ ڕۆحم لەسەر زنارێک. بەڵام گرفتی شاعیر گرفتی دەست پێکردنەوەو تێهەڵچوونەوەیە بۆ چوونە ناو مێژووەوە، بۆ هەرکوێ دەڕواو ڕوو لەهەر کوێ دەکات، تاڵە خوێنو پەڵەهەوری ڕەش کەئاماژەن بۆ دوژمنانی کورد بەشوێنییەوەنو ناهێڵن لەشوێنێک ئارام بگرێتو دەست پێبکاتەوە. دوژمنانی کورد هەمیشە لەدەست پێکردندا داویانە بەسەر کورددداو لەبێشکەدا تاساندویانە، لێنەگەڕاون سەرهەڵبداتو لەهەر کوێ بۆیان کرابێت بەهاوبەشی تەواوی دەرگاو دەروازەکانیان لێگرتووەو چوار دەوریان تەنیوە. ئەمەش لەمێژووی کۆنو هاوچەرخدا هەروایەو نەگۆڕاوە، گەرتا دوێنێ عوسمانی قاجاری کوردیان کوشتبێتو شۆڕشەکانیان دامرکاندبێتەوە ئەوا ئەمڕۆ جێگرەوەکانی ئەوان تورکو عەرەبو فارس ئەو کارە دەکەنو بۆکورد مێژوو هەر لەشوێنی خۆیەتیو هەنگاوێکی نەناوە بەرەو پێشەوە. لەکوێڕا تێهەڵچینەوە؟/ چەند جاری دی/ داستانی جوانەمەرگیمان بچڕینەوە؟/ تا ئاسمان لەنیگاو پێستمان،/ خوێن لەلۆکە/ پەت لەگەردن/ تەم لەلوتکە/ چەقۆ لەزام بکەینەوە! ئەمانە هەموو پرسیارن، پرسیار لەکۆی نەتەوەیەک کەبێدەربەست لەبەردەم قەدەری سەختو دژواریدا وەستاوەو بەدیار مەگی خۆیەوە دۆشداماوەو سەری لێشێواوەو نازانێ چیبکات. پرسیارن لەشۆڕشێک کەسەدەیەک تێپەڕیو بارودۆخی نەتەوەیەکی بۆ نەخرا بەلایەکداو نەتەوەی نەگەیاندە مەنزڵی ئارامیو سەربەخۆیی. ئەم پرسیار کردنەی شاعیر تووڕەبوونی پێوە دیارە تووڕەبوون لەوەی کەبۆهەوڵی گۆڕین نادرێو بۆ نابێت لەم بارودۆخە سەختە قوتاربین. پرسیاری ئەوەی کەئایا هەر دوژمنان دەستیان لەقەتیس مانی کورد لەم بارودۆخەدا هەیە یاخود کورد خۆیشی لەو چارەنووسەدا بەشدارە بەتایبەت شۆڕشو سەرکردەکانی. ئەوەی شاعیری دەردەدار کردووە هەرەسی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردە، شاعیر دەەوێ ئەو ڕازە ئاشکراکات کەبۆچی ئەنجامی تەواوی شۆڕشەکانمان هەرەسەو دیسان دەبێت لەسفرەوە دەست پێبکەینەوە. کورد هەمیشە توانایەکی زۆری لەهەڵگیرسانی شۆڕشدا هەبووە، بەڵام لەنیوەی ڕێداو زۆرجار لەترۆپکی شۆڕشەکەدا کرمی دووبەرەکی تێیداوەو شۆڕەشەکە نەگەیشتۆتە سەرکەوتنو کوردیش نەبۆتە خاوەنی هیچ. چەند جاری دی؟ بەبروسکەدا سەرکەوین بەسووتانا بێینەخوارێ/ باڵامان لەسەر دارەبەن هەڵکۆڵینو/ گەرووومان لەسەر هاوارێ! چەند جاری دی؟/ لەکەرنەڤاڵی هەرەسدا ڕابینەوە./ بەسەر ڕێگای سەربڕیندا بچینەوە!/ چەند جاری دی؟ لێرەدا دەکرێ ئاورێ لەوشەی کەرنەڤاڵ بدەینەوە کەچەند لایەنێک یا چەند گروپێک بەشدار دەبنو دواتر هەموو گروپەکان بەسەرکەوتوویی دەڕۆنەوەو شتێکیان دەست کەوتووە گەر شتەکە مەعنەویش بێت، بەڵام کورد لەو کەرنەڤاڵەدا داوەت دەکرێتو هیچی بەرناکەوێتو دەست بەتاڵ دەگەڕێتەوەو ئەوەی هێناویشێتی لەدەستی داوە.

بەهاتنی تورکەکان بۆ ئەم ناوچەیەی ئێستاو دامەزراندنی خەلافەتی عوسمانی لەساڵی(١٤٥١)داو دواتر دامەزراندنی شانشینی (سەفەوی)و یەکەم شەڕی ئەوانیش لەسەر خاکی کورد لەناوچەی (چاڵدێران) لەساڵی (١٥١٤)دا ئیتر کورد دەچێتە مێژوویەکی زۆر ئاڵۆزو سەرگەردانەوەو شەڕی چاڵدێران بەقازانجی عوسمانییەکان تەواو دەبێتو لەو ڕۆژەوە یەکەمین دابەشکردنی خاکی کوردستان لەنێوان داگیرکەراندا ڕوویداو تائێستایش ئەو دابەشکردنە یەک نەخراوەتەوەو مێژووی هاوچەرخیش بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، ئەو دابەشکردنەی قوڵتر کردەوەو کردییە چوار پارچەو ئەوەندەی تر پرسی کوردی ئاڵۆزتر کردووە. کەچوینە ژێر ئەم کەپرەوە/ هێشتا مێژوو سەرابێک بوو/ ئاشقانی خۆی ون دەکرد./ کوچوینە ناو ئەم هەورەوە/ هێشتا مێژوو بارانێک بوو بەسەر زۆنگاودا دەباری،/ یان نۆکەرێکی خەسیو بوو گەمەی لەگەڵ لەشولاری/ شاژن دەکرد./ هێشتا مێژوو جەنگەڵێک بوو..../ هێشتا مێژوو چڵکی دەست بوو/ مێژوو بێژووی سیاسەت بوو.. ئەم مێژووەی شاعیر سەرکۆنەی دەکات، مێژوویەکە سوڵتانەکانی عوسمانیو شاکانی سەفەویو دواتر قاجاری نووسیویانەتەوە. لەو مێژووەشدا سەرکەوتوو هەر خۆیانو ژێرکەوتووش ئێمەین. ئەو مێژووە پیلانو تەڵەکەبازی لەپشتەو بەوەش دەوترێت سیاسەتو بەبڕوای شاعیریش مێژوو وەک منداڵێکی زۆڵ لەدامێنی سیاسەت بەربۆتەوەو ئەو مێژووەی ئەو دوو دەسەڵاتە سەردەستەی کورد نووسیویانەتەوە زۆڵەو کوڕی شەرعی ئەم سروشتو ململانێیەی ناوچەکە نییە. چونکە بەدرێژایی دەسەڵاتی ڕەشی ئەو دووە کورد هەمیشە هەوڵی خۆیداوە، بۆ دەرچوون لەدیلیو یەخسیری بەڵام ئەوان هەمیشە لەئاست هەستانو بەرخودانەکانی کورددا تەواوی ناکۆکیو شەڕو شۆڕی خۆیان وەلا ناوەو بەهەردووکیان کوردیان سەرکوت کردۆتەوە. ڕەنگە دیارترینی ئەو ڕاپەڕینو شۆڕشانەی کورد کە هەردوو دەسەڵاتی عوسمانیو قاجاری سەرکوتیان کردبێت بەهاوبەشی، شۆڕشی بەدرخانییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزەدەو شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ساڵانی هەشتاکانی هەمان سەدەبێت.

جارێکیتر یادەوەری شاعیر سەردەکاتەوە بەتوناتونەکانی مێژووداو دەچێتەوە ئەو قۆناغانەی کە داگیرکەرانی کورد بۆ حەڵاڵکردنی خوێنیو ڕەوابوونی سەرکوتکردنی دەیان ناوو ناتۆرەی نابەجێیان لێناوەو بەهەرچی بۆیان کرابێت لێیانداوە. گومانەکانی شاعیر ئەوەندە زۆرن خەیاڵ دەرەقەتیان نایاو خۆبەخۆ دەکەوێتە خۆدواندنو دەیەوێ سەرەدوایێکی دەستکەوێت لەبارەی کوشتنو ڕاوەدوونانی. خەیاڵی شاعیر دەچێتەوە بۆ ڕۆژانێک کەدەسەڵاتە سەردەستەکانی کورد ڕەشبگیریان دەکردو هەڵیان دەکوتایە سەر ئاوایەکانی کوردو خەڵکیان وەدەردەناو هەرچی بیانویستایا دەیانبرد. ئەم نەریتەی داگیرکەران لەسەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی پێشوودا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەتەواوی گوندەکانی کوردستاندا پەیڕەودەکراو فەوجێک سەربازو جاشی بەردەدایە گوندەکانو بەزەبری تفەنگ خەڵکەکەی لەماڵ وەدەر دەناو لەشوێنێک خڕیدەکردنەوەو دواتر سەربازو جاشەکانی بەردەدایە گیانی ماڵەکانو هەرچی بیانوویستایە دەیانبرد. ئەمەش تەنیا بەبیانوی ئەوەی کەڕەنگە پێشمەرگە لەو ماڵانەدا خۆیان شاردبێتەوە. ئەم جۆرە ڕەفتارە داگیرکارانەیە تەنیا بۆ چاوترساندنو سەرکوتکردنی خەڵکی کورد دەکراو ڕژێم خۆیشی ئەوەی دەزانی کەپێشمەرگە لەو ماڵانەدا خۆیان ناشارنەوە. هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕە پڕکوێرەوەرییانەی نەتەوەی کورد لەلایەن شاعیرەوە هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر مێژوویەک کەڕەنگە بیرچێتەوە. ئەمەش بۆئەوەی پێشانی خەڵکی کوردو شۆڕشەکەی بدات کەسەرباری ئەم زوڵمەی داگیرکەرانیش ئێوە هێشتا ناتوانن پێکەوە هەڵکەنو دەست لەشەڕی نێوخۆ هەڵگرن. چونکە دواتر شەڕی نێوخۆ دەداتە بەر تیری ڕەخنەی شاعیرانەی خۆی. ئەو شەڕەی ئاسەواری هەرماوەو وەک تارماییەک هەمیشە بەشوێن مانەوەیەو ڕەنگە قوتار نەبین لێی. بەتایبەت لەساڵانی هەشتاکاندا تاسەردەمی شاڵاوی ئەنفال تەواوی حزبە کوردییەکان شەڕیانبوو خوێنی سەدان پێشمەرگە بەدەستی پێشمەرگە ڕژانو لەم لایشەوە سەدام چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد. لەپاڵ ئەم هەڵەمووتەدا/ بەسەر کرێوەو زناردا هەنگاو دەنێم/ لەسەر لەپی دەستەکانم نهێنی خۆی دەکاتەوە/ بروسکەیەک تەڕم دەکات/ دەمکات بەنسێی بەر باران/ ڕەشبگیری هەڵمدەبڕێت/ بەزەبری شەق دەمکات بەچەتە،/ گۆڕ هەڵکەن/ ڕێگر/ حوشتر خۆرکە.... دەمکات بەهاوجووتی تاوان! شاعیر هەستەکات ڕەگی هەموو داگیرکاریو کورد کوژییەک لەئایینی ئیسلامەوە چۆتە ناخی عەرەب بەتایبەتی و تورک بەگشتیو ئەم کۆمەڵکوژیو ڕەشبگیرانەی ئەم سەردەمە بەکۆمەڵکوژیو ڕەشبگیرەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ئەم ناوچەیە دەچوێنێو پێیوایە ئەوە هەمان (قەعقاعو ئەبا عوبێدەو نوعمانی کوڕی مونزیر)ەکانن دیسانەوە لەم سەردەمەشدا زیندوو بوونەتەوەو بەناوی (عەلیو بارقو ئەسوەد)ەوە هاتوونەتەوە بۆ گیانی کورد. هەر ئەوانن هاتوون بەناوی ئیسلامو خوداپەرستییەوە سەرانەو زەکات وەردەگرنو کام کچەی جوانە بۆخۆیانی زەوت دەکەن. لێرەیشەوە پرسیاری ئەوە لای شاعیر دروست دەبێت کەئایا ئەنفال شتێکی تازەیە لەمێژووی تاڵانیو ڕەشبگیریو کورد کوژی کلتوری عەرەبدا یاخود زۆر دێرینەو دیاری هاتنی ئایینی ئیسلامە بۆ ناوچەکە کەبۆ کوردیان هێناوە. چونکە ئەنفالی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستو ئەوەی سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام تەواو وەک یەکنو تەنیا جیاوازی لەجلوبەرگو چەکو چۆڵی بکەرەکانیاندا هەیە کەئەوان قەڵغانو ڕم تیرو شمشێریان پێبووەو بەسواری حوشترو ئەسپەوە هاتوونو ئەمانەی ئێستایش واتا ساتی نووسینی شیعرەکە تازەترین چەکو چۆڵی مۆدێرنیان پێیەو بەسواری نوێترین ئۆتۆمبیلی سەربازی هاتوونو جوانترینو خاوێنرتین جلوبەرگیشیان لەبەردایە. ئەنجامی هەر دووکیشیان لەناوبردنی ڕەگەزی کوردەوەو سڕینەوەیەتی لەسەر لاپەڕەی مێژوو، هەڵبەت ئەو مێژووەی کەئەوانی عەرەب ویستوویانە.

شاعیر هەستەکات ڕەگی هەموو داگیرکاریو کورد کوژییەک لەئایینی ئیسلامەوە چۆتە ناخی عەرەب بەتایبەتی و تورک بەگشتیو ئەم کۆمەڵکوژیو ڕەشبگیرانەی ئەم سەردەمە بەکۆمەڵکوژیو ڕەشبگیرەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ئەم ناوچەیە دەچوێنێ



ئەمانە کێن بەم ناوەختە/ خەو لەچاوی ئاواییو منداڵان دەدزن/ کۆرپە لەئامێزی دایکو ماچ لەلێوی دڵدار دەدزن/ بەقەڵغانو شمشێرەوە بەری دەرکەیان پێ گرتووین/ بۆ باج/ زەکات/ تاڵان/ هاتوونەوە/ بەدووەکانن شاکچانمان زەوت دەکەن،/ بەربەریستانن بۆ دوانوێژ خڕبوونەوە. (ئیدوارد سەعید) دەڵێ: ئەوەی شارەزای مێژوو نەبێ دووبارەی دەکاتەوە. لەبەرامبەردا (نوام چۆمسکی)ش دەڵێ: ئەوەی شارەزای مێژووش بێت هەر دووبارەی دەکاتەوە. ئەم دوو ڕستەیە دوو گەورە بیرمەندی سەدەی پێشوو ئێستایش لەسەر دیکتاتۆریەتی سەدام کردویانەو هەردووکیشیان ڕاست بۆی چوون. سەعید پێیوایە ئەوە نەشارەزایی مێژوو بوو سەدامی کردە دیکتاتۆر بەوەی چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی نەخوێندۆتەوەو ئاگای لێیان نییە. لای چۆمسکیش ئەوەی شارەزای مێژوو بێت هەر دووبارەی دەکاتەوە، ئەو پێیوایە سەدام مێژوو دیکتاتۆرەکانو چارەنوسیشیانی زانیوەو خوێندۆتەوە، بەڵام ویستویەتی لاسایی ئەوان کاتەوەو پێیوابووە ئەم وەک ئەوان نییەو سەرکەوتوو دەبێت. لای شاعیریش تێکەڵییەک هەیە، کەنازانێ خەوە یا تراویلکە، سەردەمەکان تێکەڵبوونو مێژوو خۆی دووبارە کردۆتەوە. شاعیر نازانێ لەم سەردەمەدا دەژی یاخود لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا بۆ ئەم ناوچەیە. شاعیر دەیەوێ ئەوە بڵێ کەئەو سەردەمە بەهۆی نەبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو داخرانی کۆمەڵگەکانەوە دنیا ئاگای لەم کۆمەڵکوژییەی کورد نەبووە بۆیە کەس بەهانامانەوە نەهاتووە، بەڵام خۆ لەئێستادا چرکە بەچرکە زانیارییەکان دەگاتە تەواوی گۆشەکانی دنیا ئایا بۆچی کەس بەهانامانەوە نایات.؟ دیارە دنیا گەلەکۆمەکی لەکورد کردووەو دەیەوێ وەک وێڵداش فڕێیداتە دەرەوەی مێژوو.

لێرەوە شاعیر پرسیارێک ئاراستەی کۆی کلتوری داگیرکاری نەتەوە سەردەستەکانی کورد دەکات، کلتورێک کەلانیکەم نەیتوانیوە ڕێگری بکات لەدڕندەیی دەسەڵاتەکانیان، ئەوە ڕاستە خەڵکو حکومەتەکان یاخود دەسەڵاتەکان دوو شتی جیاوازنو مەرج نییە لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ڕژێمو حکومەتەکاندا خەڵکو نەتەوەکانیش دیکتاتۆرو دڕندەبن. لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین، نەتەوەو حکومەتە دیکتاتۆرەکان نەخەینە یەک تای تەرازووەوە، بەڵام لەوشوێنەوەی کەبەدرێژایی چەندین سەدە ڕۆژێک نەتەوە لەحکومەتو دەسەڵاتەکانی ناپرسێت بۆچی میللەتێک قڕدەکەنو بەو جۆرە دەیان چەوسێننەوە ئیتر لێرەوە خەڵکەکەیش لەگەڵ حکومەتەکاندا دەبنە هاوبەشی تاوانو دەکرێ بڵێین ئەوە ڕۆحی شەڕخوازانەی نەتەوەی عەرەب بوو سەدامی خستە سەر کەڵکەڵەی قڕکردنی نەتەوەی کوردو شاڵاوی ئەنفالی کردە سەرمانو نوێترین چەکی کۆمەڵکوژی لەسەرمان تاقیکردەوە. ئەم هەستە کۆییەی عەرەبو داگیرکارانی کوردیش بەگشتی یەک شتی لەپشتەوەیە ئەویش بینینەوەی سەروەریو سەرداری خۆیان لەپشت قڕکردنو کوشتنی ئێمەوە. ئەو نەتەوە سەردەستانەی کورد لەشەڕیان لەگەڵ تەواوی دوژمنەکانی تریاندا دۆڕاونو تەنیا کورد ماوە کەوەک دوژمنێک لەبەرامبەر خۆیاندا ببیننو ئەوەی بۆیان دەکرێ پێیبکەن. لێرەوە ئەو هەستەیش دروستدەبێت لای ئەوی داگیرکەر بەوەی هەمیشە منی کورد لێنەگەڕاوم ئەو لەدوژمنەکانی تری بەرێتەوەو بەسەریاندا سەرکەوێت. ئەو هەستە وا لەوی دوژمن دەکات قینی خۆی بەمنی کورد بڕێژێ. چونکە ئەو پێیوایە ئەوە منی کوردە کەهەمیشە خەنجەری ژاراوی دەکات بەپشتیدا لەکاتێکدا ئەوی عەرەب یاخود تورک لەشەڕدایە لەگەڵ دوژمنێکی گەورەتر کەئەو دیسان بەدوژمنی منیشی دەزانێو دەیەوێ بڵێ من بەرگری لەتۆ دەکەمو تۆیش لەپشتەوە خەنجەری ژاراویم لەپشت ڕۆدەکەی. ئەمە بەتایبەت لەساڵانی شەڕی عێراق ئێراندا کەئەم شیعرەی تێدانووسراوە وابوو، سەدام بەسەرکردایەتی کوردی وتبوو ئێوە لەئێستادا شەڕمان مەکەنو مەبنە خەنجەری ژاراوی لەپشتمان بدەن چونکە ئێمە لەگەڵ ئێراندا لەشەڕداین کەدوژمنی سەرسەختی هەردووکمانە. لەلایەکی تریشەوە شارستانییەتی ئەو نەتەوە سەردەستانەی کورد یەک پارچە لەسەر ئێسکو پروسکی کورد بنیاتنراوەو ئەوان هەمیشە ئایندەو شارستانیو سەروەری خۆیان لەنەمانی ئێمەدا بینیوەتەوەو پێیان وابووە نەمانو ملکەچی ئێمە مانای مانو سەربەرزی ئەوان دەگەیەنێت. بۆ تائێستاش،/ ئایندەو سەروەری خۆتان لە هەڵواسینما دەبینن!؟/ بۆ تائێستاش،/ شارستانیو مێژووی خۆتان لە دیلییەتیما دەبینن!؟ لێرەدا قسەکردنی شاعیر بەشێوازی تاک مانای بوونی شاعیر بەزمان حاڵی خەڵک، ئەوە تەنیا منی شاعیر نییە لەو کاتەدا قسەدەکات بەڵکو منی هەموو نەتەوەی کوردە. شاعیر لەوەختی هەڵڕشتنی گرو کفی ناخیدا خۆی بیردەچێتەوەو بەناوی نەتەوەیەکەوە دەپەیڤێت. ئەمەش پێویستی بەمۆڵەت وەرگرتن نییەو شاعیر بەشاعیرییەتی خۆی گەیشتۆتە ئەو پلەیەی کەبەناوی نەتەوەیەکەوە قسەبکاتو ببێتە زمانحاڵی ژانو ئازارەکانی ئەوان■

جارێکیتر یادەوەری شاعیر سەردەکاتەوە بەتوناتونەکانی مێژووداو دەچێتەوە ئەو قۆناغانەی کە داگیرکەرانی کورد بۆ حەڵاڵکردنی خوێنیو ڕەوابوونی سەرکوتکردنی دەیان ناوو ناتۆرەی نابەجێیان لێناوەو بەهەرچی بۆیان کرابێت لێیانداوە

### تەوەری "رەفیق سابیر"

# چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر.. وەرزی رچینی وشە

**جەبار سابیر**
**بەشی پێنجەم‌و کۆتایی**

لێرەدا شاعیر لەوە دەپرسێ کەئەو نەوەیە واتا نەوەی شاعیر یا هاوتەمەنانی شاعیر یادەکرێ بڵێین مرۆڤی هاوچەرخی کورد کاتێک هاتۆتە سەر نیشتمان‌و وڵاتەکەی زۆر درەنگ بووەو هەموو شتەکان تێپەڕیون‌و ئەم واتا ئێمەی کورد فریای هیچ ناکەوین‌و بەو ئێوارە درەنگە ناتوانین تەنانەت لەدەرگای ماڵە دراوسێیەکیش بدەین، چ جای ئەوەی دراوسێکانمان ئەوەندە خراپبن. ئەم دەیەوێ بڵێ ئێمە بەسەر کۆست‌و کارەساتدا هاتوین‌و گەر شتێکیش قەوماوە ئەوە سوچی ئێمە نییەو دەبوو پێشتر رێگەی لێگیرابا. ئەم قسەکردنەی شاعیر خۆدزینەوە نییە لەمەسەلەکان ئەوەندەی هەستکردنە بەبەرپرسیارێتی، هەستکردنێک کەپێیوایە دەبوو زوو بهاتایەو لێنەگەڕابا ئەو هەموو کارەساتە رووبدەن، ئەوکاتێک هاتووە وڵات کراوەتە چوار لەتەوەو کەس بەری پێنەگرتووە، کاتێک هاتووە نیشتمان بۆتە خوانێک‌و



هەرچی داگیرکەرە لەسەری دەلەوەڕێن‌و رێگە نادەن ئەم ئێسکەکانیش بکرێنێتەوە. لێرەدا ناوهێنانی ئێوارە لای شاعیر ئاماژەیە بۆ درەنگ بوونی کات‌و تێپەڕینی ئەوەی کەدەبوو بکرایا، هەمیشە ئینسان کەبەرنامەیەک بۆ کارکردنی خۆی دادەنێ لەسپێدەیەکی زووەوە دەست پێدەکات بەخاتری ئەوەی بۆ ئێوارە تەواو بێت‌و کارەکەی مەیسەر بووبێت، بەڵام کاتێک ئینسان ئێوارە دەست بەکارێک دەکات یاخود ناچارە ئێوارە دەست پێبکات چوون لەئێوارەدا گەیشتووە ئەوەیا کارەکەی بۆ ناکرێت یاخود نیوە ناچڵ بۆی دەکرێت. **ئێوارە بوو/ کاتێک هاتین ئەم زەمانە/ لەجەنگەڵدا داگیرسابوو/ بەسەر کێڵ‌و منارەدا هەڵواسرابوو/ کاتێک هاتین ئەم زەمانە/ قامچی دەستی زۆرداران بوو/ کاڵای بازاڕی سەرمایەو/ دەسکەلای دەستی تاوان بوو/ کاتێک هاتین/ ئێوارە بوو!** جارێکیتر شاعیر دەیەوێ داخی دڵی بەئیسلام‌و ئەو هەستە ناسیونالیستییە عەرەبییە برێژێ کەبەناوی ئیسلام‌و بەپشتی ئیسلام‌و بەپەنا بردن بۆ سوورەتێکی قورئانی پیرۆز کوردیان ئەنفال کردو خوێن‌و ماڵیان حەڵاڵکرد. ئەم هەستەی شاعیر لەوێوە دێت کەگەر ئیسلام لەهەناوی خۆیدا قرکردنی نەتەوەیەکی هەڵنەگرتووە بۆچی

لەیەک میلیار زیاتر ئیسلام لەخەڵکی گۆی زەوی کەسێک نەهات بەپشت بەستن بەسوورەتەکانی قورئان بەرگری لەم نەتەوە بەدبەختە بکات‌و لێنەگەڕێ زیندەبەچاڵ بکەن؟ ئەو بیانووە لای شاعیر پولێکی قەڵب ناهێنێ کەدەڵێ ئەوەی ئەنفالی کرد ئیسلام نەبوو بەڵکو بەناوی ئیسلامەوە کردی. ئێمە دەزانین کەبەناوی

[redacted]

ئیسلامەوە کردی‌و ئیسلام نەبوو بەڵام پرسەکە لەوێوە سەر هەڵدەدات بۆ کەسێک بەناوی ئیسلامەوە بەرگری لەکورد نەکرد؟ بۆ کەسێک نەیوت ئەم نەتەوەیە موسوڵمانەو لانی کەم لەژێر ناوی ئەنفال‌و بەناوی کافربوونەوە مەیان کوژن؟ لەگەرمەی کوشت‌و بڕو سووتان‌و هەڵقرچانی وڵاتدا هەستی پان کوردستانی لەناخی شاعیردا سەرهەڵدەدات، هەستێک کەتەواوی پارچەکانی کوردستان لەسەر نەخشەی

شیعر دەکاتەوە یەک‌و شیوەن بۆ هەمووی دەکات. ئەوانەی کوردستانیان دابەشکرد رەنگە زیرەکترین‌و بەسەلیقەترین ئەندازیارەکانی دنیا بن‌و باشترین کۆلیژەکانی فاشیستی‌و رەگەزپەرستیان تەواوکردبێت. دابەشکردنی کوردستان ئەوەندە زیرەکانە نەخشەی بۆ کێشراوە کە کارێکی زۆر ئەستمە تەواوی کوردستان لەساتەوەختێکی مێژوویدا رزگار کرێت‌و یەک بگرێتەوە. گرێدانەوەیە چوار پارچەی لێکترازاو دابەشکراوو داگیرکراوی نیشتمانێک رەنگە تەنیا لەمەملەکەتی شیعردا جێگەی بێتەوەو هەر شاعیر بتوانێ لەخەیاڵیدا ئەو مەملەکەتە گرێبداتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەمیشە ئەم هەستە پان کوردستانییە، ئەم خەمە بۆ کوردستانی گەورە لەکاتی لێقەومان‌و سەرگەردان بوونی ئێمەدا دێتەوە جوگرافیای خەیاڵمان‌و لەکاتی تردا ئەوەی بیری لێنەکەینەوە چوار پارچەی کوردستانە. شاڵاوی ئەنفال‌و هەرەسی شێنەیی مادی‌و مەعنەوی شۆڕشی کورد لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا وەک گەردەلولێک شاعیر دەهێنێتەوە وڵات‌و لەیەک کاتدا دەیباتە وان‌و قامیشلۆو مەهابادو سلێمانی. لەسلێمانیشدا بۆ قەڵادزە کەزێدی شاعیرەو لێرەشدا ئەو هەستە

نۆستالیژییەی شاعیر دەبینینەوە بۆ زێدەکەی. ئەم گەردەلولە ئەوەندە بەتین‌و تاوە تەواوی خۆشی‌و بەختەوەرییەکانی مەنفا لەبیر شاعیر دەباتەوەو دەیهێنێتەوە نیشتمانەکەی کەدۆزەخێکی راستەقینەیە. شاعیر پێیوایە **لەکەلاوەیەکدایەو چوار دەوری بەگورک گیراوەو هەمووشی دانی لێجیڕدەکەنەوە.**

**لەکەرنەڤالی سووتاندا/ رێژنە هەڵم دەکاتەوە/ مەنفام لەبیر دەباتەوە،/ بەرەو بەردەقارەمان‌و، سلێمانی‌و/ مەهابادو/ گۆمی وان‌و/ کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە/ رێژنە هەڵم دەکاتەوە/ قۆڵەکانم دەکات بەکەپری تورەیی،/ بەبروسکە دەمشواتەوە.**

بەدرێژایی مێژووی بەشەری ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە وەک جەنگەڵ وابووەو هەمیشە لەجەنگەڵیشدا بەهێز سەردارەو بێ هێز دەبێت لەناوبچێت. یاسای جەنگەڵ دەڵێ: شێر حاکمەو باقی زیندەوەرەکانی تریش نۆکەری ئەون‌و کەی برسی بوو دەیانخوات‌و رەوایشە. چوون ئەو شێرەو سەروەری دارستانە. ئەوەی گەواهی ئەم راستییەشە هاتن‌و دەرکەوتنی هەموو پەیامبەرو ئایینەکانە لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا کەهەموویان لەدوو توێیاندا ریفۆرمی کۆمەڵایەتییان پێیەو هەڵگری خەمی ئینسانی گەورەن‌و مەیلێکی هێومانیستیان تێدایە. شەڕو شۆڕی دنیا تائێستایش لەم ناوچەیەوە دەگوازرێتەوە تەواوی ناوچەکانی دنیا. هەرچی بێ هێزیشە کەوتۆتە بەر چنگ‌و چەپۆکی بەهێزەکان‌و ئیتر وەک پێشتر وتمان ئەم ناوچەیە دارستانەو لەدارستانیشیدا گورگ‌و شێرو پڵنگ‌و گیاندارە بەهێزەکان حاکمن‌و بێ هێزەکانیش یا دەبێ نۆکەربن یاخود دەخورێن. لێرەدا ئێمەی کورد لەم جەنگەڵەدا نۆکەریمان رەتکردۆتەوەو کەئەوەشمان رەتکردەوە مانای وایە دەبێت یا بەرگری بکەین یا بخورێین‌و وەک دەبینین خورایشین‌و تائێستایش پرۆسەی خورانمان لەلایەن ئەوانی داگیرکەرەوە بەردەوامە. هەر لەو هاتنەوەیەی شاعیرەوە بۆ نیشتمانەکەی تەواوی بیروباوەڕەکانی پێشتری دەگۆڕێت کەوەک کەسێکی مارکسیستی‌و مرۆڤ دۆست بیری کردۆتەوە، بیروباوەڕەکانی کتومت دەبنە بیروباوەڕی داگیرکەرەکانی‌و لێرەیشدا رەنگە هەق

بدەینە شاعیر بەوەی کە وەک چۆن دوژمنەکەی رقی لەمەو وەک مرۆڤ نای خوێنێتەوە ئەمیش رقی لەدوژمنەکەی بێت‌و لەخانەی مرۆڤ بوون وەدەری نێت. ئەمیش وەک ئەوی داگیرکەر پێیوایە لەجەنگەڵدا بەخوێن هەق وەردەگیرێت‌و گەر بتەوێت داگیرکەرەکەت دان بەمافەکانتا بنێت دەبێت وەک ئەو درندەو خوێن رێژ بێت دەنا بەشخوراو خوێن رژاو دەبێت. **کاکە چەکەکەت لەشان کە!/ مێژوو، شارستانی، جەنگەڵ، ئیمپریالیزم، بیابان، تۆرانیزم، عروبە،/ پان ئێرانیزم، سنوور، پۆلیس، پترۆ دۆلار،/ زەمانە گوللە باران کە!** ئەمی شاعیر بەهۆی عروبەی عەرەبەو رقی لەبیابانەو بەهۆی تۆرانیزمەوە کەئایدیای رەگەزپەرستی تورکە رقی لەتورکەو بەهۆی مەیلی پان ئێرانیزمەوە کەلەخۆیدا کورد دەتوێنێتەوە رقی لەئەوی ئێرانییە. بەهۆی هەموو ئەمانەیشەوە رقی لەتەواوی شارستانییەت‌و دۆلارو نەوت‌و پۆلیس‌و زەمانەیەکە کەئەمی وەک بەرخی ساوا لەبەردەم گورگی برسیدا داناوەو لەحاڵی ناپرسێتەوە. شاعیر کاتێک رقی لەشارستانییەتە کەتەواوی دەستکەوتە زانستی‌و تەکنۆلۆژیەکانی خستۆتە بەردەم داگیرکەرانی کوردو ئەوانیش بۆ مەبەستی قڕکردنی کورد سوودی لێوەردەگرن. لێرەشدا دیسانەوە دەکرێ بگەڕێنەوە سەر قسەکەی ئادۆرنۆ کە دەڵێ: لەدوای هۆڵۆکۆستەوە تەواوی کلتوری ئێمە دەبێتە زبڵ. بۆچوونی شاعیر وایە کە لەدوای قڕکردنی کوردەوە تەواوی کلتوری وڵاتانی سەردەستی کوردو کلتوری جیهانی شارستانی‌و پێشکەوتووش دەبێتە زبڵ‌و شایانی گوللە بارانکردنە. **کاکە چەکەکەت لەشان کە!/ لەجەنگەڵدا/ بەخوێن مەسڵەتی خوێن دەکرێت!/ کاکە چەکەکەت لەشان کە!/ لەجەنگەڵدا/ بەزەبری چەک، مەچەک/ بەلۆژیکی جەنگەڵ هەق دەسێندرێت!/ کاکە چەکەکەت...../ کاکە!** ئیتر شاعیر لەحەوسەڵەیدا نامێنێ مامەڵەی مرۆڤدۆستی لەگەڵ دوژمنێکدا بکات کەبەلۆژیکی جەنگەڵ کاردەکات. ئەم پێیوایە ئەوی دوژمن نیشتمانی کوردی هەڵگرتووەو نیشتمانیش وەک دایکەو لێرەیشدا دوژمن دایکی ئەمی کوردی هەڵگرتووەو (مەسڵەت) یاخود ئاشتبوونەوە لەگەڵ دوژمنێکدا کەپیرۆزترین شتی ئەمی ئەتککردوە کەدایکە تەنیا بەخوێن دەکرێ‌و دەبێت بەخوێن وەڵامی ئەو دوژمنە بدرێتەوە.

شاعیر بەوەوە ناوەستێت تەنیا سەرکۆنەی دوژمن بکات، بەڵکو پێیوایە ماکی دواکەوتن‌و بەهیچ نەبوونی ئەم نەتەوەی کوردە شەڕی کورد کوژییەو لێرە بەدوا بەچڕی لەو رۆحە شەڕانگێزەی کورد دواوە لەگەڵ خودی خۆیدا، ئەو دەیەوێ ئەوە بزانێت کەکام دوژمن بوو کوردی گەیاندە شەڕی براکوژی‌و بۆچی کورد بەفیکەی ئەو دوژمنە هەڵپەڕیوەو

[redacted]

تائێستایش هەر هەڵدەپەڕێت. پێشتر ئەوەمان وت کەدەیەی هەشتاکانی سەدەی پێشوو تەواوی لایەنە سیاسییەکانی شۆڕشی کورد لەهەولێکی چڕوپڕو خوێناویدا بوون بۆ سڕینەوەی شوێنەواری یەکتر کەدواجار سڕینەوەی کوردی بەدوادادێت. هەڵگیرساندنی شەڕی کورد کوژی تەواوی دوژمنانی کوردی لەپیشتەوەیەو ئەوەی بەکوردی دەکەن شەڕی خۆیانە، بەڵام دوژمنانی کورد بەلۆژیکی تا مقاش هەبێت دەستی خۆم ناسووتێنم کاریان کردووەو کوردیان وەک مقاشێک بەکارهێناوە لەم ناوەشدا کورد هەم وەک ناوخۆی زیانی

لێکەوتووەو بەوەی کەشۆڕشەکانی تووشی هەرەس‌و داڕمان بوون هەم لەسەر ئاستی دەرەکیش زیانی لێکەوتووە بەوەی کەهەمیشە لەگەڵ دوژمنەکانیدا هیچی پێنەکراوەو بەدۆڕاوی گەڕاوەتەوە. لەم ناوەشدا رۆژێک لەرۆژان کورد لەخۆی نەپرسیوە بۆچی وادەکەم‌و بەرژەوەندی ئێمە لەکوێی ئەم شەڕە دۆڕاوانەدایە؟ کورد هەرگیز لەخۆی نەپرسیوە چی لەم شەڕانە دەستکەوتووە؟ نیوسەدەیە شەڕی براکوژی بەردەوامەو کورد جگە لەزیان قازانجێکی نەکردووە. ئەم شاعیری تورە کردووەو بەقوڵی رۆچۆتە ناخی خۆیەوەو دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵهێنجێ کە **ئێمە چیمان لەو شەڕە داوە. ئێمە چیمان لەزەماوەندی جەجاڵ‌و گورگ داوە؟/ بۆچی لەم کاروان سەرایە/ رەشماڵی زاممان هەڵداوە؟/ هەموویان سەروەری خۆیان لەهەڵواسینما دەبینن/ هەموویان سێرەم لێدەگرن/ بوونی خۆیان لەنەبوونمدا دەبینن.** شاعیر پرسیاری ئەوە دەکات کەئێمە بۆ لەزەماوەندی گورگ‌و جەجاڵدا هەڵپەڕین‌و سەرچۆپی کێش بین؟ ئێمە بۆچی لێرەین لەکاتێکدا ئەوان بوون‌و مانی خۆیان لەنەمانی ئێمەدا دەبین، ئێمە بۆچی لێرەین کەئەوان سێرەمان لێدەگرن‌و سەروەری‌و سەرداری خۆیان لەکوشتن‌و هەڵوسینی ئێمەی کورددا دەبینن. ئەمە پرسیارێکی جەوهەری قوڵە کەرۆژێک لەرۆژان لەگەرمەی شەڕی براکوژیدا هیچ سەرکردەیەکی کورد لەخۆی نەکردووەو نەیوستووە بزانێت بۆچی لەزەماوەندی دوژمنانیدا ئەم سەرچۆپی کێش ببێت. ئاخر ئێمە دەزانین بەدرێژایی ساڵانی شەڕی براکوژی دوژمنانی کورد زەماوەندیان بووەو لەدوورەوە بەئێمە پێکەنیون‌و چاوەڕوانی ئەوەبوون چی زووترە یەکتر تەواو کەین‌و ئیتر ئەوان خۆیان لەشەڕی ئێمەدا ماندوونەکەن. دواتر لەسەر زاری مناڵێکەوە زیاتر قێزەونی‌و بێ ئەنجامی ئەو شەڕە دەردەخات مناڵێک کەباوکی کوژراوەو پێیوایە پێشمەرگە باوکی کوشتووە، ئیتر گرنگ نییە سەر بەکام لایەنە لای ئەوی مناڵ پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیەو لایەن‌و لایەن کاری ناخوێنرێتەوە. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە شاعیر هەم مناڵ وەک هێمایەک بۆ نەوەی داهاتوو یاخود بۆ داهاتووی وڵات دەبینێ‌و دەیەوێ لەم رێگەیەوە ئەوە بڵێت کەئیتر مناڵان یاخود نەوەی داهاتوو شەڕی براکوژی قبوڵ ناکەن‌و لای ئەوان پێشمەرگەو شۆڕش هەر یەکن‌و نابنە دوان‌و سیان. ئەم وێنەیەی شاعیر لێرەدا بەکامێرای شیعری وێنەی گرتووە رەنگە لەشیعری شاعیرانی تریشدا هەبن کە لەو ساڵانەدا بۆ قێزەون کردنی شەڕی ناوخۆ نوسیویانە بەتایبەت شێرکۆ بێکەس لەدەربەندی پەپولەدا هەمان وێنەی بەجۆرێکی تر گرتووە کەرەنگە ئەمەی شێرکۆش هێندەی ئەوەی رەفیق سابیر جوان‌و قوڵبێت لەرووی ستاتیکای شیعرییەوە، بەڵام ئەمەی رەفیق سابیر جوانییەکەی لەوەدایە کەپێش ئەم کەسی تر بەو جۆرە شەڕی ناوخۆی وێنە نەگرتووە بەتایبەت لەو ساڵانەدا زۆر شاعیر ئاگری شەڕی براکوژییان گەرم دەکرد. **ئەوێ شەوێ بەشەکەتی لەشارەوە گەڕاینەوە. کرێوە رێی لێ ون کردین،/ برسێتی بەرەو بناری هەڵی گرتین. بەقۆنداغی چەکەکانمان، بەپاژنە پێی قوڕاویمان دەرگای کەوێڵێکان کوتا. مناڵێکی رووتەو پێخاوس، قژ هەنگوینی دەرگاکەی لێکردینەوەو قیژاندی!/ پیاو کوژینە!/ ئێوە نەبوون بابو کوشتم؟/ لەسەر چی بوو/ بابو کوشتم؟!/ پیاو کوژینە!/ مناڵێکی سوورەی چاوشین، قژ هەنگوینی، نەیناسین‌و وەدەرینایین،/**

**بەدەم هەنسکی ژانەوە، چەند جنێوێکی پێداین جنگە تفێکی تێگرتین./ مناڵێکی سوورەی چاوشین، رووتەو پێخاوس نەمانزانی/ کوڕی کام کەڵە پێشمەرگەی جوانەمەرگە..../ نەمانزانی/ بۆچی/ باوکیمان کوشتبوو؟!/ بەڵام بەڕاست ئێمە باوکیمان/ کوشتبوو؟!** هاواری ئەو مناڵە کەلەناخی شاعیردایە شاعیر تووشی شۆک‌و حەپەسان دەکات‌و بەتوڕەیی لەخۆی دەپرسێ ئێمە باوکیمان کوشتبوو. ئەمی شاعیر جارێکی تر لەخۆی دەپرسێتەوە کێ ئەم شەڕەی کردۆتە تەوقێک‌و لەملی کوردی کردووە. **کێ ئەم گرەی لە نێو رۆحمدا کردەوە؟/ کێ بەخوێنم بنارەکانی شوشتەوە؟!/ خەونە کاڵەکانمی دزی‌و/ زامەکانمی بەنیشانە داگرتەوە؟ کێ بەخوێنم بنارەکانی شوشتەوە؟** لای شێرکۆ بێکەس ئەم وێنەیە جۆرێکی ترەو دەیەوێ لەرێگەی ژنێکەوە وێنەکەمان پیشانبدات کەسەری براوی مێردەکەی پێشانی کۆمەڵە پێشمەرگەیەک دەدات‌و پێیان دەڵێ **بۆچی هاتن چیماوە تا بۆی بێن تفەنگتان بۆ خۆتان شۆڕشتان بۆ خۆتان کوردستان بۆ خۆتان، چی ماوە تابۆی بێن.** (بڕوانە شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپولە) لێرەدا ئەم دوو وێنەیە هەریەکەو لەگۆشەیەکەوە قێزەونی شەڕی کورد بەکوردیان گرتووە، بەڵام وەک پێشتر وتمان ئەمەی رەفیق سابیر چوار ساڵ پێش شیرکۆ بێکەس نوسراوە.

شاعیر لەکۆتایی ئەم شیعرەدا مەنەلۆژەکەی چڕتر دەکاتەوەو خێراتر لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێ‌و ئەو سەمفۆنیایەش کەڕیتمی شیعرەکەی لەسەر وەستاوە بەرەو تەواو بوون دەچێت‌و خێراتر دەگاتە گوێ. شاعیر ئەو دڵدارەی کە لەبەرامبەر خۆیدا دایناوەو خودی وڵاتەکەیەتی‌و دەهێنێتەوە بەر زەین‌و هەموو رووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوەو ئەوەیشی پێدەڵێ کەمێژوو جەنگەڵە، کەدەبوو ئەمیش بەدەستی پێشمەرگەیەکی رووتەڵە بکوژرایا بەڵام رێکەوت نەیهێشتووە. خەمی سەرەکی شاعیریش هەر ئەوەیە ئەم کەرنەڤاڵە تەواو بێت‌و ئەمیش تەنیا جێدەمێنێ‌و دواتر وەک رەبییەکی تەپیوی لێدێت، یاخود دەبێت بەتەنیا شوشەی بۆش کۆکاتەوەو هیچی پێنەبرێت. سەرلەبەری ئەم قەسیدەیەو شیوەنە بۆ نەتەوەی کورد، ئەو نەتەوەیەی لەزەلکاوی نەزانین‌و شەڕی خێڵ‌و براکوژیدا جێماوەو وەک گەمییەکی کون تێبوو نازانێ کەی گەرداوو زریان لەدەریادا نوقمی دەکەن. کێش‌و ئاوازو رێتم‌و ئاهەنگێک لەم شیعرەدا بەکارهاتووە، کتومت هاوارو فوغانی کوردە لەو دە ساڵەی ئەم شیعرەی تێدا نووسراوە. سەختترین ساڵانی کورد ئەو دە ساڵەی دەیەی هەشتابوون. کوردستان یەکپارچە بەخاک‌و خەڵکییەوە دەسووتاو دوژمن هەر چوار دەوری تەنیبویین‌و کورد خۆیشی بەر ببووە گیانی خۆی‌و بەڕاست‌و چەپ‌و چاک‌و خراپ یەکتریان دەکوشت. بەڵام ئەوەی هەست پێدەکرێ کۆتایی شیعرەکە هیواو ئومێدێک بەئایندە لەخۆیدا هەڵدەگرێ‌و گەشبینی شاعیر پیشاندەدا لەسەر کەوتن‌و مانەوەی نەتەوەکەی. **ئیمشەو هاتووم لەپاڵ پشکۆی بەر باراندا/ بۆ دیدەی پیرۆزەییت گۆرانی لاساری دەچڕم/ لەنێو سەگوەڕو تاواندا/ بۆ بەرۆکت چەپکێک ئەستێرە دادەگرم/ لەسەر تاوێری تینوێتی روخساری خۆم هەڵدەکۆڵم/ رێ بەرێژنەو لافاو دەگرم/ بەرەو لات دێم/ چەپکێک ئەستێرە دادەگرم/ سەرم دەکەم بەکەژاوەی نهێنییەکان/ ئاڵای بروسکە هەڵدەبڕم/ لەبیابانی سەهۆڵدا/ لەنێوان هاژەو شەپۆلدا/ چرایەک بەبەژنی _ با _ دا هەڵدەواسم/ لەگەڵ تۆدا!/ رێی نەهات دەبڕم■**

سەرەتای دو هەزارو حەفت تا
سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٠٧

jabarsabir@hotmail.com

### هونەرمەندو شاعیری فارس، ئەفشین شاهرودی بۆ (رەخنەی چاودێر):

# شیعری لاوکی هەڵەبجەی رەفیق سابیر، لەئێراندا ناسراوەو زۆربەی ئەهلی ئەدەبیاتی وڵاتەکەم رەفیق سابیر بەو کتێبەوە دەناسن

ئا: مەریوان هەڵەبجەیی

**بەشی حەوتەمو کۆتایی**

گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرو وێنەگرو نووسەرو مامۆستای زانکۆی تاران ئەفشین شاهرودی لەدوو ساڵی رابدرووەوە تا ئێستا لەسەر چەندین تەوەری وەک شیعر، وێنە، گرافیک، مێژووی هونەری وێنەگری لەئێرانداو پەیوەندی تەکنەلۆژیاو وێنەو کاریگەری بیری پۆست مۆدێرنیزم لەسەر هونەرو جیهانی بوون. بەردەوامەو بەهۆی بەرفراوانی تەوەرەکانی گفتوگۆکەمانو قسەکردن لەسەر رەوتەکانی شیعرو وێنەگری لەئێرانی کۆنو ئەمڕۆداو شێوازی وانەوتنەوەو پەیوەندی نێوان بەشە هونەرییە جیاوازەکان بڕیارماندا گفتوگۆکەمان درێژە پێبدەینو ئامادەی بکەین بۆ کتێبێک. ئەوەی لەم حەوت بەشەی رەخنەی چاودێردا بڵاوکرایەوە بەشێکی زۆر کەمی ئەو کتێبەیە کە هیوادارم کتێبەکە لەچەند مانگی ئایندەدا بتوانرێت بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز.

**رەخنەی چاودێر: لەوەڵامی یەکێک لەپرسیارەکانی پێشوودا باسی ئەوەتکرد کە شیعری نوێی ئێران نەیتوانی لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێرانداو لەساڵی ١٩٧٩ دا ببێتە دروشمی ناو جەماوەر، مەبەستت ئەوەیە شیعر ئەبێت لەڕووداوە سیاسییەکانو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا ئامادە بێتو رۆڵی راستەوخۆی هەبێت؟ ئەگەر وا بێت پێتوانییە شیعر لەئەرکو کاری سەرەکی خۆی دووردەکەوێتەوە؟**

ئەفشین شاهرودی: بەهیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نەبووە، ئەگەر دەڵێم شیعر لەناو دروشمەکانی خەڵکی ئێراندا لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا نەبوو، شیعری هاوچەرخ لەو رۆژگارانەداو لەناو دروشمەکاندا نەبینرا، مەبەستم ئەوەیە لەکاتی شۆڕشدا رەوتە رۆشنبیرییەکانی چەند دەیەی پێشووی ئێران ئامادەبوونیان نەبوو. ماهیەتی شۆڕشەکەش بەجۆرێ بوو کە نەیدەتوانی زۆر لەو رەوتانە لەناوخۆیدا قبوڵ بکات.

لەماوەی دوو سێ دەیەی دواییەدا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سنوورداریێتیە سیاسییەکاندا هاتوونو هەروەها بەرفراوانبوونی دونیای مەجازی ئینتەرنێت کە بووەتە هۆی دروستبوونی پێناسەیەکی نوی بۆ مرۆڤو کۆمەڵگە، ئیدی پێوەرەکانی شیعری کۆمەڵایەتیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر سەردەمانێک پرسگەلێکی وەک هەژاری، قەحتی، برسێتیو شەڕ، بەرەنجو ئازارگەلی گەورەی مرۆیی دادەنرا، ئەمڕۆ بەهۆی زۆربوونی ژمارەی خەڵکو باقوبریقی پڕوپاگەندەو بێگانەییو پرسگەلێکی هاوشێوەی ئەوانەو بەکێشەگەلی بونایدی مرۆڤ دادەنرا. هێندە بەسە سەرێک لەسۆپەرماکێتەکان بدەیتو سەیری جۆشو خرۆشو مەیلی خەڵک ببینی بۆ کڕین، هێندە بەسەر سەیرێکی دەوروبەری خۆت بکەیتو سەیری شێوازە جۆراوجۆرەکانی پڕوپاگەندە بکەیت، کە لەشارستانییەتی شاری ئەمڕۆدا بۆ داگیرکردنی سنوورەکانی ئەندێشەدا کە بەردەوام شاڵاو دێنن بۆ ئێمە.

هێندە بەسە سەیری خەڵک بکەیت کە هەموو رۆژێ لەرستورانەکاندا دەڵێی لەپێشبڕکێیەکی بەردەواندا خۆیان وەک گەنجینەیەک پڕدەکەن لەخۆراک. ئەمانە نیشانەگەلێکە کە دەلالەتە لەوەی پێناسەیەکی نوێ بۆ مرۆڤو کۆمەڵگەو هونەرو شیعر، خراوەتەڕوو. بۆ نمونە سەردەمێک شیعری شاندورپتوفی Shanforpetofi شاعیری شۆڕشگێڕی مەجەری کە لەتەمەنی ٢٦ ساڵیداو لەبەرەی خەباتو شەڕدا لەرێگای ئامانجەکانیدا کوژرا، لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا بەیەکێک لەسمبولەکانو نموونەکانی شیعری شۆڕشگێڕانە دادەنرا. لەئێرانیشدا سەردەمانێک خەسرەوی گوڵسورخی هەمان رۆڵی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیە گەورەو بەرفراوانەکانی دوو سێ دەیەی دواییەدا، پێوەرەکان گۆڕاون. لەوێنەگریشدا نمونەگەلێکی وامان هەیە، بۆ نمونە سەردەمێک کارەکانی وێنەگرانێکی گەورەی وەک سباستیائۆسالگادۆ Sabastiaosalgado کە کاری لەسەر بابەتگەلێکی وەک قەحتیو برسێتی مرۆڤ لەئەفریقا، کرێکارانی کانە خەڵوزەکان لەبەرازیل دەکرد، یان وێنەگرانێکی وەک دانادماکالین Donaldmccullin کە بەجوانترینو رەوانترین شێوە، کاری لەسەر بێڕەحمیەکانو ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکرد لەشەڕە گەورەکاندا، لەسەرتاسەری دونیادا، هەر لەبەیروتەوە تا دەگاتە بنگلادشو بیافراو هیندو چینو ئایرلەندا، بەڵگە گەلێکی وێنەیی راچڵەکێنەری لەتاوانەکانی مرۆڤ بەرامبەر بەمرۆڤ ئامادە کردووە. بەپێشڕەو سەردەستەی وێنەگری کۆمەڵایەتیو مرۆڤگەرا دادەنرێت لەدونیادا، بەڵام لەئەمڕۆدا وێنەگرانێکی وەک مارتین پار Martinparr دەرکەوتنو بەپێچەوانەی چەند دەیەی رابردووەوە لەبری کارکردن لەسەر پرسەکانی هەژاریو شەڕو خوێنڕشتنو قەحتیو برسێتی، پێناسەیەکی تازەیان لەمرۆڤو مرۆڤگەرایی لەوێنەکانی خۆیاندا خستووەتەڕوو. کاری ئەم وێنەگرانە بەمانای ئەوە نییە کە پشتیان کردوەتە رەنجو ئازارەکانی مرۆڤ، بەڵکو بەمانای تێڕوانینێکی نوێ دێت بۆ خەبات لەبەرامبەر ئەوانەدا. ئەم وێنەگرانە لەناو گۆڕانکارییە رۆشنبیرییەکانی دونیای پۆست مۆدێرنیتەدا گەشەیان کردووەو دەرکەوتوونو تێڕوانینێکی تر بۆ پرسە مرۆییو کۆمەڵایەتییەکان نیشانی ئێمە دەدەن.

لەگەڵ ئەو پێناسە نوێیەی کە لەدوو سێ دەیەی رابردودا بۆ مرۆڤو مرۆڤگرایی هاتۆتە ئاراوەو دوا بەدوای ئەو گۆڕانکارییە بەرفراوانانەی کە لەگەڵ بەرفراوانبوونو گەشەی دونیای مەجازو ئینتەرنێتداو لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانداو لەئاکامیشداو لەڕەفتارە سیاسیەکانداو لەئاستی دونیادا دروستبووە.

ئیدی مانای زۆر وشەی وەک ئیستیعمارو، خەباتو شۆڕشو دوژمن گۆڕاوەو رەوشەکانی رابردو ئیدی وەڵامدەرەوەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم راستییانەدا نییە. ئەبێ ئەمڕۆ چاوەڕوانی ئەوە بین کە رەوتە فکرییەکان زیاتر لەکارگەلێکی وەک شەڕو پێکدادانو لەگۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکاندا رۆڵ ببینن.

رەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیەش بێت کە لەرووداوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمڕۆی ئێراندا گوێمان لەدروشمگەلێکی زۆر بوو کە رەگوریشەی لەناو ئەدەبیاتی نوێو شیعری ئەمڕۆدایە. زۆربەی دروشمەکانی ئەم دواییانەی ئێران لەشیعری شاعیرە هاوچەرخەکانەوە وەرگیرابوو.

**رەخنەی چاودێر: تا چەند ئاگاداری ئەدەبیاتی کوردیتو رات چییە لەسەری؟ پێتوایە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی دەتوانێت بچێتە ناو ئەدەبیاتی جیهانییەوە یا بەمانایەکی تر دەتوانێت لەناو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی دونیادا خۆی پیشانبداتو قسەیەکی بۆکردن هەبێت؟**

ئەفشین شاهرودی: ئاشنایی من لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردی سنووورە بەو دوو سێ ساڵەی دواییەوە کە توانیومە لەیانزەهەمینو سیانزەیەمین فێستیڤاڵی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژدا ئامادەبمو لەو ماوەیەشدا دوو پیشانگای وێنەی وێنەگرانی ئێرانیم لەسلێمانی بەڕێوەبردووەو هەریەک لەوانە دەرفەتگەلێکی باش بوون بۆ من، کە ئاشنابم لەگەڵ هونەرو ئەدەبیاتی ئێوەدا.

دیارە لەپێش ئەوەشەوە لەڕێگای ئەو وەرگێڕانانەوە، کە لەبەرهەمی کەسانێکی وەک (شێرکۆ بێکەس، رەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، شێرزاد حەسەن، فەرهاد پیربال) ئەنجام دراوەو کرابوو بەفارسی، ئاشناییەکی سنوردارم لەگەڵ ئەدەبیاتی ئێوەدا هەبوو. بەڵام بەشداریکردن لەم دوو ساڵەی فێستیڤاڵەداو بەڕێوەبردنی دوو پێشانگای کەباسمکرد، ئەو دەرفەتەی دایە من لەنزیکەوە لەگەڵ ئەم شاعیرو نووسەرە گەورانەو زۆر کەسی تردا ئاشنابم.

دەربڕیو نیشاندەری پەیوەندی قوڵو جیانەبوەوەی نێوان سروشتو سەرکێشیو مرۆڤی سەربڵندە. پەیوەندییەکی وا دیارو بەرچاو تایبەتمەندی ئەو بەدەوییەتەیە کە هونەری ئەمڕۆ دووبارە رووی تێکردوەتەوە.

مرۆڤی ئەمڕۆ لەسروشتی رەسەنی خۆی دوورکەوتۆتەوەو هونەریش لەهەڵوێستێکی حەقکەرەوەداو وەک بەرپەرچدەرەوەیەک سەرنجێکی تایبەتی هەیە بۆ رەسەنایەتیە بەدەوییەکان، لەبەرئەوە ئەم تایبەتمەندی ئەدەبایتی کوردی دەتوانێت رێگاو شوێنی دەرکەوتنو خۆنیشاندانی هەبێت، بەڵام ئەبێت ئاگاداربین ئەم بەرپرسیارێتییە بۆ ئەوانی دی نییە کە دەنگی ئێمەو پەیامی ئێمە ببیستن، بەڵکو ئەرکو بەرپرسیارێتی خودی ئێمەیە کە دەنگمان بگەیەنین بەئەوانی دی.

دەسەڵاتی زمان لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، مرۆڤ سەنتەریو گەورەیی مرۆڤ بەگشتی لەشیعری رەفیق سابیردا، لایەنە دەرونشیکارییەکان لەبەرهەمەکانی شێرزاد حەسەندا، تواناو ئینرجی لەزۆر لەکاری شاعیرانو نووسەرە لاوەکانی کورددا دەبیندرێت، کە من لەدوو ساڵی ئامادەبوونم لە فێستیڤاڵی گەلاوێژدا دیومەو زۆر پرسی تر لەئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردستاندا کە من ئاگاداریان نیم، ناتوانرێت لەبەرچاو نەگیرێت. شیعری لاوکی هەڵەبجەی رەفیق سابیر لەئێراندا ناسراوەو زۆربەی ئەهلی ئەدەبیاتی وڵاتەکەم رەفیق سابیر بەو کتێبەوە دەناسن. لەبەرهەمی هەموو ئەو کەسە گەورانەدا بەدەوییەتو رەسەنایەتی مرۆڤگەلێکی ئازارچەشتوو دەبیندرێتو لەمسدەکرێت. دکتۆر محەمەد سەنعەتی دەروونشیکارو رەخنەگری هونەری بەناوبانگی ئێرانی راڤەیەکی دەروونشیکارانەی قوڵی لەسەر رۆمانی "حەسارو سەگەکانی باوکم" بەرهەمی شێرزاد حەسەن نووسیوە، کە بەڕای من ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە ئەو رۆمانە بەرهەمێکی بە بایەخە، رۆمانێک کە بەڕای من کاری لەسەر خستنەڕووی یەکێک لەپرسە بونیادییەکان لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا، کە کۆمەڵگەی ئێوەش بەدەر نییە لەوە، پەیوەندی نێوان باوکەکانو کوڕەکانو بەمانایەکی تر نەوەی نوێو نەوەی کۆن.

پەیوەندییەک کە بەدرێژایی مێژوو بووەتە هۆی ئەوەی هەر حکومەتێک کە لەو چەشنە کۆمەڵگەیانەدا دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، هەموو کارو بەرهەمی ئەوانەی پێش خۆی لەناوبردووەو، بەم شێوەیە هەموو دەسکەوتەکانی هەر نەوەیەک لەگەڵ هاتنی نەوەی نوێدا لەدەستچووەو هەموو شتێک لەسەرەتاوە دەستیپێکردوەتەوە، ئەو شتەی کە بەردەوام لەزۆربەی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا دووبارە دەبێتەوەو رێگرە لەپاراستنی دەسکەوتەکانو بەگەڕخستنی ئەزموونەکانی پێشوو کاملکردنیانو هەر ئەمانەش لەئاکامدا بووەتە هۆی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگایانە. ■

**■ دەسەڵاتی زمان لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، مرۆڤ سەنتەریو گەورەیی مرۆڤ بەگشتی لەشیعری رەفیق سابیردا، لایەنە دەرونشیکارییەکان لەبەرهەمەکانی شێرزاد حەسەندا، تواناو ئینرجی لەزۆر لەکاری شاعیرانو نووسەرە لاوەکانی کورددا دەبیندرێت، کە من لەدوو ساڵی ئامادەبوونم لە فێستیڤاڵی گەلاوێژدا دیومەو زۆر پرسی تر لەئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردستاندا کە من ئاگاداریان نیم، ناتوانرێت لەبەرچاو نەگیرێت**



رەفیق سابرو ئەفشین شاهرودی لەگفتوگۆیەکی دۆستانەدا — فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی



٦٠

ئەمرۆ باران باری
بەبێ چەتر
لەماڵ رۆشتمە دەرەوە
ئەمشەویش
مەرزیە دەگری
لێوەکانیشم تەڕە



دوێنێ شەو
ماڵەوە بویە تۆفان
مەرزیە بە پەنجە تۆفانییەکان
ئاوەکانی لەناوبرد
دەریا تابەیانی هاتە سەردەوو
مانگ و بیرو باخچەکەی هەڵلوشی
من ئەمرۆ
لەبن دەریادامو
قژم تەڕە